# لاوان

44

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی
ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا
سەرماوەزی ۲۷۱۱ی کوردی (۱۳۹۰)
دەوری دووهەم، سالی یازدەیەم

- کۆمەڵگای مەدەنی
- بەناوبانگترین وێنەی جیهانی فیزیک: وانەی ژیان
- دڵۆپێک لە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران
- کوردەکان و لە ژێرپێ نانی مافەکانیان
- دیسکۆرسی مافەکانی مرۆڤ
- پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان بە ناوی ئایین

فایلی ژمارە

## پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان دا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# به بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان و هاتنی
# ساڵی ٢٠١٢ی زایینی،

پیرۆزبایی گەرمی خۆمان لە هەموو خاڵکی کوردستان و پێشمەرگە خۆشەویست و گیان لەسەر دەستەکانی کوردستان دەکەین و ئاواتە خوازین کە ساڵی نوێی زایینی ببێتە ساڵێکی پڕ لە خێرو بەرەکەت و خۆشی و هەوێنی یەکگرتن و پێکەوە ژیان بۆ هەموو خەڵکی جیهان بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی.

بە هیوای وەدیی هاتنی ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان!

هیواداریین ٢٠١٢ ساڵی سەربەخۆیی کورد و کوردستان بێ!

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژماره: ٤٤
سەرماوەزی ٢٧١١ی کوردی (١٣٩٠)، بەرامبەر بە دسامبری ٢٠١١ی زایینی

لاوان

دەوری دووهەم، ساڵی یازدەهەم
یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا

# پێرست

سەروتار.......................................... ل٢
**فایل:**
پێناسەی ماف و مافی مرۆڤ........................ل٤
پێشێلکاری مافی مرۆڤ...........................ل٦
دابەش کردنی دەسەڵات یان دیکتاتۆری.............ل٩
دیسکۆرسی مافی مرۆڤ و.........................ل١٢
بە بۆنەی دەست بەکاربوونی ئەحمەد ..............ل١٤
کوردەکان و لە ژێر پێنانی.........................ل١٩
بەسەرهاتی نەبراوەی کۆژرانی.......................ل٢١
دلۆپەیەک لە جینایەتەکانی کۆماری................ل٢٤
مافی کەمایەتی و قەومییەتییەکان لە پەیمان........ل٢٦
سزای ئێعدام لە ئاستی نێو دەوڵەتی ...............ل٣٤
**گشتی:**
کورتەیەک لە ژیانی شۆڕشگێڕانەی ............ل٣٦
ئەو خەنچانەی کە پێش پشکووتن.................ل٣٩
پاییزی غەم.......................................ل٤٠
مەتەڵۆکەی مردنی هیتلێر..........................ل٤١
کۆمەڵگای مەدەنی...............................ل٤٣
جۆجیتسۆ.........................................ل٤٥
نالی شاعیر........................................ل٤٧
سێ کورتە چیرۆک................................ل٥٢
چریکە............................................ل٥٣
کەونە Z..........................................ل٥٤
بەناوبانگترین وێنەی جیهانی فیزیا.................ل٥٨
ئایدز..............................................ل٥٩
ژن لە کۆمەڵگای پیاو سالاری.......................ل٦١
وانەی ژیان........................................ل٦٢
کورتەیەک لە سەر شانۆ..........................ل٦٤
**کاروچالاکی لاوان**:.................................٦٣

خاوەن ئیمتیاز:
یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**سەرنووسەر:**
سەید جەلال سالحی
Email:jalalsalehi@yahoo.com

**دەستەی نووسەران:**
عەبدوڵڵا عەبدوڵڵاپوور
هەژیر عەبدوڵڵا پوور
سیروان موسا پوور،
وریا ساڵح زادە
تەها ڕەحیمی

**بەرگ:**
ئەیوب شەهابی راد

**دیزاینی ناوەوە:**
ئازاد محەممەدزادە

**تایپ:**
سیامەند شێخەپوور

بۆ پێوەندی زیاتر بە لاوانەوە:
Email: mansur_samar@yaho.com
٠٠٩٦٤٧٧٠١٩٥٦٩٢١

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەڕانە بکەن:
WWW.lawan.com و WWW.lawan.com/farsi

پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تۆ بڵێی ٢٠١٢ مزگێنی خۆشی بۆ کورد پێ نەبێ؟!

لە ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ بەم لاوە کە خەبات دژی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی دەستی پێ کرد، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاڵ و گۆڕێکی قووڵی بەخۆوە بینی بە تایبەت لە یەک ساڵی ڕابردوودا کە ئەو شنە بای ئازادی‌یەی کە بە بەهاری عەرەبیش بەناوبانگە، دژی حکوومەتە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکان هەڵی کردووە کۆشکی دەسەڵاتدارانی هێناوەتە لەرزەو وەکی دەبینین حکوومەتەکەی قەزافی لە لیبی و هی حوسنی موبارەکیشی لە میسر تێکەوە پێچاو داوێنی زۆر وڵاتی دیکەشی گرتۆتەوە وەک تونس، سووریە و ... هتد. زیاتر لە حەوت مانگە کە خەڵکی سووریە دژی بەشار ئەسەدی دیکتاتۆر هاتوونەتە سەر شەقامەکان و دەستیان داوەتە خۆپیشاندان، ئەویش زۆر بێ‌ڕەحم و بێ‌بەزەیی‌یانە لێیان قەتڵ و عام دەکا و دەکوژێ کە لەو ماوەدا زیاتر لە پێنج هەزار کەسی کوشتوە. دیکتاتۆرێک کە تا ئێستاش حازر نەبووە بە بەشێک لە خەڵکەکەی بە ناوی کورد کە ١٨ لەسەدی دانیشتوانی وڵاتەکەی پێک دێنێ، ناسنامە بدا، واتە حەشیمەتی جیهان کە خۆی لە حەوت ملیارد داوە، بێ ئەو کوردە بێ‌ناسنامانە بوو.

وڵاتێکی دیکەی جێی سەرنجی زیاتری ناوچە و جیهانیش کە هەر لە کاتی هاتنەسەرکاریەوە دەستی لە هیچ جۆرە جینایەتێکی نامرۆڤانە نەپاراستووە، وڵاتی ئاخوندسالاری ئێرانە. وڵاتێک کە چارەنووسی نە بۆ خەڵکەکەی خۆی، بەڵکوو بۆ جیهان بە گشتی گەلێک گرینگە، چونکە:

ـــ سەرچاوەی دەسەڵاتەکەی دێموکراتیک نیە(دیارە بە داخەوە هیچ کام لەو وڵاتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، دێموکراتیک نین).

ـــ ئیمکانی کەرەسەی بیروڕای گشتی بە شێوەیەکی ئازاد و ئاشکرا نیە.

ـــ ئیمکانی بەشداری سیاسیی بۆ هەموو گرووپ و کەمایەتی‌یەکان دابین نەکراوە و تەنیا شیعەیە کە هەموو کارەی وڵاتن و کەمایەتی‌یەکانی دیکەی وەک کوردو عەرەب و بەلووچ و ... هتد، هیچ ڕۆڵێکیان لە داڕشتن و بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی وڵاتدا نیە.

ـــ بنیات و ئەنجوومەن گەلێکی سەربەخۆ بۆ پشتیوانی لە ماف و ئازدی تاکەکان و ئەنجوومەنەکان نیە.

ـــ زۆرێک لە بەرژەوەندی و هۆگری و بایەخەکان لەبەرچاو نەگیراون.

ـــ بایەخ و ئاکارەکان نەگۆڕو بێ مەرجن و ئایدۆلۆژییەکی تایبەت بەسەر کۆمەڵگادا حاکم و باڵادەستە.

ـــ ئازادی‌یە بنەڕەتی‌یەکانی وەک ئازادی بیروڕا دەربڕین و ئەنجوومەن و قەڵەم و چاپەمەنی‌یەکان لەبەرچاو نەگیراوەو ناگیرێ.

بوونی قەیرانە زۆرو هەمیشەیی‌یەکان لە نیشانە بەرچاوەکانی سیستەمە نادێموکراتیکەکانە. ئەم قەیرانانەش تەنیا یەک ڕێگا چارەیان هەیە، ئەویش مل دان بۆ دێمۆکراسی و مافەکانی مرۆڤ و پابەندبوون بە هەموو پێداویستی و ئاسەوارە زاتی‌یەکانی، کە ئەمەش لە سیستمی دەسەڵاتی دەسەڵاتدارانی وڵات گەلێکی وەک ئێران، سووریە، تورکیە و تەنانەت ئێراقیش کە بەناو ئازاد کراوە، ناوەشێتەوەو دەستەبەر نابێ. بە شێوەیەکی گشتی دەوڵەتی ئایدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی بەو خوو و ڕەوشتانەی وەک نەبوونی پلۆڕالیزمی فکری، داخرانی سیاسی یان ئۆلیگارشی لەسەر بنەمای ئاخوندسالاری، سنووردداربوونی توانایی بەشداری و پێک نەهێنانی ڕێکخراو و حیزبە فەرمی‌یەکان، برەوپێدانی کۆمەڵگای جەماوەری بە جێگای کۆمەڵگای مەدەنی، لاوازی بەسیستەم بوون لە شێوازو ئاکارە سیاسی‌یەکان، سیستمی ڕەوایی کاریزماتیک و سوننەتی، زاڵ بوونی کولتووری سیاسیی ڕۆمانتیکی بایەخی ـــ عاتفی لەسەر بنەمای جۆرێک پاتریمۆنیالیزمی(سلطانیزم) سیاسی، پشێوی و ئاڵۆزی تێکەوتن لە پرۆسەی پێوەندی‌یەکان لەگەڵ سیستمی نێونەتەوەیی‌دا شانسێکی ئەوتۆی بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی بنەڕەتی و ئاشتەوایی قەیرانە زۆرو ئاڵۆزە نێوخۆیی و دەرەکی‌یەکان نەماوەو نیە. کەواتە کۆماری ئیسلامیش دەبێ بارگەوبنەی وەپێچێ و بڕوا، چونکە ئەو جۆرە حکومەتانە نە وەڵام دەرەوەی پرسە نێونەتەوەیی‌یەکانن و نە تازە دەشتوانن ویست و داخوازی خەڵکەکەیان دابین بکەن. بەپێی ئەو گریمان و لێک دانەوانە هەنگاو هەڵێنانەوە لە ڕێگای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەری کێشەی فەلەستین و هەروەها چارەسەری ئاشتیانەی خەڵکی باشووری سوودان لە ساڵی ٢٠١١دا دەتوانێت ڕێ خۆشکەرێک بێ بۆ ئەوەی گەلی کوردیش بە مافە ڕەواکانی لە ساڵی ٢٠١٢دا بگات.

**سەرنووسەر**

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## فایلی ژمارە؛

# پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا













کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێناسەی ماف و مافی مرۆڤ



ئا: عەبدوڵڵا عەبدوڵڵاپوور(چیا)

**ماف:**

وشەی ماف Droit لە زمانی فەرەنسی، Right لە زمانی ئینگلیزی، Recht لە زمانی ئاڵمانی و Dirritio لە زمانی ئیتالیایی و هتد. وەک خوازە(میتافۆر) یان شێوەیەکی ئەندازیاری‌یە کە واتایەکی ئاکاری و دوایی یاسایی بەخۆوە گرتووە. Le Droit واتە هێڵێکی ڕاست لە بەرامبەر هێڵ گەلێکی چەماوە بە واتایەکی دروستتر، ڕاشکاوی و ڕاستی و یەک ڕوویی لە پەیوەندی‌یە مرۆییەکاندا بەکار دێت.(١)

لە زمانی چینی‌دا وشەی مافیان بە «دەسەڵات»(Power - Quan) وەرگێراوەتەوە کە لەوانەیە مەبەستیان لەو وتەیە بێت کە «دەسەڵات مافت دەداتێ»یە کە وتەیەکە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا باوە.

سەبارەت بە ماف پێناسەیەکی گشتگیر کە هەموو زاناکان لەسەری کۆک بن بوونی نیە چونکە ئەم وشەیە لە شوێنێکەوە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی‌تر دەگۆڕێت لە هەندێک شوێن لەوانەیە ڕێساو بنەمایەکی تایبەت بە ماف بدرێ و بەڵام هەر لەو کاتەدا هەمان ڕێساو بنەما لە شوێنێکی‌تر بە ماف نەزاندرێ. بەڵام «دوکتور خامۆش عومەر عەبدوڵڵا» مامۆستای زانکۆ ئاوا پێناسەی ماف دەکات.

«ماف بریتی‌یە لەو پێگە یاسایی‌یەی کە بە خاوەنەکەی دەدرێت بە هۆی دەست بەسەر داگرتنی ئەو شتەوە لە بەرامبەر خەڵکێکی‌تر».(٢)

**پێناسەی مافی مرۆڤ**

سەبارەت بە پێناسەی مافی مرۆڤ زانایانی بواری یاسایی جیهان بە گشتی لەسەر پێناسەیەک ساغ نەبوونەتەوە، چونکە بەڕاستی قسە کردن سەبارەت بە مافی مرۆڤ کارێکی ئاسان نیە.

پێناسەی مافی مرۆڤ لە ڕووی ئەدەبی‌یەوە:

مافی مرۆڤ لە ڕووی ئەدەبی‌یەوە واتە «Renquan» یانی «دەسەڵاتی مرۆڤ» بەم هۆیە وڵاتە کۆمۆنیستەکان و وڵاتە دیکتاتۆرەکان مافی مرۆڤیان بە

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەرەشەیەک لەسەر دەسەڵاتی خۆیان دەزانی و دەزانن.

پرۆفیسۆر «هۆی فیلد» ئاوا پێناسەی مافی مرۆڤ دەکات:

مافی مرۆڤ بریتی‌یە لە:

١) بوونی شتێکە کە تاک لەبەرامبەر کەسێکی‌تردا شایانیەتی.

٢) کەسێک بە مەبەستی پاراستنی لە لایەن یاساوە شایانیەتی.

٣) ئیمتیاز(جیاوک).

٤) دەسەڵات بە مەبەستی پێوەندی یاسایی.

بەشێکی‌تر لە توێژەرانی یاسایی ئاوا پێناسەی مافی مرۆڤیان کردوە: «دەتوانین بڵێین مافی مرۆڤ و ئازادی‌یەکان، هەبوونی بەرژەوەندییەکن کە لە ڕێگای بایەخە پەسەندکراوە هاوچەرخەکانەوە، تەواوی مرۆڤەکان بتوانن دوای بکەون و ئەم مافە بنەڕەتیانە سروشتین. بە واتایەکی‌تر، هەموو تاکەکان لەم ڕووەوە کە مرۆڤن ئەم مافانەیان هەیە و هیچ پەیوەندی بە وڵات، ئایین، ڕەگەز، و نەتەوەوە نیە».(٣)

هەروەها لە پێناسەیەکی دیکەدا خالید شێخ ئەحمەد بەم شیوەیە پێناسەی کردوە: «مافەکانی مرۆڤ بە سەرجەمی ئەو یاساو ڕێ و شوێنانە دەگوترێ کە دەبێ دەوڵەت بە گوێرەی ئەوان هەڵس و کەوت لەگەڵ تاکەکەس و دەستەو تاقمە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگا بکات. بە شێوەیەکی گشتی مافەکان ئەو یاسایانەن کە لە پێوەندی لەگەڵ بەرامبەرەکەمان، ئیمتیازمان دەدەنێ و بە قازانجی ئێمەن و لە بەرژەوەندی ئێمەدا کار دەکەن، کەواتە مافەکانی مرۆڤ لە بەرامبەر دەوڵەتدا ئیمتیاز بە ئێمە دەدەن تەنیا و تەنیا لەبەر ئەوەی کە مرۆڤین و شیاوی ئەو ماف و ئازادیانەین، ئێمە مرۆڤەکان هەموومان خاوەنی ماف و ئازادی وەکوو یەکین و ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، هەموومان بێ لەبەر چاوگرتنی هەر چەشنە جیاوازی‌یەک دەگرنەوە».(٤)

پێناسەی ئازادی‌یە گشتیەکان یان ئازادی:

ئازادی بە زۆر شێوەی‌تر پێناسە کراوەو

**دەتوانین بڵێین مافی مرۆڤ و ئازادی‌یەکان، هەبوونی بەرژەوەندی‌یەکن کە لە ڕێگای بایەخە پەسەندکراوە هاوچەرخەکانەوە، تەواوی مرۆڤەکان بتوانن دوای بکەون و ئەم مافە بنەڕەتیانە سروشتین. بە واتایەکی‌تر، هەموو تاکەکان لەم ڕووەوە کە مرۆڤن ئەم مافانەیان هەیە و هیچ پەیوەندی بە وڵات، ئایین، ڕەگەز، و نەتەوەوە نیە**

هەر یەکە هەوڵی داوە لە ڕوانگەی خۆیەوە پێناسەیەکی وا بۆ ئازادی بدۆزێتەوە کە پێی بگوتریت ئازادی و لە هەموو پێناسەکانی‌تر زیاتر لە کرۆکی ئازادی نزیک بێت. بۆیە پێناسەکان بۆ ئازادی زۆر جیاوازن، بە گوێرەی ڕوانگە و بۆچوونە فەلسەفی، سایکۆلۆژی، یاسایی، کۆمەڵایەتی و سیاسی لەگەڵ یەکتردا دەگۆڕێت، تەنانەت لە نێو کەسێک و کەسێکی‌تردا، جیاوازی لە چەمکی ئازادی‌دا بەدی دەکرێت، ئازادی یەکێک لە پڕ بایەخترین وشەکانە کە تاکوو ئەمڕۆکە لە هزری مرۆڤەکاندا چەسپاوەو تەنانەت هێمای بایەخە مرۆیی‌یەکان لە وڵاتانی ئازاد هەڵ دراوە، تاکوو وڵامێک بێت بۆ ئەوانەی کە ئەندێشەی تاریکیان لە مێشک دایە کە بە شێوەیەک دەیان هەوێ ئازادی‌یە کەسەکیەکان لە مرۆڤەکان بستێنن. ئازادی ڕەوتیکی فیکری‌یە کە هەر مرۆڤێک بۆ سەلماندنی مرۆڤ بوونی خۆی و ئازاد بوونی خۆی هەوڵی بۆ دەدات ئازادی هەبێ، تاکوو بتوانێ لەو شوێنەی کە ژیانی تێدا دەکا بایەخ و ناسنامەی پێ ببەخشێت.(٥)

ئازادی دۆخێکی مرۆیی‌یە کە پێوەندی بە هیچ ئاغاو سەرووەرێکەوە نیە و یان هەبوونی دەسەڵات و توانای کردنی کارێک یان نەکردنی کارێک.(٦)

بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێ دوو جۆر ئازادی لە یەکتری جیا بکەینەوە، ئازادی جێ‌بەجێ کردن و ئازادی هەڵبژاردن. مەبەستیش لە ئازادی جێ‌بەجێ کردن هەبوونی توانای ئەنجام دانی کارێک یان ئەنجام نەدانی کارێکە، بە بێ ئەوەی مل بۆ هیچ جەختێکی دەرەکی کەچ بکرێت واتە بە بێ ئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەری هێزێکی دەرەکی‌یەوە، لێرەدا ئێمە ڕووبەڕووی ئازادی‌یەکی سروشتی دەبینەوە کە ئاماژە بە سەربەخۆ بوونی بوونەوەرێک دەکات. ئەمەش ئەو واتایەیە کە یاسا بە شێوەیەکی ئاسایی ڕێز بۆ ئازادی دادەنێت. کەواتە ئازادی بەم واتایەوە بریتی‌یە لە هەبوونی توانایەک لەگەڵ نەمانی هیچ بەزۆر پێ کردنێکی دەرەکی. هەرچی ئازادی هەڵبژاردنە واتا هەبوونی توانای ئەنجام دانی کارێک بە بێ ئەوەی مل بۆ کاریگەری هێزێکی نێوخۆ کەچ بکرێت. جا ئەگەر هاتوو ئەو هێزانە سیمایەکی ئەقڵ مەندانەیان پێوە دیار بوو، وەکوو هاندەرو پاساو بۆ هێنانەوە یان سیمایەکی ویژدانانەیان پێوە لکابوو، وەکوو پاڵ پێوەنەر و هەواو هەوەسەکان ئەوا بەرامبەر ئازادی‌یەکی سایکۆلۆژیانە دەبینەوە ئاماژەیە بە لە نەمانی هیچ جۆرە جەختێکی سایکۆلۆژی.(٧)


**سەرچاوەکان:**

١)حقوق خصوصی، سید ابولفضل قازی

٢)جهان شمولی حقوق، حقوق

٣)مافی مرۆڤ، د. خامۆش عومەر عەبدوڵڵا

٤)ئازادی چیە؟ روشان داوی

٥)مافەکانی مرۆڤ چین؟ شێخ مەحەممەد ئەحمەد خالید

٦)آزادی های عمومی و حقوق بشر، و.نیکی یارسا

٧)ئازادی لەنێوان فەلسەفەو یاسادا، کامەران مەنتک






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێشێل کاری مافی مرۆڤ لە کوردستان بە ناوی ئایین






سمایل سۆهرابی

مرۆڤ هەر لە سەرەتای وەدی هاتنی بیرۆکەی پێکەوە ژیان و دروست بوونی کۆمەڵگا، بەنێوی ئایین و گشت داب و نەریتەکانی دەستکردی مرۆڤانی پاسیڤ، لە لایەک تووشی ئەرکی ناشیاو بە مرۆڤایەتی و لە لایەکی‌تر تووشی بێ مافی یا کەم مافی‌یەکی دواکەوتووانە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بۆتەوە. بەڵام بەداخەوە ئەوەی جێگەی سەر سووڕمانە، لە دونیای گڵۆبالیزم و هۆمانیزم دا، لە ئێران بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی بە جێگای ئەوەی کە مرۆڤەکان زیاتر مافدار بن، هەر دێ و بە بیانووی پارێزگاری کردن لە ئایین و کولتوور و یاسا ئەرکەکانیان قورس‌تر دەبێت و مافیان زیاتر پێشێل دەکرێ. پێویستە بگوترێت مەبەست لە ئایین، ئایینی ڕاستەقینەی ئیسلام نی‌یە، کە ئایینێکی مام ناوەندی‌یە و پڕیەتی لە ڕێزدانان و پاراستنی مافی مرۆڤ، ئێمە زیاتر مەبەستمان لە ئایین، بە گشتی ئەم ئایینانەن کە بە درێژایی مێژوو چەواشە کراون. بە تایبەتی ئیسلامێک کە بۆتە یاسایەکی پیرۆزو دوگماتیزم بەدەستی توندڕەوان و دیکتاتۆران، هەروەها بۆمان و مەوجودییەتی خۆیان کردوویانە بە قەڵغان و هۆکاری توندوتیژی و کۆسپی

www.lawan.com
کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەر ڕێگای گەشەکردنی کۆمەڵگا. ئەگەر سەرنج بدەینە فیلسووفانێکی وەکوو کانتو هێگڵ، کاتێک ئایینی یەهوودییەت هەڵ دەسەنگێنن و ڕەخنەی لێدەگرن، دەڵێن خودا بەدیهێنەری مرۆڤێکە کە بە پێی سروشت ماف دارە، نەک خوای یەهوود کە زۆردارەو وەک ئەرباب فەرمان دەکات بەسەر کۆیلەکانیدا بێ ئەوەی ئەم کۆیلانەی خۆش بوێن. هەرچەند ئەم ڕەخنەیە لە سەر ئایینی چەواشەکراوی یەهوودی کراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئیسلامی دار دەست، لە دەستی دیکتاتۆرانی ئەم ڕۆژگارەشدا دەگرێتەوە، کە بە ناوی ئایین مرۆڤەکان لە بازنەی پەیڕەوی کردن و ئەرکداری دا دێڵنەوەو لە مافەکانی دادپەروەری و دیموکراسی بێبەشیان دەکەن. بەڵام لە ڕاستیدا لێک دانەوەی ئەم زانایانە بە پێچەوانەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، چونکە خوای گەورە بە شێوەی ڕەها ڕێزی لە مرۆڤ گرتووە، بێ ڕەچاو کردنی ڕەگەزو ئایین و ڕەنگیان: دەفەرموێت: «ولقد كرمنا بنی آدم» واتە ئێمە بە تەئکید ڕێزمان لە مرۆڤ گرتووە. ئەم ئایەتە دەسەلمێنێت بەدیهێنەری مرۆڤەکان بە چاوی سووک وەک کۆیلە سەیری مرۆڤەکان ناکات و پەیوەندی نێوانیان پەیوەندی ڕێزو خۆشەویستییە، نەک سەرۆکایەتی و کۆیلەتی، هەروەک مەولانای بەڕێز دەڵێت: «عشق را با پنج و با شش کار نیست، مقصد او جز کە جزب یار نیست». وێ دەچێت ئەم شێعرە لەم حەدیسەی پێغەمبەر(د.ر) سەرچاوەی گرت بێ کە دەفەرموێت: «کەسێک ئەویندارو ئاشقانە بمرێت بە

**بەڵام ئەگەر سەیری ئەو ئافرەتانە بکەین کە لە هەستیاری و سۆزیان بە ژیرانە کەڵکیان وەرگرتووە، دەبینین لە زۆر بواری جۆراوجۆردا توانیویانە بەرپرسایەتی لە ئاستی بەڕێوەبەری مەملەکەتدا وەدەست بێنن. هۆیەکی سەرەکی‌تر دەگەڕێتەوە بۆ عورف، کە لە هێندێک شوێنو لای هێندێک پیاو، پێیان شوورەیی‌یە لە ڕاستای گەشەکردنی خێزان و کۆمەڵگا دەگەڵ ئافرەتان ڕاوێژ بکەن**

پلەی شەهید دەگات». مەبەستی ئەوەیە بە ئاشقانە بەندایەتی کردبێت، نە بە ترس و دڵەڕاوکێوە، هەر بۆیە خوا بۆ ئەویندارەکەی خۆی لە پێناو پەتەوی سۆزو خۆشەویستی، هێندێک ئەرک کە تاقەت پڕووکێن نەبن دیاری دەکات و ئەوەندەی لە بەرژەوەندی مرۆڤیش‌دا بێت مافی پێ دەدات و بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. ئێمە وەک نەتەوەی کورد لە پەیوەندی لە گەڵ سیستمی دەسەڵاتدار بەسەر وەڵاتەکەماندا، مافی گشتیمان پێشێل کراوە. بۆ وێنە مافی نەتەوەیی و ئایینی و کلتووری، بە تایبەت ئەم بەشەی کە سوننی مەزهەبن، یان ئایینیان غەیری ئایینی ئیسلامە، وەکوو یەزیدی و یارسان و ئاشووری و مەسیحی و یەهوودیەکان....، هەر چەند ئەم هەڵس و کەوتە دەگەڵ لۆژیکی ئیسلامی ڕاستەقینە لە دژایەتی دایە، بۆ سەلماندنی ئەم واقیعییەتەش پشت دەبەستین بە زۆر لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، بۆ وێنە: ئایەتی «لاإکراه فی الدین قد تبین الرشد من الغی» واتە زۆرە ملی لە دین دا نییە، چونکە بە تەئکید ڕێگای ڕاست لە ڕێگای چەوت جیا کراوەتەوە. یان ئایەتی «فمن شاو فلیومن و من شاو فلیکفر» واتە کێ پێی خۆشە باوەڕ بە خوا بێنێ و کێش پێی باش نییە بابێ باوەڕ بێت. بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرینگە هەڵوەستەی لە سەر بکەین، پێشێل کاری مافی مرۆڤ لە کۆمەڵگای کوردەواری دا، بە تایبەت لەژێر پێنانی مافی ژنان، بە بیانووی پارێزگاری کردن لە ئایین و داب و نەریت. بێ‌گومان ڕاگرتنی نەریت و ئایین، پێویستی هەر گەل و نەتەوەیەکە، بەڵام ئایینێک کە لە مام ناوەندی خۆی لای نەدابێت و بەرەو توندوتیژی نەچێت، هەروەها عورفێکیش کە کۆسپ نەبێت لە بەردەم گەشە کردنی کۆمەڵگادا. هەروەک بەشێک لە پێشێل کاری مافی ژنان بۆ بە هەڵە تێگەیشتن لە ئیسلام دەگەڕێتەوە، بۆ وێنە بە ناڕەوا بە نێوی ئیسلام دەگوترێت ئافرەتان کەم عەقڵن و شایانی ئەوە نین کاری زۆر گرینگیان پێ بسپێردرێت. بۆ ڕەت کردنەوەی ئەم پرسە کەڵک لە بەڵگەیەکی ئایینی وەردەگرین، لە ڕوانگەی شەرعی ئیسلام، ئەو کەسەی کە لە لایەن خوای گەورەوە وەحی بۆ


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دێ وەک ئەمینداری خۆی دەست نیشانی دەکات و پێویستە گشت تایبەتمەندی‌یە بەرزەکانی مەعنەوی و جەستەیی مرۆڤی سەردەمی خۆی تێدا بێت، چونکە ناکرێت مرۆڤێکی «زەعیفە» کەم عەقڵ و بێ توانا بێ بە سەمبولی رۆژگارو ئایەتی خوای بۆ رەوانە بکرێ و خەڵکیش پەیرەوی لێ بکەن، بەڵام بە پێچەوانەی رەشبینانی ئایین و نەریت، خوای گەورە حەزرەتی مەریەم، دایکی عیسای پێغەمبەر(د،ر) لە سوورەی «آلی عمران» ئایەی ٤٣ «واصطفاک واطهرک...» بەبژاردەو پاکترینی پیاوان و ئافرەتانی سەردەمی خۆی ناو دەبات، کەوایە بێ‌گومان عاقڵ‌تر و وشیارترینیشیان بووە. بە بڕوای من چونکە ئافرەتان لەباری سروشتی و دەروون ناسی‌یەوە بە سۆزو هەستیارترن لە پیاوان، لە لای هێندێک کەس ئەم گومانەی دروست کردوە کە چڕکردنەوەی بیریان کەمەو ناکرێ لە بڕیاردانی مەسەلە گرینگی‌یەکاندا بەرپرسایەتی‌یان پێ بدرێ، بەڵام ئەگەر سەیری ئەو ئافرەتانە بکەین کە لە هەستیاری و سۆزیان بە ژیرانە کەڵکیان وەرگرتووە، دەبینین لە زۆر بواری جۆراوجۆردا توانیویانە بەرپرسایەتی لە ئاستی بەڕێوەبەری مەملەکەتدا وەدەست بێنن. هۆیەکی سەرەکی‌تر دەگەڕێتەوە بۆ عورف، کە لە هێندێک شوێن و لای هێندێک پیاو، پێ‌یان شوورەیی‌یە لە ڕاستای گەشەکردنی خێزان و کۆمەڵگا دەگەڵ ئافرەتان ڕاوێژ بکەن، بەردەوام دووپاتەی دەکەنەوە کە نەشیاون بۆ ڕاوێژ و تەنانەت دەڵێن، حەزرەتی موحەممەد فەرموویەتی ڕاوێژیان دەگەڵ بکەن، بەڵام بە گوێ‌یان مەکەن، بێ‌گومان تۆهمەتێکی گەورەیە و کاری ئایین فرۆشانە، چون ئایین پێچەوانەی ئەمە دەسەڵمێنێت و دژایەتی هەیە دەگەڵ ئەم ئایەتانەی کە باسی ڕاوێژکاری دوو رەگەزی نێرو مێ دەکەن. لەم بوارەدا ئایەتێکی زۆر هەن کە گشتین، بەڵام من ئاماژە بەو ئایەتانە دەکەم کە تایبەتن بە ئافرەتان.

١) ئایەتی ٢٣٣ی سوورەی بەقەرە.

٢) ئایەتی ٦ی سوورەی تەڵاق.

٣) ئایەکانی ٣٢،٣٣،٣٤،٣٥،٤٤، سوورەی نەمل. تەنانەت ئایەی ٣٢ی سوورەی نەمل بە ڕوونی ناوی «خاتوو مەلەکە» شاژنی سبا دێنێت وەک پادشای مەملەکەت کە پیاوانی ڕاوێژکاری ئەم مەلەکەیە، لەکاتی بڕیاری کۆتایی لە بەرابەر پێشنیاری حەزرەتی سولێمان(د،ر)، گشتیان بە هەڵە چوون، بەڵام ڕای خاتوو «بڵقیس» واتە مەلەکەی سەبا ڕێک لە بەرژەوەندی مەملەکەتدا بوو. بەڵگەی‌تریش هەن کە پێغەمبەری ئیسلام ڕاوێژی بە ئافرەتان کردووە بە پێی بۆچوونیان بڕیاری داوەو سەرکەوتووش بووە، بەڵام لەبەر درێژنەبوونەوەی بابەتەکە لە ئاماژە کردنیان خۆ دەپارێزین.

***




www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




# دابەشکردنی دەسەڵات یان دیکتاتۆڕی موتڵەق

عومەر باڵەکی

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە بەدوای ڕووخانی سیستمی پاشایەتی لە ئێراندا هاتە سەر دەسەڵات، شێوە سیستمێکی لە ئیدارەکردنی وڵاتدا بەکارهێناوە کە یا هەر وێنەی لە جیهانی ئێستادا نی‌یە یا ئەگەر هەبێ ئەوەندە دەگمەنە کە بۆ باس کردن نابێ.

ئەو ڕژێمە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ دێموکڕاسیو مافی مرۆڤ دژایەتی هەبووەو هەیە، پێناسەکانی بۆ دێموکڕاسیو مافی مرۆڤ ئەو پێناسانە نین کە لە جیهانی ئێستادا باون و زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان کاریان پێ دەکەن، هەر بۆیە لە سیستمی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی نابێ چاوەڕوانیمان هەبێ کە مافی مرۆڤ بپارێزێ. بۆ باشتر ڕوون بوونەوەی ئەو مەسەلەیە، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان(تفکیک قوا) لە کۆماری ئیسلامی‌دا بە پێودانی جیهانی هەڵ دەسەنگێنین‌و بەشێک لە مادده قانوونی‌یەکانی دەستووری ئێران دەکەینە نێوئاخنی باسەکەمان هەتا باشتر بتوانین ناهاوسەنگی سیستمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ سیستمی دێموکڕاسی‌دا دەربخەین.

لە هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیادا دەسەڵاتەکانی ڕێبەری کردنی وڵات لێک جیان و هەر کام سەربەخۆیی خۆیان هەیەو هەرکام لە ئەرکی خۆیدا نوێنەرایەتی گەل دەکا، چونکە ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵ دەبژێردرێن. واباشە لەپێشدا بزانین ئەسڵی جیا کردنەوەی دەسەڵاتەکان لە کوێوە هاتووەو چۆن سەری هەڵ داوە.

ئەسڵی جیا کردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتری بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتە و ئەوە فەلسەفەی ڕۆژئاوایە.

جان لاک بیرمەندی ئینگلیزی پایە و بناخەی بیردۆزی‌یەکەی خۆی لەسەر مافی سروشتی داناو ئەو ئەندێشەی جان لاک لەوەرا سەرچاوەی گرتبوو کە لە بەرامبەر دەسەڵاتی پاشاو کلیسا و ئیمتیازاتی ئەواندا، سەرچاوەی حقووقی ژیانی ئازاد بۆ مرۆڤەکان بسەلمێنێ.

جان لاک دەڵێ: «ڕەسەنایەتی نە موڵکی پاپە و نە موڵکی ئەشرافە، بەڵکوو موڵکی تاک تاکی مرۆڤایەتی‌یە. بنەمای بەڵگەکانی جان لاک ئەوە بوو کە تەنیا مافی ڕاستەقینە، مافی ژیان‌و مافی هەرەپێویستی مرۆڤایەتی‌یە کە هیچ کەس و لایەنێک ناتوانن لێی بستێنن. مافی حەیات‌و زیندووبوون‌و مافی ژیان شتێکی سەلمێنراون.

چونکە مرۆڤ زیندوویەو مافی ژیانی هەیە و بۆ ئەوەی بتوانێ بژی، دەبێ بەسەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاری خۆیدا کە بەشێکە لە بوونی ئەو، دەسەڵاتی هەبێ. کەسایەتی تاک، مافی تاک، خاوەندارییەتی تاک بەسەر خۆیو کارو بەرهەمی خۆیدا لە پایەی یەکەمی فەلسەفەی حقووقی جان لاکە.

لەسەر بنەمای فەلسەفەی جان لاک کە مافی سروشتیە، زانایانو بیرمەندانی دیکە وەک «ولتر، دیدرۆ، ژانژاک ڕۆسۆ و مۆنتیسکیۆ» پێناسەیەکی نوێیان بۆ داڕشتنی قانوون کرد کە ئەسڵی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی لێ دەکەوتەوە کە ئەوە خۆی لە خزمەت هێنانەدیی مافی مرۆڤ و مافی سروشتیدا بوو.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا ڕاست بەو مەبەستە کە «جان لاک» باسی لێوە کردوە یا مەبەستی دیکەی لە پشتە؟ بۆ وەڵام دانەوە دەبێ لەنێو برگەو ماددەکانی قانوونی ئەساسیی ئێراندا بۆی بگەڕێین.

لە قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی ئێراندا کە وشەی کۆمارو جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان هاتووە تەنیا بۆ ڕازاندنەوەیەو هیچیتر، چونکە لە عەمەل و کرداردا نە کۆمار ئەو کۆمارەیە کە نوێنەرایەتیی خەڵک بکاو نە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بەو شێوەیە کە هەر کامیان سەربەخۆ بنو نوێنەرایەتی بەرژەوەندی خەڵک بکەن. بزانین ماددەی **٥٧** لە قانوونی ئەساسی سەبارەت بە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان(تفکیک قوا) دەڵێ چی:

ماددەی **٥٧**: «دەسەڵاتەکانی حاکم لە کۆماری ئیسلامی دا بریتین لە: دەسەڵاتی قانوون دانان، دەسەڵاتی بەرێوەبردنو ئیجرایی، دەسەڵاتی دادوەری، کە لە ژێر چاوەدێریی ویلایەتی موتڵەقەی ئەمرو ئیمامەتی ئوممەت بە پێی ئوسوولی دواڕۆژ بەرێوە دەچێ. ئەو دەسەڵاتانە لە یەکتر جیا و سەربەخۆن».

ئەو ڕێژیمە لەلایەک قسە لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەکاو لە لایەکی دیکە بۆ

**جان لاك دەڵێ: «ڕەسەنایەتی نە موڵکی پاپە و نە موڵکی ئەشرافە، بەڵکوو موڵکی تاك تاکی مرۆڤایەتییە. بنەمای بەڵگەکانی جان لاك ئەوە بوو کە تەنیا مافی ڕاستەقینە، مافی ژیانو مافی هەرەپێویستی مرۆڤایەتییە کە هیچ کەس و لایەنێك ناتوانن لێی بستێنن. مافی حەیاتو زیندووبوونو مافی ژیان شتێکی سەلمێنراون.**

ڕێبەر یا وەلی فەقیە دەسەڵاتی ڕەهاو ئیختیاراتی لە سەرەوەی قانوون قایل دەبێ.

لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا ڕێبەر لە لایەن شوورای خیبرەگانی ڕێبەرییەوە دیاری دەکرێ، هەڵبژاردنی خیبرەگانی ڕێبەری بە پێی ماددەی **٩٩** لە قانوونی ئەساسیدا لە لایەن شوورای نیگابانەوە چاوەدێری دەکرێ.

ماددەی **٩٩**: «شوورای نیگابان چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگانی ڕێبەری، سەرکۆمار، مەجلیسی شوورای ئیسلامیو ... لە ئەستۆیە.»

بە پێی یاسا شوورای نیگابانیش ڕێبەر دیارییان دەکا، بە پێی ماددەی **٩١** لە قانوونی ئەساسی ئێراندا شوورای نیگابان لە **١٢** کەس شەرع زانو ماف ناس پێک دێ کە ٦ کەس لە شەرع زانەکان لەلایەن ڕێبەرەوە هەڵ دەبژێردرێنو ٦ کەسەکەی دیکەش لەلایەن سەرۆکی هێزی دادوەری(قوه قضائیه)یەوە کە خۆی داندراوی ڕێبەرە، بە مەجلیسی شوورای ئیسلامی دەناسێندرێن بۆ تەئید کردنیان.

ماددەی **٩١**: « ... شوورای نیگابان پێکهاتەکەی بە شێوەی خوارەوەیە:

**١**: شەش کەس زانای ئایینی(فقها) عادڵ و زانا بە پێویستییەکانی سەردەمو مەسائیلی ڕۆژ کە دیاری کردنی ئەوان لە ئەستۆی ڕێبەرە.

**٢**: شەش کەس یاساناس لە بوارەکانی جیاوازی یاسایی لە نێوان یاساناسانی موسوڵمان کە بە هۆی سەروکی دەسەڵاتی دادوەری بە مەجلیسی شوورای ئیسلامی دەناسێندرێن و بە دەنگی مەجلیس هەڵ دەبژێردرێن.»

ئەوە لە حاڵێک دایە کە خیبرەگانی ڕێبەری دەبێ چاوەدێری بەسەر کارو کردەوەی ڕێبەری دا بکا. لەوە سەیرتر ئەوەیە کە شوورای نیگابانی دیاری کراو و دانراو لە لایەن ڕێبەرییەوە بە پێی برگەی **٩٤** و **٩٣** لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا مافی ڕەت کردنەوەی بڕیاراتی مەجلیسی هەیە و ئەوە لە حاڵێک دایە کە مەجلیس بەرواڵەتیش بێ هەڵبژێردراوی خەڵک و نوێنەرایەتی خەڵک دەکا.

ماددەی **٩٣**: «مەجلیسی شوورای ئیسلامی بە بێ بوونی شوورای نیگابان ئیحتوباری قانوونی نییە».

ماددەی **٩٤**: «هەموو بڕیاراتی مەجلیسی شوورای ئیسلامی دەبێ ڕەوانەی شوورای نیگابان بکرێو شوورای نیگابانیش دەبێ ئەوپەڕەکەی لە ماوەی دە ڕۆژدا لە ڕێکەوتی وەرگرتنی ... هەڵسەنگاندنی بۆ بکا...»



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جا یا ڕەتی دەکاتەوە یا پەسندی دەکا.

هەروەک پێشتر باسمان کرد هەڵبژاردنی سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری لە سەڵاحییەتی ڕێبەر دایەو ماددەی ١٥٧ لەو بارەوە بەو چەشنە باس دەکا.

ماددەی ١٥٧: «بە مەبەستی بەڕێوەچوونی بەرپرسایەتی‌یەکانی دەسەڵاتی دادوەری لە هەموو کاروباری دادوەری‌و ئیداری‌و ئیجرایی‌دا ڕێبەر کەسێکی «مجتهد عادل»... بۆ ماوەی پێنج ساڵ وەک سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری دیاری دەکا کە بەرزترین پلەی دەسەڵاتی دادوەری‌یە».

هەروەها بەربژاردەی سەرکۆماری دەبێ لە لایەن شووڕای نیگابانەوە تەئیدی سەڵاحییەت بکرێ و دوای بە ڕواڵەت هەڵبژاردن کە ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە بەڕێوە دەچێ‌و ڕاگەیاندنی دەنگەکان، دەبێ حوکمی بوون بە سەرکۆمار لە لایەن ڕێبەرەوە واژۆ و تەئید بکرێ. بۆ نوێنەرایەتی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیش دەبێ سەڵاحییەتی کاندیداتۆرەکان لەلایەن شووڕای نیگابانەوە تەئید بکرێن. بە کورتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەموو کارو کردەوەیەک کە پێوەندیدار بێ بە دەسەڵات‌و حکوومەتی کۆماری ئیسلامی‌یەوە، دەبێ بە تەئیدی ڕێبەر بگا. لە ڕاستی‌دا ڕێبەر، بە یاساو بڕگەکانی دەستووری ئێران دەسەڵاتێکی ڕەهای هەیەو ئەو دەسەڵاتانە لە ماددەی ١١٠ی دەستووردا بە ڕوونی دەست نیشان کراون.

ماددەی ١١٠: «ئەرک و دەسەڵاتی ڕێبەر:

١: دیاری کردنی سیاسەتی گشتی نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ کۆڕی دیاری کردنی بەرژەوەندی‌یەکانی نیزام(مجمع تشخیص مصلحت نظام).

٢: چاوەدێری بەسەر باش بەڕێوەچوونی سیاسەتە گشتی‌یەکانی نیزام.

٣: فەرمانی ڕاپرسی.

٤: فەرماندەی هەموو هێزە چەکدارەکانی ئێران.

٥: ڕاگەیاندنی شەڕو ئاشتی‌و ئامادەباشی هێزەکان.

٦: دانان‌و لابردن‌و دەست لەکار کێشانەوەی:

ئەلف) ئەندامانی شووڕای نیگابان.

ب) بەرزترین پلەی دەسەڵاتی دادوەری.

ج) سەرۆکی دەنگ‌و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی.

د) سەرۆکی ستادی هاوبەشی هێزە چەکدارەکان.

ە) فەرماندەی سوپای پاسداران.

و) فەرماندەی بەرزی هێزە نیزامی و ئینتیزامی‌یەکان.

٧: چارەسەری ناکۆکی‌یەکان‌و پێک هێنانی هەماهەنگی لە نێوان هەرسێ دەسەڵاتەکاندا.

٨: چارەسەری گێرەو کێشەکانی نیزام کە بە ڕێگای ئاسایی‌دا چارەسەر نابن.... .

٩: ئیمزای حوکمی بوون بە سەرکۆماری ... .

١٠: لابردنی سەرکۆمار.

١١: لێ بووردن یا کەم کردنەوەی سزا لەسەر تاوانباره حوکم دراوەکان.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا بەڕاستی لەوە ڕوونتر دەتوانرێ ئەسڵی جیایی‌و سەربەخۆیی دەسەڵاتەکان بێ ئیحتوبار بکرێ؟

مافی بنەڕەتی خەڵک لە دوو ڕێگاوە پێشێل دەکرێ: یەکەم: بە یاساو دووهەم بە ئیرادەی دەسەڵات‌و بەکارهێنانی هێز. ئەوە لە حاڵێک‌دا دروستە کە هیچ دەزگایەکی چاوەدێرو سەربەخۆ لە دەوڵەت‌و دەسەڵات نی‌یە کە چاوەدێریی بەسەر کردەوەی دەسەڵاتداران‌و بەڕێوەچوونی یاسا داڕێژراوەکان‌دا بکا. لە کۆمەڵگای دێموکراتیک نەتەنیا دانانی قانوون لە ئیختیار نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵک دایە، بەڵکوو دام و دەزگا حکوومەتی‌یەکان بە هەڵبژاردن بەڕێوە دەچن، لە هەمان کاتدا دەورەیین‌و لە بەرامبەر کارو کردەوەیاندا وەڵامدەرن‌و هەروەها دامەزراوە مەدەنی‌یە بەهێزەکان وەک ئەحزاب، سەندیکاکان، یەکیەتی‌یەکان‌و ڕۆژنامەوانی ئازادو سەربەخۆ لە حکوومەت‌و دەوڵەت بە نوێنەرایەتی خەڵک چاوەدێری بەسەر ئۆرگانیزمی حکوومەت‌دا دەکەن‌و هەروەها کاریگەری‌یان دەبێ لەسەر دەسەڵات بە قازانجی خەڵک و وڵات.

بەڵام هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد لە کۆماری ئیسلامی‌دا، دانانی یاسا، هەرسێ دەسەڵاتەکانی «قانوون دانان، بەڕێوەبەری‌و دادوەری»و تەنانەت ئەحزاب‌و چاپەمەنی‌یەکان بە شێوەیەکی تایبەت لە چنگی دەسەڵات دایە کە دەسەڵات لێرەدا بە مانای ڕێبەرو ئەگەر کەسێک یان لایەنێک بیهەوێ بە جۆرێک بەدەر لە بازنەی دەسەڵاتی ڕێبەرو حکوومەت‌و جەناحی حاکم کردارێک بکا یا گوتارێکی هەبێ، دەکەوێتە بەر غەزەبی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ئیتلاعات‌و سپاو بەسیج‌و تەنانەت لەبەردەم دادوەرو یاساش‌دا ناتوانێ بەرگری لە خۆی بکاو بە شێوەیەک هەڵس و کەوتی دەگەڵ دەکرێ کە لەهیچ یاساو ڕێسایەک کە پێوەندی بە مافی مرۆڤەوە هەبێ هاوسەنگی نابێ.

لە کۆتایی‌دا پرسیار ئەوەیە لە نیزامێک‌دا کە تاکە کەسێک بڕیاردەر بێ‌و جێگاو پێگەی لە سەروەی هەموو یاساو ڕێساکانەوە بێ‌و هیچ کام لە دەسەڵاتەکانی «قانوون دانان، بەڕێوەبەری‌و دادوەری» سەربەخۆ نەبن‌و لەژێر ئەمرو بڕیاری ڕێبەردا بن، چۆن چاوەڕوانی لێ دەکرێ پارێزەری مافی مرۆڤ بێ؟!

سەرچاوەکان:

١: قانون اساسی ایران

٢: نظریه دولت در ایران. نویسنده: آ. ک. اس. لمپون. مترجم: چنگیز پهلوان

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دیسکۆرسی مافی مرۆڤ و پەیوەندی لە گەڵ دیاری کردنی مافی چارەنووسدا




ئارام ئیبراهیم خاس

بەرایی: مافی مرۆڤ وەک گەرەنتی‌یەکی ئەخلاقی دێتە ئەژمار کە هەموو تاکێک لە هەموو وڵاتێک وسەر بە هەر ئایین،نەتەوەو کلتوورێک دەشێ لێی بەهرەمەند بێ. ئەو گەرەنتی‌یانە نێوی «ماف»یان لێ نراوە، بەو واتایە کە خاوەن گرینگی‌یەکی تایبەتین و جێبەجێ کردنیان «جەبر»ە و بە پێ خۆش بوونی دەسەڵاتداران و حەزی ئەوان نی‌یە، ئەو مافانە دەشێ بە بێ کەم و کورتی بخرێنە بواری جێبەجێ کردن و هەموو تاکێکی کۆمەڵگا لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە لەم مافانە بەهرەمەند بێ. خاڵێکی گرینگی دیکە ئەوەیە کە ئەم مافانە وەک «مافی سەربەخۆ» و جیهاندagر دێنە ئەژمار. بەو مانایە کە ئەگەر لە لایەن دەسەڵاتداران و دەوڵەتەکانیشەوە بە فەرمی نەناسرێن یا بە فەرمی بناسرێن و کاریان پێ نەکرێ وەک پێوانەکانی رەخنە و هەڵسەنگاندن لەبەر دەست دان.لە ڕاستی‌دا مافی مرۆڤ وەک خۆی خاوەن میراتێکی کۆنی مێژوویی‌یە. بنەمای سەرەکی فەلسەفەی مافی مرۆڤ باوەڕمەندی بە بوونی چەشنێک لە عەداڵەت و بەرابەرییە کە لە هەموو شوێنێک و بۆ هەموو ئینسانەکان وەک یەک بێ. لە ڕاستی‌دا دەتوانین وەک گەرەنتی‌یەکی ئەخلاقی بەهێز چاو لە مافی مرۆڤ بکەین کە بە دوای ئاڕمانجێکی هاوبەش بۆ هەموو مرۆڤایەتی‌دا دەگەڕێ. ڕادەی سەقامگیربوون یا نەبوونی ئەو ئاڕمان و ئامانجە دەرخەری سەرکەوتن یا هەرەسی گەورەی مرۆڤ و سیستمی هاوچەرخە لە دامەزراندنی تەکوزییەتێکی سەقامگیر و پایدار لە سەر بنەماکانی مافی مرۆڤ.

ئەلف) مافی مرۆڤ و پرسی دیاری کردنی مافی چارەنووسی گەلان:

دەرەنجامی شۆڕش و بزووتنەوە رزگاری خواز و شۆڕشگێری‌یەکان، پێکهاتنی وەچەی یەکەمی مافی مرۆڤ(نسل اول حقوق بشر)بوو کە لە رێکەوتی ١٠ی دیسامبری ساڵی١٩٤٨ی زایینی لە کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووکان پەسەند کرا کە دەربڕی روانینی ئەم دامەزراوە گرینگە جیهانی‌یەیە سەبارەت بە پرسی مافی مرۆڤە، کە ٣٠ خاڵ لە خۆ دەگرێ و سەر لەبەری بە شێوەی راستەوخۆ ئاماژە بە ئازادی‌یە تاکە کەسی‌یەکان و مافەکانی تاک و مافە سەلمێندراوەکانی مرۆڤ دەکا. هەرچەند رێکارو میکانیزمێکی تایبەت بە دیاری کردنی مافی چارەنووسی گەلان دیاری نەکراوە، بەڵام زۆر خاڵی ئەم جاڕنامەیە بە شێوازێکی ناراستەوخۆ باس لەم ئەسڵە گرینگە دەکەن و زۆریک لە نەتەوە بن دەستەکان کە لە ساڵانی

دواییدا سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاندووە، یەکێک لە سەرچاوەی پشت بەستنەکەیان جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ بووە.

لە دوای دەیەی ١٩٧٠وە،پرسی دیاری کردنی مافی چارەنووس، بەرەو سەقامگیرکردنی دێموکراسی، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و گەرەنتی پاراستنی مافی کەمینەکان(نەتەوەیی ـــ ئەتنیکی و ئایینی) ئاراستە کراوە. لەم نێوەدا مافی سەربەخۆیی و هەبوونی دەوڵەت وەک ڕابردوو بەشێکی جیانەکراوەی ئەم ئەسڵە بووە کە وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە وڵاتانێکی وەک: تیمۆری ڕۆژهەڵات،کۆزۆڤۆ، باشووری سوودان و... بکەین. هەروەها نابێ ئەم خاڵە گرینگەش لە بیر بکەین کە یەکێک لە سەرەکیترین بنەماکانی مافی مرۆڤ، بڕیاردانی خەڵکە لە سەر مافی چارەنووسی خۆیان. گرینگی ئەم ئەسڵە تا جێگایەکە وەک کۆڵەکەی سەرەکی مافی مرۆڤ پێناسە دەکری. لە ڕاستیدا بۆ وەدیی هێنانی خاڵەکانیتری مافی مرۆڤ، وەدیی هاتنی ئەسڵی دیاری کردنی مافی چارەنووس گرینگییەکی تایبەتی هەیە و ئەگەر ئەم ئەسڵە جێبەجێ نەکرێ، ناتوانین لە دەوڵەتێک کە هەڵبژاردەو نوێنەری خەڵک نییە، چاوەڕوانی ئەوەمان هەبێ کە لە هەمبەر پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ دا دەروەست بێ و بیان پارێزی.(لە مادەی٢٩ی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤدا هاتووە: «هەر تاکێک تەنیا لە بەرامبەر کۆمەڵگایەک دا بەرپرسیارە کە تێیدا ئیمکانی گەشەی ئازاد و فرە لایەنی مسۆگەر کرابێ».

ب) مافی مرۆڤ و «دەوڵەت ـــ نەتەوە» لە ڕوانگەی هانا ئارێنت:

«هانا ئارێنت» لە یەکێک لە وتارە بە نێوبانگەکانیدا ئاماژە بە بۆشایی و پرسێکی یاسایی گرینگ دەکا. بە بڕوای ئارێنت کە خۆی لە کەشی سیاسی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا ژیاوە، وەدیی هاتنی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ وەک

> **بنەمای سەرەکی فەلسەفەی مافی مرۆڤ باوەڕمەندی بە بوونی چەشنێک لە عەداڵەت و بەرابەرییە کە لە هەموو شوێنێک و بۆ هەموو ئینسانەکان وەک یەک بێ، لە ڕاستیدا دەتوانین وەک گەرەنتییەکی ئەخلاقی بەهێز چاو لە مافی مرۆڤ بکەین کە بە دوای ئارمانجێکی هاوبەش بۆ هەموو مرۆڤایەتیدا**

راستییەکی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دامەزراوەیەک بە نێوی «دەوڵەت ـــ نەتەوە» هەیە.هانا ئارێنت هەم لەم وتارە لە نووسراوەیەکی دیکەدا لە ژێر نێوی «ئێمە پەنابەران» بە ئاماژەدان بە دۆخی یاسایی پەنابەران و ئەو خەڵکانەی کە کێشەی نەتەوەیی و هاووڵاتی بوونیان هەیە ـــ خاڵی ئاماژە پێکراو لە مادەی ١٥ی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤدا ـــ ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە چۆن پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ ئەو پۆتانسیەلیان هەیە کە تەنیا وەک هێندێک یاسا و ڕێسای بریقەداری رۆتینی بمێننەوەو نەخرێنە بواری جێبەجێ کردن، یاسا و ڕێساگەلیک کە بۆ بەدەست هێنانیان دەشێ سەرەتا «شارۆمەند»ی «دەوڵەت ـــ نەتەوە»یەک بی.

ج) ڕۆڵی دەوڵەت ـــ نەتەوە، کوردی بێ دەوڵەت و مافی مرۆڤ:

ئێمە لە چوارچێوەیەکدا دەژین کە دەوڵەت ـــ نەتەوەکان خۆیان گرینگترین «کنشگران»ی ساحەی گشتی کۆمەڵگان، هەر چەند ئەو خاڵە دەتوانێ لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەبێ، بەڵام لەو نێوەدا نابێ لە بیر بکرێ کە بە پێچەوانەی بنەماکانی مافی مرۆڤ، پرسی هاووڵاتی بوون و پەیوەندی یاسایی تاکەکان لە گەڵ دەوڵەتی دیاری کراو، خۆی سەرەکیترین و بەرچاوترین «میکانیزمی جیاوازی» لە نێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە. گەلۆ پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان چۆن جێبەجێ دەکرێ لە حاڵێکدا نەتەوەی کورد نیشتمانەکەی پارچەکراوەو «ناسنامە»کەی تەنانەت وەک مرۆڤ ئینکار دەکرێ، تاکی کورد تەنانەت لە پرسی هاووڵاتی بوون و شارۆمەندی دەوڵەتە ناوەندییە تۆتالیتێرەکانیش وەک شارۆمەندی پلە دوو و پلە سێ سەیر دەکرێ. چۆن دەکرێ بەبێ دیاری کردنی مافی چارەنووس و هەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ، کۆتایی بە پێشێل کرانی مافی مرۆڤ لە کوردستان بێ و درووشمی هەر تاکێک شیاوی ژیان، ئازادی و ئاسایشی فەردییە(مادەی سێهەمی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ) لە کوردستان وەدی بێ؟ لە ڕاستیدا دیسکۆرسی مافی مرۆڤ بۆ کورد، وەک گوتارێک کە بڕەوی نێونەتەوەیی هەیە دەتوانێ سەرنجی ڕای گشتی جیهانی بۆ لای خەباتی ئەم گەلە چەوساوەیە ڕابکێشێ، بەڵام ناتوانێ گوتارێکی ڕزگاریدەر بێ!

سەرچاوەکان:

١: مفهوم حقوق بشر ..... آندروفاگان

٢: افول دولت ـــ ملت و پایان حقوق بشر...... آنا هارنت

٣: ما پناهندگان........ آنا هارنت

٤: حق توسعه و جهانشمولی حقوق بشر......دکتر یوسف مولایی

٥: اعلامیەی جهانی حقوق بشر

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەبۆنەی دەست بەکاربوونی د . ئەحمەد شەهیدەوە




د . ئاسۆ حەسەن زادە

بەستێنێکی نوێ بۆ ڕاپۆرتۆرێکی نوێ

ئەحمەد شەهید موسڵمانێکی پەروەردەی ڕۆژئاوایە کە وەک موسڵمانێکی دیموکرات ناوبانگی دەرکردوە ڕابردوویەکی لە خەبات بۆ جێ خستنی فەلسەفەی لیبراڵیی مافی مرۆڤ لەنێو کۆمەڵگا ئیسلامی‌یەکاندا هەیە.

پاش نزیک بە دە ساڵ نەمانی ڕاپۆرتۆری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەدواداچوونی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران، سەرەنجام ڕۆژی ١٧ی ژووئەنی ٢٠١١ شووڕای مافی مرۆڤ لە حەڤدەهەمین دانیشتنی خۆیدا دکتۆر ئەحمەد شەهید وەزیری دەرەوەی پێشووی ماڵدیڤی بۆ ئەو پۆستە هەڵبژارد. بەپێی ئاجێندایەکی سەرەتایی کە بۆ ناوبراو دیاری کراوە، بڕیار وایە کە ئەو لە مانگی سێپتامبری داهاتوودا ڕاپۆرتێکی کاتی بداتەوە بە شووڕای مافی مرۆڤ و ڕاپۆرتی کۆتاییشی هەتا مارسی ٢٠١٢ تەحویلی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بدا.

پێشتر لەنێوان ساڵەکانی ١٩٨٤ و ٢٠٠٢دا، کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ هەر یەک لە ڕیناڵدۆ گالیندۆ پۆل و مۆریس کاپیتۆرنی بۆ ئەم پۆستە دیاری کردبوو کە لەبەر کۆمەڵێک هۆی پێوەندیدار بە باری ئەوسای مامەڵەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و کەم و کووڕیی مێکانیزمەکانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و لەوانەش زیاتر بەهۆی هاوکاری نەکردنی تاران لەگەڵ ڕاپۆرتۆرەکان، سەرکەوتنێکی ڕێژەیی‌یان لە مەئموورییەتەکەیاندا وەدەست هێنابوو.

ئەگەر لە پێوەندی لەگەڵ ڕاپۆرتۆری تازەشدا تەنیا ڕادەی پێشوازیی ڕێژیم لە ناوبراو و هاوکاری لەگەڵی‌دا بکەینە پێوانە بۆ ئەگەری سەرکەوتنی لە ئەرکەکەی دا، ئەوا بەزەحمەت دەتوانین ئەنجامێکی زۆر باشتر لە مەئموورییەتەکانی پێشتر بۆ ئەمەشیان پێش بینی بکەین. بەتایبەت کە هەر لە ئێستاوە هێندێک بەرپرسی کۆماری ئیسلامی ڕایانگەیاندووە کە نابێ ڕێگای سەردانی ئێران بە ئەحمەد شەهید بدرێ. هەرچەند ناکرێ لە ئێستاوە بۆ تەواوی ماوەی مەئموورییەتەکەی ڕاپۆرتۆری نوێ، پێش بینیی هەموو مانۆڕەکانی کۆماری ئیسلامی بکەین، بەڵام بەهەرحاڵ ڕوونە کە بەو ڕابردوویەوە کە ئەو ڕێژیمە لە هاوکاری نەکردن لەگەڵ نیهادە نێونەتەوەکاندا هەیەتی و هەروەها بە هەموو ئەو تاوان و پێشێلکاری‌یانەوە کە ئەو ڕێژیمە تەرجیح دەدا لەو نیهادانەی بشارێتەوە، بە ئاسانی دەتوانین بڵێین کە ڕادەی هاوکاریی ڕێژیم لەگەڵ ڕاپۆرتۆری نوێ لەوە کە لەگەڵ ئەوانی پێش ئەودا کردوویەتی، کەمتر دەبێ زیاتر نابێ. بەڵام هێندێک فاکتەر و نیشانەی دیکە هەن کە دەتوانن

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بنە هەوێنی هیوایەکی زۆرتر بە ڕاپۆرتۆری نوێ کە پێویستە وەبەرچاو بگیرێن. پێش هەموو شتێک پێویستە ئاماژە بە کەسایەتیی ئەحمەد شەهید بکەین کە پرۆفایلێکی سەرنج ڕاکێشی هەیە و لە گۆشەنیگای پشتیوانی و هاوپێوەندیی دەوڵەتان (بە وڵاتانی دەرەوەی بازنەی ڕۆژئاواشەوە) دەتوانێ سەرچاوەی هێندێک کاریگەری و کاردانەوەی موسبەت بێ. ناوبراو بەو باکگراوندەوە لە کاری سیاسی کە لە وڵاتی خۆیدا و لە بواری خەبات بۆ کرانەوەو ریفۆرمدا هەیەتی وەک سیاسییەکی بەشەهامەت و ڕاستگۆ ناوبانگی دەرکردووە. لە ئاستی نێونەتەوەیی‌شدا، ئەو لایەنگرێکی شێلگیری بەجیهانی کردنی ستاندارده نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤە.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە زۆر جار هەیئەتی کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمە هاوشێوەکانی جیهانی سێهەم لە شوورای مافی مرۆڤدا جێبەجێ نەکردنی ستاندارده‌کانی مافی مرۆڤیان بە چەمکی نیسبییەتی فەرهەنگی و بەربەستی ئایین و نەریت پاساو داوە، سەرنج ڕاکێشە کە بزانین دوکتور ئەحمەد شەهید موسڵمانێکی پەروەردەی ڕۆژئاوایە کە وەک موسڵمانێکی دێموکرات ناوبانگی دەرکردووەو ڕابردوویەکی لە خەبات بۆ جێ خستنی فەلسەفەی لیبراڵیی مافی مرۆڤ لەنێو کۆمەڵگا ئیسلامی‌یەکاندا هەیە. فەقەرەیەکی بەرچاوی سیقیی ناوبراو لەو پێوەندی‌یەدا ئەوەیە کە ئەو توانیویەتی «ئەنجوومەنی باڵای کاروباری ئیسلامی»ی وڵاتەکەی لە ڕەت کردنەوەی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ پاشگەز بکاتەوە. گرینگیی هەنگاوێکی ئاوا کاتێک بەباشی هەست پێ دەکرێ کە ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە بەیاننامەیەکی ئیسلامیی مافی مرۆڤیش هەیە کە هیچ لەگەڵ بەیاننامەکەی ١٩٤٨ یەک ناگرێتەوەو کۆڕ و کۆمەڵە ئیسلامی‌یەکان زۆرتر لۆبیگەری بۆ ئەویان لەجیات و تەنانەت بە دژی ئەمیان دەکەن. فاکتەرێکی دیکە کە بەستێنی کارکردنی ڕاپۆرتۆری نوێ لەوانی پێش خۆی جیا دەکاتەوە، کۆنتێکستی سیاسی و نیهادیی

**گرینگترین ئاکامی ئەم دیاردەیە ئەوەیە کە ئێستا لە کۆمەڵگای جیهانی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەو قەناعەتە خەریکە دەکەوێتە بواری جێبەجێ کردنەوە کە پێویستە مەحکوومی‌یەتی حوقووقی و لەسەر کاغەزی دەوڵەتانی پێشێلکاری مافی مرۆڤ ئاکامی بەکردەوەی لەبواری سیاسی، دیپلۆماسی، ئابووری، قەزایی و تەنانەت نیزامیش‌دا هەبێ.**

● ●

بەرپێوەبردنی مەئموورییەتەکەیەتی. لەڕووی سیاسی‌یەوە، خۆش خەیاڵی نابێ ئەگەر بڵێین کە هەل و مەرجی تازەی پێوەندی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان بەتایبەتی لە دوو سێ ساڵی ڕابردوودا مەیدانی مانۆڕی ڕێژیمە سەرەڕۆکانی بۆ سات و سەودا و مامەڵە بە پەروەندەی مافی مرۆڤ زۆر بەرتەسک کردۆتەوە. ئەوە هەم لە سەفئاراییە نێوخۆیی‌یەکانی شوورای مافی مرۆڤ لە پێوەندی لەگەڵ پرۆسەی بڕیاردەریی نێو شووراڕادا وەبەر چاو دەکەوێ کە سەرەڕای درێژەکێشانی کۆمەڵێک بلۆک بەندی و هاوپێوەندیی ناوچەیی، سیاسی و فەرهەنگیی زیان بەخش بۆ مافی مرۆڤ، پانۆڕامای هەڵوێست گرتن و دەنگدانی دەوڵەتان شتی زۆر تازەو هیوابەخشی بەخۆیەوە دیوە؛ هەم بەگشتی لەپێوەندی لەگەڵ سیاسەت و هەڵوێستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە بەرامبەر

پێشێل کردنی بەربلاوی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی دیکتاتۆڕ لێ‌دراوەدا کە هاوهەنگاوی و جیددییەتێکی لەچاو ڕابردوو زیاتری زل هێزەکانی پێوە دیارە.

گرینگترین ئاکامی ئەم دیاردەیە ئەوەیە کە ئێستا لە کۆمەڵگای جیهانی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەو قەناعەتە خەریکە دەکەوێتە بواری جێبەجێ کردنەوە کە پێویستە مەحکوومی‌یەتی حوقووقی و لەسەر کاغەزی دەوڵەتانی پێشێلکاری مافی مرۆڤ ئاکامی بەکردەوەی لەبواری سیاسی، دیپلۆماسی، ئابووری، قەزایی و تەنانەت نیزامیش‌دا هەبێ. ئەوە کە ئەنجومەنی ئاسایش کە لە بناخەڕا فەلسەفەیەکی ئەمنیەتیی هەیە و زۆرتریش بە لۆژیکی ئەمنییەتی مامەڵەی لەگەڵ پرسی ئاشتی لە جیهاندا کردوە، بەڵام ئەمڕۆ ئامادەیە پرۆسەی چاوەدێری بەسەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لەلایەن نیهادەکانی ژنێڤەوە بکاتە پاراميترێکی مامەڵەی سیاسی لەگەڵ دەوڵەتان، هەروەها ئەکتیڤ بوونی کەم وێنەی دادستانی دیوانی جینایی نێونەتەوەیی و ئامادەییی ئەو بۆ وەڕێ خستنی مێکانیزمی دەستگیر کردن و لێ پێچینەوەی ڕێبەرانی سەرەڕۆ لە دەرەوەی حاڵەتی ئەو کێشە نێونەتەوەیی‌یانەش کە ژێنۆساید و تاوانی شەڕ و تاوان بەدژی مرۆڤایەتی‌یان تێدا ئەنجام دراوە، لە نیشانەکانی ئەو گەشەسەندنە موسبەتەن. لە ڕووی نیهادیشەوە، ڕاپۆرتۆری نوێ لە بەستێنێکی لەبارتردا دەست بەکار دەبێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ڕیفۆرم لە مێتۆدی کاری ڕاپۆرتۆرەکانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

ڕاپۆرتۆرەکانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان (کە دەکرێ بە ناوی جۆربەجۆر وەک ڕاپۆرتۆری تایبەتی، پسپۆڕی سەربەخۆ، نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتی، گرووپی کاری و ... هتد، بانگ بکرێن) دەچنە خانەی ئەو مێکانیزمانەی پارێزگاری لە مافی مرۆڤ کە بە «ڕێ و شوێنە تایبەتی‌یەکان» ناودێر کراون. مەبەست لە ڕێ و شوێنی تایبەتی ئەو ڕێکارانەیە کە دەکەونە دەرەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میکانیزمە نیهادییە دائیمی‌یەکان (بۆ نموونە میکانیزمەکانی پارێزگاری لە مافی مرۆڤ لە چوارچێوەی پەیماننامە نێونەتەوەیی‌یەکاندا).

تایبەتمەندیی کاری ڕاپۆرتۆرەکان:

دەتوانین جیاوازیی کارکردی ڕاپۆرتۆرەکان و بەگشتی ڕێ و شوێنە تایبەتی‌یەکان لەگەڵ میکانیزمی پارێزگاری لە ڕێگای پەیمانە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤەوە لە سێ خاڵدا ببینین کە لەڕاستیدا کەڵک و بایەخی ئەو ڕێ و شوێنە تایبەتی‌یانەش هەر لەو سێ خاڵەدا خۆ دەنوێنێ:

١: لە سیستمی پەیماننامەکاندا بۆ ئەوەی چاوەدێری بەسەر ڕەفتاری دەوڵەتێکدا ئەکتیڤ بکرێ، پێویستە دەوڵەتەکە پەیمانەکەی ئیمزا کردبێ، لەحاڵێکدا کە بۆ وەگەڕخستنی میکانیزمی ڕێ و شوێنە تایبەتییەکان ئەندامەتیی دەوڵەتان لە ڕێککەوتننامە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤدا پێش مەرج نیە.

٢: بۆ ئەوەی تاکەکان لەلای نیهادەکانی چاوەدێری بەسەر جێبەجێ کردنی پەیمانەکانی مافی مرۆڤ سەبارەت بە پێشێل کردنی مافەکانیان شکایەت بکەن، پێویستە پێشتر لە وڵاتی خۆیاندا هەموو کەناڵە ئیداری و قەزایی‌یەکانی شکایەت و داواکارییان بەتاقی کردبێتەوە و سەرکەوتوو نەبووبن. لە ڕێ و شوێنە تایبەتی‌یەکاندا دەکرێ کەسێک پەنا بۆ ئەو ڕێ و شوێنانە بەرێ بەبێ ئەوەی بە کەناڵە نێوخۆیی‌یەکانیشدا تێپەڕی بێ.

٣: بۆ شکایەت لەلای نیهادەکانی چاوەدێری بەسەر جێبەجێ کردنی پەیمانەکانی مافی مرۆڤدا پێویستە پێشێلکاری‌یەکە ڕووی دابێ و کەس یان کەسانێک قوربانی یان زەرەرمەند بووبن. لە ڕێ و شوێنە تایبەتی‌یەکاندا هەر ئەوەندە کە مەترسیی ڕوودانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ و ئەگەری قوربانی بوون یا زەرەمەند بوونی مرۆڤەکان هەبێ، دەکرێ داوای دەستێوەردانی ئەو ڕێ و شوێنانە بکرێ.

پۆلێن بەندیی ڕاپۆرتۆرەکان:

ڕاپۆرتۆر بۆ مافێک لە هەموو جیهاندا/ ڕاپۆرتۆر بۆ هەموو مافەکان لە وڵاتێکدا

مەئمووریيەتی ڕاپۆرتۆرەکان بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەبێ. دەستەی یەکەم ئەو ڕاپۆرتۆرانەن کە پێیان دەگوترێ ڕاپۆرتۆری تێماتیک(بەپێی بابەت)، واتە ئەو مەئمووریيەتانە کە لە وەزعییەتی مافی مرۆڤ لە جیهاندا لە بوار و بابەتێکی دیاری کراوی مافی مرۆڤدا دەکۆڵنەوەو پێشنیاری هەڵێنانەوەی هەنگاو و پەسند کردنی نۆرمی پێویست بۆ باش کردنی دۆخی مافی مرۆڤ لەو بوار و بابەتەدا دەکەن. تا ئێستا لە زیاتر لە ٣٠ بواردا ڕاپۆرتۆری تێماتیک دیاری کراوە کە لەنێو واندا دەکرێ ئاماژە بە بێ سەر و شوێن کردنی خەڵک، ئێعدامی ناقانوونی و سەرپێیی و سەرەڕۆیانە، شکەنجە، ئازادیی مەزهەب، زیندانی کردنی سەرەڕۆیانە، ئازادیی بیروباوەڕ و رادەربڕین، ڕاسیزم و هەڵاواردنی نەژادی، سەربەخۆیی دادوەر و پارێزەرەکان، توندوتیژی بەدژی ژنان، داکۆکی‌کارانی مافی مرۆڤ، گەلانی بوومی، ئاوارەکانی نێوخۆی وڵات، پرسەکانی پێوەندیدار بە کەمایەتی‌یەکان و ... هتد، بکەین.

دەستەی دووهەمی ڕاپۆرتۆرەکان کە مەئموورییەتەکەی دوکتور ئەحمەد شەهید لێرەدا جێگیر دەبێ، بریتی‌یە لەو ڕاپۆرتۆرانەی لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە وڵاتێکی دیاری کراودا دەکۆڵنەوە. دیاری کردنی ڕاپۆرتۆری تایبەتی بۆ وڵاتێک هەر لە خۆی‌دا بە مانای شپرزە بوونی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە وڵاتەکە دایە، هەربۆیە بڕیارێکی قورس و ئیستسنایی‌یە کە تا ئێستا تەنیا لەسەر ژمارەیەکی کەم لە وڵاتان جێبەجێ کراوە(میانمار، کامبۆج، سەرزەمینە داگیرکراوەکانی فەلەستین، بروندی، سۆماڵی، هایتی، لیبێریا، کۆرەی باکوور، سوودان و ئێران).

ئەرکی ڕاپۆرتۆرەکان:

لە دۆکومێنتێکی (دستورالعمل)دا کە کۆمیسیاریای بەرزی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی ئۆوتی ٢٠٠٨دا لەپێوەندی لەگەڵ «ڕێ و شوێنە تایبەتی‌یەکان»دا بڵاوی کردۆتەوە، ئەرکی ڕاپۆرتۆرەکان لەم چەند بوارەدا چڕ کراوەتەوە:

١: لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە هەموو ناوچەکانی جیهاندا بەبێ سەرنجدان بەوە کە ئەو وڵاتانەی لێکۆڵینەوەیان لێ دەکرێ، لە پەیمانەکانی مافی مرۆڤدا ئەندامن یا نا.

٢: هەڵێنانەوەی هەنگاوی بەوەخت لەپێوەندی لەگەڵ ئەو ئیدیعایانەی پێشێل کرانی مافی مرۆڤ کە پێیان دەگا، لەڕێگای ساغ کردنەوەی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە بوارێکی دیاری کراودا یان لە وڵاتێکی دیاری کراودا بە پێوەندی گرتن و ناردنی تیمی لێکۆڵینەوە بۆ وڵات یان وڵاتەکان.

٣: هاوکاری کردنی دەوڵەتان و دانی خزمەتی ڕاوێژکاری و پسپۆڕیی تەکنیکی بەوان بۆ باش کردنی بارودۆخی مافی مرۆڤ.

٤: هۆشیارکردنەوەی ئۆرگانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و هاندانیان بۆ هەڵوێست وەرگرتن و هەنگاو هەڵێنانەوە لە بەرامبەر حاڵەتە مەترسیدارەکانی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ.

٥: بە هاناوە هاتنی قوربانی‌یەکانی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ڕێگای هەڵێنانەوەی هەنگاوی بەپەلە و بانگهێشتنی دەوڵەتی پێوەندیدار بۆ ڕوون کردنەوەی ئیددیعای پێشێلکاری.

٦: ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ سەر وەزعییەتە دڵ تەزێنەکانی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و هاندانی بۆ وەخۆکەوتن لەو حاڵەتانە.

٧: پەرەپێدانی هاریکاری و هەماهەنگیی نێونەتەوەیی لەبواری دیفاع لە مافی مرۆڤدا.

٨: بەدواداچوون و چاوەدێری بەسەر جێبەجێ کردنی ڕێنوێنی و ڕاسپاردەکانی شووڕای مافی مرۆڤ و ئۆرگانە پێوەندیدارەکانی دیکە لەلایەن دەوڵەتانەوە.

شێوەی دیاری کردنی ڕاپۆرتۆرەکان:

ڕاپۆرتۆرەکان پێشتر لەلایەن کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤەوە دیاری دەکران و لە ساڵی ٢٠٠٦ بەو لاوە لەلایەن شووڕای مافی مرۆڤەوە (کە جێگەی کۆمیسیۆنی مافی

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org








مرۆڤی گرتۆتەوە) هەڵ دەبژێردرێن.
ڕاپۆرتۆرەکان بەپێی مەئمووریەتەکەیان بۆ دەورەی یەک تا سێ ساڵە دیاری دەکرێن و دەکرێ نوێ بکرێنەوە. حکوومەتەکان، گرووپە ناوچەیی‌یەکانی دەوڵەتان لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکان، کۆمیسیارای بەرزی مافی مرۆڤ، ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتی‌یەکان، ئۆرگانەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ، هەر کامە بە نۆرەی خۆیان بۆیان هەیە کاندیداتۆری پێشکەش بکەن و پسپۆڕ و چالاکانی بواری مافی مرۆڤ بۆ خۆشیان دەتوانن خۆیان کاندیدا بکەن.
گرووپی ڕاوێژکاریی شوورای مافی مرۆڤ لیستەی کاندیداتۆرییەکان لەسەر بنەمای پسپۆڕی، سەربەخۆیی، بێ لایەنی، بەستراوە نەبوون بە هیچ دەوڵەتێک و پیشەگەرییانەوەو بە لەبەرچاوگرتنی ڕەنگاورەنگی‌یە سیاسی و فەرهەنگی و جینسی‌یەکان ئامادە دەکا.
ڕاپۆرتۆرەکان بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانیان ماف و ئیمتیازی هاوشێوەی پارێزراوی(مەسوونییەت)ی دیپلۆماتیکیان هەیە.

ڕێک خستنی کاروباری ڕاپۆرتۆرەکان:

کۆمیسیارای بەرزی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ یەکەیەکی هەیە بەناوی «یەکەی ڕێ و شوێنە تایبەتی‌یەکان» بۆ ڕێک خستنی کاروباری ڕاپۆرتۆرەکانی مافی مرۆڤ. ئەو یەکەیە ستراتژیی گشتیی کاری ڕاپۆرتۆرەکان دادەڕێژێ و کاروباری سکرتاریەتی «کۆمیتەی هەماهەنگی ڕێ و شوێنە تایبەتی‌یەکان»یش بەڕێوە دەبا. هەر لەو یەکەیەدا بوورۆیەک هەیە بە ناوی «بوورۆی دژکردەوەی خێرا» کە ئەرکی پێوەند دانەوەو هەماهەنگ کردن و گەیاندنی موکاتباتی ڕاپۆرتۆرەکانی لەسەر شانە.

شێوەی دەست ڕاگەیشتنی قوربانی‌یانی پێشێلکاری یان چالاکانی مافی مرۆڤ بە ڕاپۆرتۆرەکان:

ڕاپۆرتۆرەکان نابێ تەنیا ئەو هەواڵ و زانیاری‌یانە کە لە مێدیاکاندا بڵاو دەبنەوە بکەنە بنەما. بەڵکوو دەبێ لە سەرچاوەی ڕاستەوخۆوە زانیاریی بۆخۆیان کۆ بکەنەوە. ئەوان بۆ ئاگادار بوون و ساغ کردنەوەی حاڵەتەکانی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ دەتوانن هەرجۆرە سەرچاوەیەکی جیددی و باوەڕ پێکراوی زانیاری (لەلای حکوومەتەکان خۆیان، ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکان، ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتی‌یەکان، نیهادە کیشوەرییەکانی مافی مرۆڤ، کەس و کاری قوربانی‌یەکان، ڕووناکبیران و چالاکان و هتد) بەکار ببەن. ئەوان چەندی بۆیان بکرێ دەبێ تێ بکۆشن لە نزیکەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی زانیاری‌یان لێ وەردەگرن دیدار و گفتگۆ بکەن و هەموو هەوڵێکیش دەبێ بدەن بۆ ئەوەی سەرچاوەکانی زانیاری لەلایەن حکوومەتی وڵاتەکەوە نەخرێنە بەر ئەزیەت و ئازاردان و دەرەتانی ئەوەشیان بۆ پێک بێنن کە ئەگەر لە ئەنجامی دانی زانیاری‌دا کەوتنە بەر هەڕەشە بتوانن ڕاپۆرتۆرەکان ئاگادار بکەنەوە.
ڕاپۆرتۆرەکان ناو و هۆوییەتی سەرچاوەی زانیارییەکانیان لەلای حکوومەتی وڵاتەکە ئاشکرا ناکەن مەگەر ئەوە کە سەرچاوەی زانیارییەکە بۆخۆی داوا بکا کە ئاماژە بە ناوی خۆی یا ڕێکخراوەکەی بکرێ. ڕاپۆرتۆرەکان هەروەها بۆیان هەیە کە تەنیا ئەو بڕە زانیارییە سەبارەت بە هەوڵ و هەنگاوەکانیان لەلای ئەو کەسانەی پێوەندی‌یان پێوە کردوون ئاشکرا بکەن کە بۆ سەرکەوتنی کارەکەیان بە سەلاحی دەزانن.
قوربانی‌یان یان چالاکانی بواری مافی مرۆڤ دەبێ لە ڕێگای نووسراوی تایپ کراو یان ئەلکترۆنی‌یەوە پێوەندی بە ڕاپۆرتۆرەکانەوە بکەن. ڕاپۆرتۆرەکان نامە و پێوەندی گرتنی بێ ناو و نیشان کە کەسایەتی و ناسنامەی سەرچاوەی زانیاری دیار نەبێ یان بە ناوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خوازراوەوە نامەیان بۆ نووسی بن، قبووڵ ناکەن و پێویستە خاوەنی نامەکان هۆوییەت و ناونیشانی خۆیان یان ئەو ڕێکخراوەی کاری تێدا دەکەن بە ڕوونی بۆ ڕاپۆرتۆرەکە بنووسن. ئەوان لە نامەکانیاندا دەبێ بە وردی ئاماژە بە هەموو زانیارییەکانی پێوەندیدار بە ناو و ناسنامەی قوربانییان و کات و شوێن و کۆنتێکستی پێشێلکارییەکە بکەن. (ئیمەیلی پێوەندی بە ڕاپۆرتۆرەکان: urgent-action@ohchr.org).

ڕێکارەکانی بەردەستی ڕاپۆرتۆرەکان:

ڕاپۆرتۆرەکان بە هەردوو ڕێگای نامەناردن و سەردانی وڵاتەکەدا دەتوانن تەدەخول لە کەیسی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لەلایەن دەوڵەتەکەوە بکەن. موکاتبەکان دوو جۆریان هەیە: جۆری یەکەم و هەرە باو ئەو حاڵەتانەن کە پێیان دەگوترێ بانگەوازی بەپەلە کە پێوەندییان بەو حاڵەتانەوە هەیە کە ئەگەری ڕووداوی پێشێلکارییەکی مەترسیدار و قەرەبوونەکراوی مافی مرۆڤ (بۆ نموونە ئێعدام) لە ئارادایە و ڕاپۆرتۆرەکان داوا لە دەوڵەتەکە دەکەن دەست لە ئەنجام دانی پێشێلکارییەکە رابگرێ. جۆری دووهەمیش ئەو نامانەن کە باسی ئەو پێشێلکارییانە دەکەن کە ئێدی ڕوویان داوە لێرەدا ڕاپۆرتۆر داوای زانیاری و ڕوون کردنەوە لە دەوڵەتەکە دەکا. لەو حاڵەتەدا دوو مانگ مۆڵەت بە دەوڵەتەکە دەدرێ هەتا ڕوون کردنەوەکانی خۆی بخاتە ڕوو. بەپێی پێویست ڕاپۆرتۆر دەتوانێ لەڕووی ئەو زانیارییانەوە کە لە دەوڵەتەکەوە بەدەستی گەیشتووە، پێوەندی بە سەرچاوەی زانیارییەکانییەوە بکا هەتا تێبینییەکانیان لەسەر ڕوون کردنەوەکەی دەوڵەت وەربگرێ.

ڕاپۆرتۆرەکان بە کەناڵی دیپلۆماتیکدا و لە ڕێگەی کۆمیسارایای بەرزی مافی مرۆڤەوە پێوەندی گرتن و نامەکانیان ئاراستەی نوێنەرایەتیی دائیمیی وڵاتەکە لە ژنێڤ یا لە نیۆیۆرک دەکەن، یان ڕاستەوخۆ بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵاتەکەی دەنێرن. مەبەستی موکاتبەکان داوای زانیاری و ڕوون کردنەوە چ لە پێوەندی لەگەڵ ئیدیعاکانی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و چ سەبارەت بە هەنگاوەکانی حکوومەت بۆ کۆتایی هێنان بە پێشێلکارییەکانە.

کاریگەرترین و بەسوودترین فۆرمی تەدەخولی ڕاپۆرتۆرەکان سەردانی وڵاتەکەیە. بەڵام ڕاپۆرتۆرەکان تەنیا لە حاڵەتێکدا دەتوانن سەردانی وڵاتێک بکەن کە دەوڵەتی وڵاتەکە رازی بێ. شوورای مافی مرۆڤ لە چەند ساڵی رابردوودا مێکانیزمێکی داناوە بەناوی دەعوەتی دائیمی کە بریتییە لەوەی دەوڵەتان پێش وەخت ڕادەگەیەنن کە هەر کاتێک ڕاپۆرتۆرەکان بیانەوێ سەردانی وڵاتەکەیان بکەن، بەشێوەی ئۆتۆماتیک داواکایان قبووڵ دەکەن. زۆربەی کات ڕاپۆرتۆرەکان ناچارن بۆخۆیان بە گوێی دەوڵەتان هەڵبێنن هەتا دەعوەتیان بکەن. لەحاڵەتێکدا کە دەوڵەتەکە موافقەتی لەگەڵ سەردانی ڕاپۆرتۆرەکە کرد، وردەکاریی سەفەرەکە بە هاوفکری لەگەڵ «یەکەی مەئموورییەتە مەیدانییەکان و هاریکاریی تەکنیکی»ی کۆمیسارایای بەرزی مافی مرۆڤ و بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی وڵاتەکە (لە ڕێگای پێوەندییەک لە وەزارەتی دەرەوە یان لە کابینەی حکوومەت) ڕێک دەخرێ. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر دیدار لەگەڵ قوربانییان و زەرەرمەندانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ یان چالاکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ڕاپۆرتۆر ئەمە بە هاوفکری لەگەڵ نوێنەرایەتیی یووئێن لە وڵاتەکە و ڕێکخراوە غەیرە دەوڵەتییەکان و بەبێ ئاشکرا کردنی هەموو وردەکارییەکان بۆ کاربەدەستانی دەوڵەتەکە تەنزیم دەکا. حکوومەتی وڵاتەکە دەرووستە بەوە کە بەربەست لەسەر سەردان و دیدارەکانی ڕاپۆرتۆر لەگەڵ خەڵکی وڵات و شوێنی مانەوەی خەڵکی قوربانی و زەرەرمەندی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ پێک نەهێنێ. لە کاتی دیدار لەگەڵ زیندانییان، شکەنجە کراوان یان بەگشتی قوربانییانی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ مەئموورینی دەوڵەتی نابێ حزووریان هەبێ.

بێ‌گومان لەو حاڵەتانەدا کە دەوڵەتێک هاوکاریی پێویست لەگەڵ ڕاپۆرتۆرەکە ناکا (بۆ نموونە ڕێگەی سەردانی وڵاتەکەی پێ نادا یان خۆ لە جێبەجێ کردنی داواکاری و ڕاسپاردەکانی ڕاپۆرتۆر دەدزێتەوە)، ڕاپۆرتۆرەکان دەتوانن بەشێوەی ڕەسمی لێدوان بۆ مێدیاکان بدەن.

ئاکامی کاری ڕاپۆرتۆرەکان:

پاش هەر سەردانێکی مەیدانی ڕاپۆرتۆر ڕاپۆرتی سەفەرەکەی خۆی بە ئاشکرا دەخاتە ڕوو و مانگێک تا مانگ و نیوێک مۆڵەت بە حکوومەتی وڵاتەکە دەدا هەتا تێبینییەکانی خۆی لەو پێوەندییەدا بخاتە ڕوو. بەشێوەی گشتی، بەپێی ئەوە کە مەئمووریيەتی ڕاپۆرتۆرەکان چۆن پێناسە کراوە، ئەوان ڕاپۆرت دەدەنەوە بە شوورای مافی مرۆڤ و هێندێک جاریش بەشێوەی ڕاستەوخۆ بە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. لەو ڕاپۆرتانەدا ڕاپۆرتۆرەکان هەروەها پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خۆیان لەپێوەندی لەگەڵ ئەو بڕیارانەی پێویستە لەلایەن شوورا و کۆڕی گشتی و نیهادە پێوەندیدارەکانی‌ترەوە بدرێن فۆرمووڵە دەکەن. لەو حاڵەتانەدا کە شوورای ئەمنییەت قەیرانی وڵاتێکی دیاری کراو لەسەر مێزی باسی و خواسەکانی خۆی تاوتوێ دەکا، ئەو ئۆرگانە دەتوانێ ڕاپۆرتۆری بابەتێک یان ڕاپۆرتۆری تایبەت بە وڵاتێک دەعوەت بکا هەتا ئاکامی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونەکانی خۆی لە کۆبوونەوەیەکی شوورای ئەمنییەتدا بخاتە ڕوو. بەو پێیە دەتوانین بڵێین کە لەگەڵ ئەوەدا کە کاری ڕاپۆرتۆرەکانی مافی مرۆڤ زۆرتر دەچێتە خانەی ئەوە کە پێی دەڵێن دیپلۆماسیی نەرم، بەڵام زۆر جاریش هەڵ کەوتووە کە ئاکامی لێکۆڵینەوەکان وەک یەکێک لە بنەماکانی هەڵوێست و کردەوەی قورس و قایمی نەتەوە یەکگرتووەکان و ناوەندە بڕیاردەرە نێودەوڵەتییەکانی دیکە کەڵکی لێ وەرگیراوە.

تێبینی: دیارە ئەم وتارە پێشتر لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بلاو کراوەتەوە، بەڵام بە هۆی گرینگی بابەتەکەو پێوەندی بە فایلی ژمارەی گۆڤارەکەمان لەسەر ئێزنی نووسەر لێرەدا هێناومانەتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کوردەکان و لەژێر پێ نانی مافەکانیان




**وریا ساڵحزادە**

باسەرەتا بزانین داخۆ مافەکانی مرۆڤ چین و لە کوێوە هاتوون. مافەکانی مرۆڤ بە گشت ئەو یاساو رێ و شوێنانە دەگوترێ کە دەبێ دەوڵەت بە گوێرەی ئەوان رەفتار لەگەڵ تاک و دەستەو تاقمە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵ بکات. لە کۆی بابەتەکەدا مافەکان ئەو یاسایانەن کە لە پێوەندی لەگەڵ بەرامبەرەکەماندا لایەنی ئێمە دەگرن واتە مافەکانی مرۆڤ لە بەرامبەر دەوڵەتدا بەرژەوەندی ئێمە دەپارێزن و داکۆکی لێ دەکەن. مرۆڤەکان هەموویان خاوەنی ماف و ئازادی وەک یەکن و ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ بێوەبەرچاوگرتنی هەرچەشنە جیاوازییەک هەمووان دەگرێتەوە.مافەکانی مروڤ جیهانین و هەموو مرۆڤەکان دەگرنەوە، بەڵگەش بۆ جیهانی بوونی مافەکانی مرۆڤ و ئیعتباری نێونەتەوەیی و هەمیشەییان ئەوەیە کە ئەوان لە ئاکامی باس و وت و وێژێکی زۆری نێونەتەوەییدا پەسند کراوان. بە هیچ شێوەیەک ناکرێ بابەتێکی گرینگی وەک مافەکانی مرۆڤ بێتە ئاراوەو باسی کوردستان و رۆڵەکانی کوردی تێدا نەکرێت،کوردستان یەکێکە لەو وڵات و خاکانە کە بۆتە مەڵبەندی ململانێی هێزە سیاسی و ئایینییە دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکە، نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو قوربانی دەستی سەردەمداران بووەو تەنانەت بوونیەتی خۆی وەک مروڤێک و دواتر نەتەوەیەک لێ زەوت کراوە ئەگەر بمانەوێ سەرەتا باسی ئێران بکەین کە دووەم گەورەترین دانیشتووانی کوردی تێدایە لە ڕووی پارچەکانیتری کوردستانەوە. هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی، رۆڵەکانی کورد لە جووتیارو خوێندکارو ڕۆژنامەنووس و مامۆستاو چالاکوانانی مەدەنی و ئایینی ڕووبەڕووی گەورەترین تەنگ و چەڵەمە بوونەوەو داواکاری و مافەکانیان بە زەبرو سەرکوت و تیرورو ئێعدام وەڵام دراوەتەوە، لەحاڵێکدا هاونیشتمانانی کورد لە ئێراندا خۆیان بە بەشێک لەو وڵاتە دەزانن، چونکە بەشدارییان لە گشت



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

پرۆسەیەکی ئاوەدان کردنەوەو شارسازی و پاراستنی سنوورەکاندا کردووە، بەڵام ئەوە هەر دوژمنی دڵ پڕ لە قینە کە ڕۆژانە کاسبکارانی کورد بەردەستڕێژی گوللە دەدات لەحاڵێکدا دژ بە هیچ یاسایەکی ئەو وڵاتە نەجووڵاونەوەو تەنیا هەوڵی دابین کردنی بژیوی ڕۆژانەی منداڵەکانیان داوە یان ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانانی مافی مروڤ دەگرێ و ڕووبەڕووی ئێعدام و توندترین سزای دژە مرۆییان دەکاتەوە. بە گوێرەی سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکان لە دواترین ڕاپۆرتی نێو دەوڵەتیدا دەرکەوتووە کە ئێران پلەی یەکەمی بە دەستە لە زیندانی کردنی ڕۆژنامەنووسان لەجیهاندا. بێگومان ڕۆژنامەنووسانی کوردیش پشکێکی زۆریان بەرکەوتووە لەم ڕێژەیە. لە تورکیا و سووریەشدا بە شێوەیەکی بەرچاو مافی مروڤی کورد پێشیل دەکری و بە دڕندانەترین شێوە وەڵامی ویست و داخوازییە مرۆیی و نەتەوەیی‌یەکانی کورد دەدرێتەوە هەر لە دەستگیرکردنی بە کۆمەڵی ڕۆژنامەنووس و چالاکوان و سیاسەتمەدار و پەرلەمانتارو بگرە هەتا دەگاتە هیواخواستی شۆڤێنیستانی تورک لە کەناڵی ڕەسمی ئەو وڵاتە بۆهاتنی بوومەلەرزە لە دیاربەکرو خاپووربوونی ئەو مەڵبەندەش وەک کارەساتەکەی ناوچەی وان، واتە وڵاتێک کە بەو چەشنە دژایەتی گشت بوونیەتێکی تۆ وەک نەتەوەیەک یان وەک مروڤێک دەکات ئیتر چ هیوایەک هەیە بە بنیاتنانی وڵاتێکی دیموکرات و تێکەڵ بوونی بە کۆمەڵگەی هاوچەرخ لە گەڵ وەها نەتەوەگەلێک بێگومان تۆوی وەها دژایەتیەک لەگەڵ نەتەوەیەکی ستەم لێکراوی وەک کورد لە ناخی کەلتوورییاندا نێشتراوەو وەک سیستەمێک پێڕەوی لێدەکرین. هەروەها لە سووریاش گەورەترین ستەم لە دژی مافی کورد کراوەو دەکری ئێستاشی لە گەڵدا بێت بە سەدان هەزار کورد لەو وڵاتە خاوەنی ناسنامە نین و لە لایەن ئەو وڵاتەوە پێیان

**هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی، ڕۆڵەکانی کورد لەجووتیارو خوێندکارو ڕۆژنامەنووس و مامۆستاو چالاکوانانی مەدەنی و ئایینی ڕووبەڕووی گەورەترین تەنگ و چەڵەمە بوونەوەو داواکاری ومافەکانیان بە زەبروسەرکوت و تیرورو ئێعدام وەڵام دراوەتەوە.**

نەدراوە کە لە سەردەمی حافز ئەسەدەوە ئەم بابەتە هەروا بە هەڵواسراوی ماوەتەوە ئێستاش کە خەریکە بەرەو ڕووخان دەچێ. شایانی باسە کە بوونی ناسنامە یەکێکە لە سەرەتایی‌ترین مافەکانی مروڤ کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێ. لەسەر یەک بەبێ وەبەرچاوگرتنی باری یاسایی پێک هێنراو لە لایەن دەوڵەتانی دەسەڵاتدار بەسەر هەر کام لە هەرێمە کوردنشینەکاندا بە شێوەیەکی گشتی وەزعی مافی مروڤ لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا زۆر خراپە. لەمێژە ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مروڤ سەنەد و بەڵگەی سەلمێنراو سەبارەت بە پێشێل کرانی مافەکانی مروڤ لە ناوچە کوردنشینەکاندا بڵاو دەکەنەوە، بەڵام بۆ یەکەم جار لە دەیەی ۱۹۹۰دا بوو کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرامبەر بەوەزعی خراپی مافی مروڤ و پێشێل کرانی ئەو مافانە لە هەندێک لە ناوچە کوردنشینەکاندا دەستی کرد بە دژکردەوە نیشان دان. لەم دواییانەشدا چ لە ئاستی نێونەتەوەیی و چ لە ئاستی ئەو وڵاتە جۆراوجۆرانە کە کوردیان تێدایە بە باشتربوون و بەهێزکردنی مافەکانی مروڤ هەوڵی جیددی دراوە و تا ڕادەیەک دەستکەوتیشی هەبووە. بەڵام هێشتا کێشەو مەسەلە سیاسی‌یە ناڕوون و چارەسەر نەکراوەکان بوون بە هۆی ئەوەی کە وەزعی مافەکانی مروڤ لە ناوچە کوردنشینەکاندا هەروا بە ناڕوونی بمێنێتەوە، وەزعی دژوار و ناڕوونی پرلە گێرە وکێشەی عێراق و وڵاتانی عەرەبی وبەرپابوونی شۆڕشەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی و نەبوونی ئیرادەی سیاسی بۆ گۆڕینی دۆخەکە لە باکووری کوردستان لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکەوە، هەر کام بە نۆرەی خۆیان گەورەترین گیروگرفتن لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی کورددا. ئەم پێشێل کرانە بەرچاوەی مافی مروڤ بەشێکی زۆرکەم لەو ستەم و چەوسانەوەو هەڵاواردنەی کە بە کوردەکان بەرەوا دەبیندرێت.

سەرچاوەکان:

۱: کورتە باسێک بە مافەکانی مروڤ لە وەرگێڕانی ئیبراهیم ساڵحی‌ڕاد لە نۆڕویژییەوە.

۲: اعلامیه جهانی حقوق بشر، مقدمه و توضیع کندال تران رئیس مؤسسه کرد در پاریس. ترجمه علی بلخکانلو.

***

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەسەرهاتی نەبڕاوەی کوژرانی کۆڵبەرانی کورد بە دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی





عەلی بداغی

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان لە ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵی رابردوودا ئەوەندەی بیری لە چۆن کوشتن و چۆن برین و چلۆن سەرکوت کردنی خەڵکی کوردستان کردۆتەوەو پیلانی بۆ داڕشتوە، یەک لە هەزاری ئەوەندە بە بیری ئاوەدانی و پێڕاگەیشتن و خزمەت کردن بە خەڵکی کوردستان نەبووە و پلانی بۆی دانەڕشتوە، لە حاڵێکدا ئەوەیان ئەرکی دەوڵەتە و ئەوی دیکەیان لە دوژمنکاری و رقێکی ئەستوورەوە سەرچاوەی گرتووە کە تا ئێستاش وەک خۆی ماوەتەوە.

هەر بۆیەش دەبینین کە نەتەوەی کورد لە ئێران لە دیاری و بەرهەمەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی وڵات کە هەژاری، بێکاری، کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ئێعتیاد و خۆکوژی و گرتن و ئەشکەنجە و کوشتنی نەیاران و ڕەخنەگرانی سیاسی بەشی شێری پێ براوە. بەڵام سەرباقی هەموو ئەوانەش رۆژ نیە کە لە میدیاکانی کوردستاندا هەواڵی کوژران و بریندار بوونی کاسبکارانی کورد بڵاو نەبێتەوە، هەر ئەو کاسبکار و کۆڵبەرانەی کە سیاسەتی هەڵاواردن و دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی و پەراوێزخرانی کوردستان لە گەشەی ئابووری وای کردوە تا ئەوان بەهۆی بێکاری و بێدەرەتانی و لە رووی ناچارییەوە بە کاری کۆڵباری خەمی ژین و خەمی نانیان لە کۆڵ ناوەو لە دووی پاروو نانێک بۆ خۆیان و خاو و خێزانیان سینگیان بە گوللەی هێزەکانی رێژیمەوە ناوە. سەرنجدان بە دوایین ئامار لەو پێوەندییەدا پیشانی دەدا کە خەڵکی ناوچە سنورییەکانی کوردستان کە لە هەموو ئیمکاناتێکی وەبەرهێنان و سەرمایەدانانی دەوڵەتی و کار و ئاوەدانی بێبەشن، چۆن رۆڵەکانیان بە تاوانی کار و کاسبی! و پەیدا کردنی پاروو نانێک دەدرێنە بەر گوللە، بێ ئەوەی هێزە کوردکوژەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ تاقە یەک چرکەش بیر لەوە بکەنەوە کە ئەو خەڵکە بە کامە تاوان و بەپێی کامە قانوون دەدەنە بەر دەسرێژی چەکەکانیان.

هێزە ئەمنییەتی و چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی سێ مانگی پاییزی ئەو ساڵدا لانی کەم ٢٩ کەسیان کوشتوە کە ٢٦ کەسیان لە کۆڵبەران و کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستان بوون.

هێزە ئەمنییەتی و چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لە ئاکامی کەمین نانەوە و تەقە کردن لە کاسبکاران و کۆڵبەرانی ناوچە سنورییەکانی کوردستان کە بە هۆی بێکاری و بێ دەرەتانی بە کاری کۆڵەباری نان و بژیوی رۆژانەی خۆیان پەیدا دەکەن، ١٦ کەس لەوانیان بریندار کردوە کە بەشێکی زۆری ئەو بریندارانە لە ترسی بەدواداچوونی ناوەندە ئەمنییەتی‌یەکان لە نەخۆشخانەکانی باشووری کوردستان وەدوای چارەسەریی برینەکانیان کەوتوون.

ئەگەر ئاماری کوژران و برینداربوونی ئەو خەڵکە داماو و کاسبکارەی کورد لە سەرەتای ساڵەوە وەسەر یەک بخەینەوە، دەبینین کە لە ماوەی ٩ مانگی ئەو ساڵدا ٥٦ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بە تەقەی راستەوخۆی هێزەکانی رێژیم کوژراون و ٦٧ کەسیشیان بەو هۆیەوە بریندار بوون.

ئەوە جیا لەوەی کە هێزەکانی رێژیم کە لەززەتی ئینسان کوژی و ئەگەر وردتر بڵێم کورد کوژی ئەوانی لە کوردستان درِ و وەحشی کردوە، زیاتر لە سەدان ئەسپ و ئێستری بەستەزمانیان بەبەر چاوی خاوەنەکانیان گوللە ئاژن کردووە کوشتوویانن؛ ئەوە جیا لەوەی کە لە ماوەی ئەو ٩ مانگەدا بە میلیارد تمەن باری کاسبکارانیان بە تاڵان بردوە.

کوژران و برینداربوونی ١٢٣ کەس لە کۆڵکێش و کاسبکارانی کورد بە دەستی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی نۆ مانگدا، ئەویش کۆمەڵە کەسانێک کە نە چەکیان دژی کۆماری ئیسلامی هەڵ گرتووە نە هەڕەشەیان لە ئەمنییەتی وڵات کردوە نە زیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری‌یان بە کۆمەڵگا گەیاندوە، نەک هەر دڵ تەزێن بگرە کارەساتێکی مرۆییە کە تەنیا دەتوانێ لە کوردستان روو بدا.

لەبارەی رەوتی بەردەوامی کوشتاری

**ئەو کۆڵکێش و کاسبکارەی کە نەک لە سەر تێری، بەڵکوو بە هۆی هەژاری و برسێتیی خۆی و ماڵ و منداڵی و لە پێناو دەس‌خستنی رۆژانە ١٠ هەزار تمەن گیانی خۆی لە سەر لەپی دەستی دادەنێ و بۆسە و کەمینی هێزەکانی رێژیم و سەختیی هەڵدێر و سەرماوسۆڵ و مەترسیی تەقینەوەی مین لە ژێر پێی دەبڕێ، بۆ ئەوەی کۆڵەبارەکەی بە دەستی خاوەنەکەی بگەیەنێ و ئەو برە کەمە پارەیە وەک کرێی رێی هات و نەهاتی وەرگرێ، ناتوانێ قاچاغچی بێ**

کۆڵبەران و کاسبکارانی کوردی ناوچە سنورییەکانی کوردستان بە دەستی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە جێدا خستنە بەرباس و دووپاتە کردنەوەی چەند سەرنجێک پێویستە:

بەر لە هەموو شتێک دوورکەوتنەوەو بەگژداچوونەوەی ئەو ناساوەی کۆڵبەران و کاسبکارانی کوردی پێ پێناسە دەکرێ، ئەویش ناساوی قاچاغچی‌یە کە بە داخەوە بە هەڵە لە سەر زاری زۆربەی خەڵکیشە. ئەو کۆڵکێش و کاسبکارەی کە نەک لە سەر تێری، بەڵکوو بە هۆی هەژاری و برسێتیی خۆی و ماڵ و منداڵی و لە پێناو دەس‌خستنی رۆژانە ١٠ هەزار تمەن گیانی خۆی لە سەر لەپی دەستی دادەنێ و بۆسە و کەمینی هێزەکانی رێژیم و سەختیی هەڵدێر و سەرماوسۆڵ و مەترسیی تەقینەوەی مین لە ژێر پێی دەبڕێ، بۆ ئەوەی کۆڵەبارەکەی بە دەستی خاوەنەکەی بگەیەنێ و ئەو برە کەمە پارەیە وەک کرێی رێی هات و نەهاتی وەرگرێ، ناتوانێ قاچاغچی بێ. قاچاغچی ئەو کەسانەن کە لە سنوورەکانی رۆژهەڵاتی ئێرانەوە ماددەی هۆش‌بەر بۆ نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ترانزیت دەکەن و بە هۆی ئەوەش کە زۆربەی هەرە زۆریان باندەکانی سەر بە ناوەندە ئەمنیەتی‌یەکانی رێژیم بە تایبەت سپای پاسداران، نەک هەر خۆیان مەترسیی گیانی‌یان لە سەر نیە، بەڵکوو خۆیان هەرەشە و مەترسیی جیددی بۆ سەر ئەمنییەتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگان. باری ئەو کۆڵبەر و کاسبکارەش کە مەوادی خۆراکی، بێهداشتی، یان کەرەسەی کارەبایی نێو ماڵە، ناتوانێ کاڵا و شمەکی قاچاغ بێ، باری قاچاغ ئەو کاڵا و کەرەستانەیە کە باندەکانی نێو دەسەڵاتی رێژیم خۆیان لە رێگای ئاوەکانی ئازادەوە لە ئێسکێلە و بەندەرگە تایبەتی و نادیارەکانی خۆیانەوە هاوردەی وڵاتی دەکەن و پشتی وەبەرهێنەر و بەرهەم هێنەرە نێوخۆییەکانی پێ دەشکێنن.

ئەوەی زیان بە ئابووریی وڵات دەگەیەنێ، ئەو کۆڵبەر و کاسبکارە داماوەی کورد نیە کە کارتۆنە شووشەیەک، یان ئێل سیدییەکی لە کۆڵ ناوە، بەڵکوو ئەو باند و مافیایانەی نێو دەسەڵاتن کە سەدا ٨٠ تا سەدا ٩٠ی کاڵا و شمەک و کەرەسەی قاچاغ لە رێی شوێنە ڕەسمی‌یەکانی وەک بازارچە و بەندەر و فرۆکەخانەکانەوە هاوردەی وڵات دەکەن، یان بۆ نموونە ئەوە ڕەوت و لایەنانەن کە سێ هەزار میلیارد تمەن لە تەنگەی باخەڵیان دەنێن و وەک

www.lawan.com
کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن.

خاڵێکی جێی سەرنجی دیکە لەو پێوەندییەدا ئەوەیە کە کردەوەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بۆ تەقە کردن لە کاسبکارانی کورد و بەکارهێنانی چەک بەم جۆرە دژی ئەوان نەک هەر قانوونی نیە، بەڵکوو خۆی پێشێل کردنی ئاشکرای قانوونە.

قانوونی بەکارهێنانی چەک بۆ هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی تەنیا ئەو کارە رێی بە بەکارهێنانی چەک دژی کەسێک داوە کە ئەو کەسە لە دەستی قانوون و هێزە ئینتیزامییەکان ڕای کردبێ و بەر لە هەموو شتێک تاوانەکەی لە ناوەندێکی قەزایی کۆماری ئیسلامیدا سەلمابێ. پاشان ئەو کەسە خۆی چەکدار بێ و مەترسیی گیانی بۆ مەئمووری دەوڵەت دروست کردبێ، دواتر ئەوەی کە هێزە چەکدارەکان توانای گرتن و ڕاگرتنی ئەو کەسە تاوانبارەیان نەبێ و هیچ رێیەک جیا لە بەکارهێنانی چەک لە بەر دەستی مەئمووری دەوڵەتدا نەمابێ، ئەو کاتیش دەبێ ئەو مەئموورە کەسی تاونبار دەنگ بدا، ئەگەر راوەستا ئەوە هیچ، ئەگەر ڕانەوەستا تەقەی ئاسمانی بکا و ئەگەر هەر کەڵکی نەبوو، ئەو جار پشتێن بەرەوخوارێی ئەو کەسە بنگێوێ، بەڵام ئەوەی لە کوردستان روو دەدا پێچەوانەی هەموو ئەو شتانەیە. چونکی بەر لە هەموو شتێک تاوانبار بوونی ئەو قوربانییانە و هەموو ئەو کەسانەی مەترسیی ئەو چارەنووسەیان لەسەرە، لە هیچ ناوەندێکی قەزایی رێژیم نەسەلماوە. تەنانەت ئەو کارەی ئەوان، واتە هات و چۆی سەرسنوور و ئەو کاسبییەی ئەوان نەک بە تاوان بەڵکوو بە لادان لە قانوون پێناسە کراوەو هەر بەپێی قانوونیش مەئمووری دەوڵەت دەبێ کەسی لادەر لە قانوون، نەک تاوانبار بگرێ و رادەستی قانوون و ناوەندە قەزایییەکانی بکا. جیا لەوەش دەبینین کە کەسی کۆڵبەر نە دەیەوێ لە وڵات بچێتە دەرێ و نە دەتوانێ لە دەستی مەئمووری دەوڵەت دەرباز بێ، ئەو کۆڵەبارێکی پێیە و دەچێتەوە نێو قووڵایی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت و دەچێتەوە گوند و شارەکەی خۆی و هەموو کاتێک دەستی مەئمووری دەوڵەت پێی رادەگا و هەموو کاتێک دەکرێ قۆڵ بەست و بدرێتە دادگا. ئەدی بۆ هێزەکانی رێژیم ئەو کارە ناکەن، وەڵامەکەی بۆ مەبەستێکی دیکە دەگەڕێتەوە. لەوەش بترازێ کوا تەقە کردنی هەوایی، کوا سیلە گرتن لە پشتێن بەرەوخوار، ئەوەی کە رۆژانە دەیبینین ئەوەیە کە کاسبکارانی کورد لە لایەن هێزە چەکدارەکانی رێژیمەوە کەو کوژی دەدرێنە بەر گوللە و بەوەش ناوەستن و وڵاغە بەستەزمانەکانیان لەبەر چاوی خۆیان دەدەنە بەر دەسرێژ و رق و کین و بێزاریی پەنگ خواردووی خۆیان لە گەلی کورد بەم جۆرە ئاشکرا دەکەن. ئەو رق و کینەش بۆ خۆڕاگری و خەباتکاریی ئەو میللەتە دەگەڕێتەوە کە زیاتر لە ٣٠ ساڵ لە دواکەوتوویی ئابووریدا راگیرانی نیشتمانەکەی و زەبر و زەنگ و سەرکوتی خوێناویی بزووتنەوەکەشی نەبۆتە هۆی ئەوەی کە دەنگی «بەڵێ» بۆ ئەو رێژیمە بڵێ و بەردەوام چقڵی چاوی دەسەڵات بووە.

ئێستا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە چی دەتوانرێ بکرێ بۆ ئەوەی بە گژی ئەو بارودۆخەدا بچینەوەو ئەرکی بە گژداچوونەوەی ئەو بارودۆخە لە ئەستۆی کێیە؟

بە سەرنجدان بە نێوەرۆک و ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوشتاری کاسبکارانی کورد و بە لەبەرچاو گرتنی واقعییەتی ژیانی ئەو خەڵکە بەش مەینەتە پرسی کوشتارەکانی سەرسنوور ناتوانێ پرسی هەموو کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان نەبێ، کەواتە ئەرکی هەموو هێز و لایەنە سیاسی، کۆمەڵایەتی و مەدەنی و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردستانە کە لەو پێناوەدا تێکۆشانی بە کردەوەیان هەبێ.

بەر لەهەموو شتێک نابێ هیچ کام لەو ڕووداوانە بە ئاسایی وەربگیرێن، دەبێ هەموو ئەو ڕووداوانە بە بەردەوامی لە لایەن میدیای کوردییەوە بڵاو بکرێنەوەو سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەوە پێوەندییەدا لەقاو بدرێن. دەبێ ناوەندەکانی مافی مرۆڤ، بە تایبەت حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بە بەردەوامی راپۆرتی ئەو پێشێل کارییانە بە ئاگاداریی کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ بگەیەنن و ئەوە یەکێک لە پرسە سیاسی و دیپلۆماتیکەکانی ئەوان لە ئاستی نێونەتەوەیی و یەکێک لە مەیدانەکانی خەباتی دیپلۆماسیی ئەوان دژی کۆماری ئیسلامی بێ. پرسی کوشتاری کاسبکارانی کورد دەبێ بکرێتە پرسی گشتیی خەڵکی کوردستان و لە هەل و مەرجێکدا کە ئێستا کەمترین جم و جۆڵی مەدەنی لە نێو خۆی وڵات دەنگ دانەوەی زۆری لە میدیاکانی جیهاندا لێ دەکەوێتەوە، ئەو پرسە دەبێ ناڕەزایەتیی گشتی لە سەر وەرێ بخرێ، بۆ ئەوەی ئەوەندەی دەکرێ تێچووی ئەو کارە بۆ کۆماری ئیسلامی بچێتە سەرێ. بنەماڵەی قوربانییانی ئەو ڕووداوانەش نابێ لە خوێنی رۆڵەکانیان خۆش بن، دەبێ لە لایەن ئەوانەوە بەدواداچوونی قانوونی بۆ ئەو ڕووداوانە بکرێ و ئەو پێشێل کارییانەی مافی مرۆڤ و ئەو جینایەتانەی لە کوردستان دەکرێ، بکرێتە بابەتی رۆژانە و لە دادگاکان سکاڵا دژی هێزە ئینتیزامی و ئەمنییەتییەکان تۆمار بکرێن و ئەوەش ئەرکی تایبەت دەخاتە سەر شانی پارێزەران کە تەنانەت خۆبەخشانە بە هانای ئەو بنەماڵانەوە بێن و وەکالەتی ئەوان لە دادگا وەئەستۆ بگرن و پێوشوێنی پەروەندەکانیان کەون. ئەو پرسە پرسی هەموو تاکێکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانە و دەبێ هەمووش بۆ گۆڕینی ئەو بارودۆخە قۆڵی لێ هەڵماڵین.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دڵۆپێک لە جینایەتەکانی کۆماری بەناو ئیسلامی ئێران




ئەحمەد مەکلاوەیی

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی **١٣٥٧**ی هەتاویدا کە خومەینی و هاوبیرەکانی دەسەڵاتیان لە دەست خۆیاندا قەبزە کرد، زۆر زوو کەوتنە خۆ و بە دژی خەڵکی ئازادیخواز و جیابیران هەنگاویان نا و ماشێنی سەرکوتیان وەڕێ خست و لە شاروگوند، گەڕەک و کۆڵان، جادەو مووچەو مەزراو ڕێگاکاندا، بە ملوێن قەسابخانەیان دامەزراندن و بێ کات و سات و پۆل، پۆل و جووت، جووت و تاک، تاک و بە کۆمەڵ خەڵکیان ڕاکێشی ئەو قەسابخانانە کرد و دەستیان دایە کوشت و کوشتار و چنگیان بە خوێنی خەڵکی ئێران سوور کردو لەبەر چاوی خەڵکی دونیا و ئەفکاری ئاشتیخوازی جیهان، ئێرانیان کرد بە کوشتارگایەکی گەورەو داخیان بە دڵی ملوێن دایک و باوک و کوڕ و کچ و ژن و منداڵەوە ناو هەر یەکەی یەک یا چەند خۆشەویستیان لێ ئەستێندرا و ئاگریان بەردایە دڵی خەڵکی. جیهانی مرۆڤایەتی و بە گشتی مافە ئینسانیەکانیان پێشێل کرد.

لەو حەرەکەت و کار و کردەوانەیاندا زۆر نامرۆڤانە زیاتر ئاوڕیان لە کوردستان دایەوەو خومەینی دڵ ڕەش دەستووری جیهادی بۆ سەر کوردستان دەکردو هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕەانەی کوردستان کردو لە شار و گوندەکانی کوردستاندا، جینایەتیان خوڵقاند.

کاربەدەستانی ڕێژیمی خومەینی بە دەستووری پیرە گورگی جەماران لە شاری سنەی خۆشەویست لافاوی خوێنیان وەڕێ خست و لە دوو دەورەدا شەقامەکانی ئەو شارەیان بە خوێنی خەڵکی ئەو شارە سوور کردو گیانی زیاتر لە **٢٥٠٠** کەسیان ئەستاندو شاریان ڕەش پۆش کرد کە ئیستاش بە سنەی خوێناوی بەناوبانگە.

پاسدارە جینایەتکارەکانی مێژەر بەسەرانی حاکم بە سەر ئێران و کوردستاندا، لە گوندەکانی قاڕنێ و قەڵاتان و ...حەمامی خوێنیان وەڕێ خست و دەرحەق بە خەڵکی کوردستان تاوانی گەورەیان ئەنجامدا و دەستیان لە کردەوەی غەیرە مروڤانەداو ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتەی ئەو گوندانەیان دایە بەر ڕەگباری ژ-**٣**و خەڵتانی خوێنیان کردن و بە ڕادەیەکی زۆر کوژران و تەنانەت قورعانی مزگەوتی گوند بە دەست مەلای گوندەوە کەوتە بەر سەرە نێزەی پاستارەکان و بێ ڕێزیان بە ئایینی ئیسلام کرد. خۆین خۆرەکانی خومەینی خۆین مژ، بەوەش ئوقرەیان نەگرت و دوای ئەوە لە شاری مەهابادی پێتەختی حکوومەتی کۆماری کوردستان، دەستیان بردە پۆلیک گەنجی ئەو شارە و زۆر ترسەنۆکانە و غەیرە ئینسانانە **٥٩** لاوی ئەو شارەیان گوللە باران کرد و بە گشتی خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی خەڵکی شاری مەهابادیان ڕەش پۆش کردو کوردستان سێبەری رەش پۆشی بە سەردا کشا. جگە لەوەش خومەینی شەیتان بۆ قازانج و بەرژەوندی شۆوینیستی خۆی و ڕێژیمە مەنفوورەکەی زیاتر بە دژی خەڵکی کورد کەوتە خۆو لە کاتێکدا کە دوکتور قاسملوو لە شاری نەغەدە دەی هەویست لەسەر پێویستی ئاشتی و پێکەوە ژیانی گەلانی ئیران قسە بۆ خەڵک بکات،

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە هۆی دەست و پێوەندەکانی بە تایبەتی شەخسی مەلا حەسەنی ورمێ، شەری کورد و ئازەریی سازکرد کە پۆلێکی باش لە خەڵکی هەر دوو نەتەوەی کوردو ئازەری کردنە قوربانی سیاسەتی چەوتی خۆی. جگە لەوانەش لە کاتی گرتنەوەی جادەی بانە بۆ سەردەشت هێزەکانی خومەینی لە ئاسمان و زەوی‌را بەربوونە گیانی خەڵک و زۆریان زیانی گیانی و ماڵی بە خەڵک گەیاند کە گوندەکانی دۆڵهەرزن و مەکلاوێ و ... هتد، لە لایەن فانتۆمەکانی ڕێژیمەوە ئاگریان تێ بەردراو چەندین کەس بوونە قوربانی.

خومەینی بە گشتی لە کوردستاندا لافاوی خۆینی وەڕێ خست و بێ هیچ هۆیەک دەستی بە قەتڵ و عامی خەڵکی کوردستان کرد و دڵی بەژن و منداڵ و پیرو پەککەوتووەکانیش نەسووتا و دوژمنانە ڕەفتاری لەگەڵ کردن. خومەینی و ڕێژیمەکەی بە مەبەستی سەرکوتی خەڵکی کوردستان، کوردستانی میلیتاریزە کرد و زیاتر لە ٣٥٠٠ موڵگەی گەورەو بچووکی لە کوردستاندا دامەزراندو کوردستانی کردە پایەگایەکی گەورەی نیزامی و بێ ڕاوەستان و بێ پسانەوە تا ئەمڕۆشی لە گەڵدا بێ دەستی دایە کوشتنی خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان. پیاوە بەد ناوەکانی خومەینی بە مەبەستی سەرکوتی خەڵکی کوردستان لە شارو گوندو سنوورەکاندا ڕێگای کاسبی خەڵکی کوردستانیان گرت و ڕێگاو کوێستان و شاخ و دۆڵ و شیوی کوردستانیان مین‌ڕێژ کرد. لەو کارو ڕێگرتنەیاندا بە هەزارن کەسیان لە شوان و گاوان و کوێستانچی و کاروانچی و هیدی کردە قوربانی سیاسەتی چەوتی خومەینی و درێژە پێدەرانی ڕێگە شوومەکەی. کۆنە پەرستان بەوەش گڕی قینیان لە گەلی کورد دانەمرکا و بە هەزارن کەسیان لە لاوانی کورد قۆڵ بەست کرد و خزاندیانە نێو بەنەیخانەکان و بێ هۆ قەتڵ و عامیان کردن و تەرمەکانیان بێ سەرو شوێن کردن و بوونە قوربانی سیاسەتی چەوتی مێژەر بەسەرانی حاکمی نەویستراو. جگە لەوانەش دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرستی لە ئێران لە هاوینی ١٣٦٧دا بە سەدان کەسیان لە ڕۆڵەکانی کورد، لە لاوە بە هەستەکانی کورد لە زیندانەکانی دیزڵ ئابادی کرماشان و هیدی دا بێ دادگایی ئێعدام کردو بێ هۆ خوێنیان ڕشتن. خومەینی و ڕێژیمەکەی بەوەش نەوەستان و زیاتر هەنگاوی نامرۆڤانەیان هەڵگرت و دەستیان هاویشتە نێو باشووری کوردستان و لە ڕیگەی تیرۆرەوە دەست بە کار بوون و بە دانی پووڵ و پارە بە خۆخروشان ١٨٠ کادرو پیشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان تیرور کرد. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی گڕی قینیان لە کورد بەو هەموو جینایەتانەش دانەمرکا و لە دەرەوەی وڵاتیش دەستیان بردە دوو ڕێبەری بە توانای کورد و وێڕای چەند کادری ڕێبەری تیرۆریان کردن، پێیان وابوو کە بە تیرۆر کردنی قاسملوو و شەرەفکەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لێک هەڵ دەوەشێ، بەڵام بێ خەبەر لەوە کە شۆڕشەکە گەرمتر دەکەن و خۆیان سەرئەنجام بەرەو لەنێوچوون دەچن کە ئەو دوو تیرۆرەی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات زۆری دەنگ دایەوەو سەرانی کۆماری ئیسلامی بە بڕیاردەری ئەو تیرۆرانە ناساندران و ڕیسوایی ڕووبەڕووی ئەوان بۆوە. بەڵام ئەو کۆنەپەرستانە دەستیان لە کاری تیرۆریستی و خرابکاری هەڵ نەگرت و جگە لە هەمووی ئەوانە دڵیان بە وانەش ئۆقرەی نەگرت و بە مەبەستی گلاویان تا لاوانی کورد فکری شۆڕش و نەتەوە پەرستیان نەمێنی درێژەیان بە کاری جینایەت پیشەیان داو دەستیان دایە بڵاوکردنەوەی مەوادی موخەددیر و زۆریان لە لاوانی کوردستان و هیدی تووشی ئەو نەخۆشی‌یە چارەسەر نەکراوە کردو شیرازەی هەزارن بنەماڵەیان لێک هەڵوەشاند کە ئێستا بە هەزارن کوڕو کچ و پیرو پەککەوتوو و هیدی لە کۆڵان و گەڕەک و شەقامەکانی شارو گوندەکانی کوردستاندا کەوتوون و بەو نەخۆشیەوە دەناڵێنن و گیرۆدەی دەستی سەرانی کۆماری ئیسلامی ئیرانن و لە ملی کۆمەڵگای کوردەواری ئالاوان. ڕێژیمی خومەینی بە ناوی ئیسلامەوە هێندەی کاری خراپ کردوە، مرۆڤەکان بێز لەو ئیسلامەی ئەو دەکەن، ڕێژیمی سەدام حوسین لە عێڕاقدا بە ١٨٢هەزار ئەنفال لە کوردستان چی بە چی نەکرد. کۆماری ئیسلامی ئێرانیش نە تیرۆرو مەوادی موخەددیرو زیندان و ئێعدام کە زۆر زیاتری لە حیزبی بەعس ئەنفال کردوە، هیچی بۆ ناکرێت و سەرئەنجام مەرگی خۆی دەبینێ، چونکە بە هۆی هەمووی ئەوانە و حوکمە ناڕەواکانی‌تری خومەینی و ڕێژیمەکەی و کارە تیرۆریستیەکانی، ئەفکاری ئاشتی خوازی دونیا بەو ئاکامە گەیشتووە کە مانەوەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر دنیا مەترسی‌یەکی جیدییە و دەبێ بڕوات. وەک دەبینین کە دەسەڵاتدارانی دنیا کەم و زۆر کەوتوونە خۆ و دەسەڵاتدارانی ئێرانیان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خستۆتە نێو کەمەندەوەو وردە وردە ڕێکیان دەکوشن و جێگەیان پێ لێژ بووە کە سەرئەنجام لەو بیر دەکەون کە بۆ خەڵکی ئێرانیان هەڵکەندووەو بە دەردی حاکمانی‌تری دەوروبەری خۆیان دەچن و کۆمەڵگای کوردی بەرەو مەنزڵگەی سەرکەوتنی یەکجاری هەنگاو دەنێ و لەژێر سێبەری بیری ئازادی‌خوازی‌دا دەوەستێتەوەو بە مافی خۆی دەگات. دەی ئەی ئەوانەی فریوی ئەو ڕێژیمەتان خواردوە بیر لە دواڕۆژی خۆتان و منداڵەکانتان بکەنەوەو تا درەنگتر نەبووە ڕوو بکەنەوە نەتەوەی خۆتان و پشت بکەنە دوژمن، چونکە کورد سەرکەوتنی مسۆگەرەو ڕۆژ بە ڕۆژ لە سەرکەوتن نزیکتر دەبێتەوە، ئەوکات سەد هاوار بە پوولێکە و پەشیمان بوونەوە دادی کەس نادا و مانای نابێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مافی کەمایەتی و قەومییەتییەکان لە پەیماننامە نێونەتەوەییەکاندا




و : سەید جەلال ساڵحی

لە سەرجەمی تایبەتمەندییەکانی کاروباری مافەکانی مرۆڤ، فرەچەشنی باسەکان و شایەت و ڕاستییەکانیەتی کە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا دەردەکەوێ. دەوڵەتەکان ناچارن بە پێی پێویستییە نێوخۆیی و نێونەتەوەییەکانەوە لە لایەنی جۆراوجۆرەوە بە نیسبەت لەبەرچاوگرتنی مافەکانی هەموو هاووڵاتیان، بە تایبەتی گرووپە جۆراوجۆرە مرۆییەکان کە لە هێندێک بواری تایبەتەوە پێویستیی سەرنجی زیاترن وەک قەومییەتەکان، کەمایەتییە ئایینی و سیاسییەکان، منداڵان، ژنان و کرێکاران، دەست پێشخەری بکەن و لە کاتی پێشێل کردنی سەرەکی هەرکام لەو بابەتانەدا، ئەوە دەوڵەتەکانن کە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی نیوخۆیی، ناوچەیی یان نێونەتەوەییدا تووشی ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە دەبنەوە.

ئەمڕۆکە ئاوڕدانەوە لە کەمایەتییەکان لە دوو لاوە کەوتۆتە بەر سەرنج:

ئەلف: لە ڕووی لەبەرچاوگرتنی مافەکانی مرۆڤ و هەڵ نەواردن لە بەهرەمەندی مافەکان و ئازادییە بنەڕەتییە ڕێ پێ دراوەکان.

ب: مافی بەهرەمەندی و پاراستنی شوناسی قەومی، ئایینی و زمانی.

ڕوو لە زیادبوونی گرینگی مافەکانی مرۆڤ و دارشتنی پەیمانە جۆراوجۆرەکان بە شێوەیەکی گشتگیر بۆتە هۆی ئەوە کە دەوڵەتەکان ناچار بە لەبەرچاوگرتنی دروستی ئەم پێوەرە زۆر پێویستانە بن.

کەمایەتی:

هەرچەند لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بنیاتە پسپۆڕەکانەوە هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ ئەوەی پێناسەیەکی

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دروست و کاملّ لە کەمایەتی پێشکەش بکەن، بەڵام بەو حاڵەش نەیان توانیوە تاکە پێناسەیەکی وا کە جێی ڕەزامەندی هەموو بیرمەندان و بنیاتە نێونەتەوەییەکان بێ، بخەنەڕوو. لە یادداشتەکانی سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕێکەوتی ٢٧ی دێسامبری ١٩٤٩ی زایینیدا هاتووە کە: «هەرچند زۆر بە دژواری دەکرێ لە ڕوانگەی زانستییەوە پێناسەیەکی دروست لە چەمکی کەمایەتی بخەینەڕوو، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمڕۆکە چەمکی کەمایەتی بە زۆری لە واتایەکی بەرتەسکتردا بەکار دەبرێ. ئێستا واباوە کە ئەم چەمکە زیاتر بۆ گرووپێکی تایبەت لە کۆمەڵ کەڵکی لێوەردەگیرێ کە لە گرووپێکی لەسەرتر کە لە وڵاتدا دەژین جیا کراونەوە».

هەروەها لەسەر کەمایەتی لە فەرهەنگنامەی بریتانیکادا ٢٠٠٤ پێناسە و تاریفی جۆراوجۆری بۆ کراوە بۆ وێنە:

«گرووپێکی دیاری کراو کە لە بواری ڕەچەڵەکی، فەرهەنگی و قەومیدا لەگەڵ گرووپی زۆرینەی دەسەڵاتداردا دەژین».

لە پێناسەیەکیتری کەمایەتی لە بریتانیکادا هاتووە:

«چەمکی کەمایەتی کە لە زانستی سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا کەڵکی لێوەردەگیرێ بریتییە لە: کەمە گرووپێک لە تاکەکانی کۆمەڵگا کە بە ناچاری لەگەڵ گرووپی زۆرینەدا دەژین. دیارە ئەم گرووپە کەمایەتییە زۆر خۆیان لە کاروباری کۆمەڵایەتی وەرنادەن، هەروەها لە ئیمتیازاتی یەکسان لەگەڵ زۆرینەی کۆمەڵگادا بەهرەمەند نابن، هەروەها گرووپی کەمایەتی کۆمەڵگا لە بواری دەسەڵاتی سیاسییەوە لاوازتر لە گرووپی زۆرینەی کۆمەڵگان».

«پاتریک ترنبری» نووسەری پەرتووکی بەنرخی «مافە نێونەتەوەییەکان و مافی کەمایەتییەکان»، کەمایەتی بە گرووپێک دەزانێ کە لە دەسەڵاتدا بەشدار نیە و

**هەرچەند لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و بنیاتە پسپۆڕەکانەوە هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ ئەوەی پێناسەیەکی دروست و کاملّ لە کەمایەتی پێشکەش بکەن، بەڵام بەو حاڵەش نەیان توانیوە تاکە پێناسەیەکی وا کە جێی ڕەزامەندی هەموو بیرمەندان و بنیاتە نێونەتەوەییەکان بێ، بخەنەڕوو.**

لە بواری ئەژماریشەوە کەمتر لە باقی حەشیمەتی وڵاتن، بەڵام ئەندامەکانی هاووڵاتی ئەو وڵاتەن و تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکانی قەومی، ئایینی یان زمانیان لەگەڵ حەشیمەتی دیکەی وڵاتدا هەیە و خاوەن جۆرێک هەستی یەکیەتی بەرژەوەندییەکان و هاوپێوەندی لە ڕاستای پاراستنی فەرهەنگ، داب و نەریتە ئایینی یان زمانییەکانیانن.

لە پەرتووکی زانستی سیاسیدا هاتووە: «کەمایەتی لە مافە نێونەتەوەییەکاندا بە گرووپێک لە خەڵک دەوترێ کە خاوەن ڕەچەڵەک، نەریت یان ئایینگەلێکی جیاوازی جیا لەو فەرهەنگ و ئایینە زاڵەی لەو وڵاتەی کە تێیدا دەژین، بن. دیارە ماف و قازانجە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکانی کەمایەتییەکان لە یاسای بنەڕەتی وڵاتەکاندا هاتووە. لەو وڵاتانەی کە زیاتر سیاسەتی هەڵاواردنی نەژادی دەگرنە بەر، مەسەلەی کەمایەتییەکان ئاریشەیەکی گەورەی نێوخۆیی دروست کردووە کە زۆرجار لایەنی نێونەتەوەیی لێ کەوتۆتەوە». ئەوەی کە دەکرێ بڵێین ئەوەیە کە بێگومان کەمایەتی حەشیمەتی کەمتری وڵات نیە و لەگەڵ تاکەکانی زۆرینەی کۆمەڵگادا خاوەن تایبەتمەندیگەلێکی قەومی، ئایینی یان زمانی جۆراوجۆرن کە زۆرینەش لە بواری حەشیمەتەوە دەکرێ کەمتر لە کەمایەتی بێ. هەستی هاوپێوەندی و ئیرادەی کۆ زامنی مانەوەیانە و مەبەستەکەشیان وەدەست هێنانی یەکسانی و بەرامبەری ڕاستەقینە و یاساییە لەگەڵ زۆرینەی خەڵکدا.

قەومییەت:

ئەمڕۆکە کەمتر وڵاتێک هەیە کە هەموو دانیشتوو و هاووڵاتییەکانی ئەو وڵاتە لە نەژادێک و خاوەن یەک فەرهەنگ و قەومییەت و زمانێکی یەکسان بن. لەم وڵاتانەدا کە بە وڵاتانی چەندنەتەوەیی (Multinational) بەناوبانگن وەک ئێران، سویس، هێندوستان و ... هتد، کۆمەڵ و گرووپگەلێک هەن کە لە بواری زمانی، فەرهەنگی و مێژووییدا تایبەتمەندیگەلێکی هاوبەشی خۆیانیان هەیە. هەروەها مەسەلەی لەبەرچاوگرتنی مافی قەومییەتەکان و نەبوونی هەڵاواردنی نێوان کەمایەتی و زۆرایەتی جێی سەرنجی نەتەوەکان، دەوڵەتەکان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانە، هەربۆیە ڕێسا و ئاسانکاریگەلێک بۆ لەبەرچاوگرتنی مافی کەمایەتییەکان و دابین کردنی ئەمنییەت و ئاسایش و ژیانی ئاشتیخوازانەی قەومە جۆراوجۆرەکان لەبەرچاو گیراوە. گەلێ جار لە جیهانی ئەمڕۆکەدا شایەتحاڵی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژانە، دوژمنکارانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و وێرانکەری گرووپە جۆراوجۆرەکان یان هەوڵدانەکانی پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤی گرووپی زۆرینە بە دژی کەمایەتی بۆ پاکتاوکردنی قەومی، لەخۆنامۆبوونی ئەخلاقی (الیناسیون)، فەوتانی شوناس و مێژووی قەومێکی تایبەت و ... هتد، بووین. یەکێک لە بنەما بنەڕەتی‌یەکانی مافەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایک دەبن و دەبێ لە حورمەت و ئابروو و کەرامەت و مافەکانیانەوە لەگەڵ یەکدا بەرامبەر بن. هەڵاواردن، لێکۆڵینەوەو وەدووکەوتنی دادوەریی لەسەر بنەمای نەژاد و قەومییەت بە پێچەوانەی ئەم بنەمایەیە. هەڵاواردن بە دژی قەومییەتەکان دەتوانێ فۆرمگەلێکی جۆراوجۆری هەبێ. بێبەزەیی‌یانەترینەکەی ڕەگەزپەرستی‌یە. نەژادکوژی، جیاوازی نەژادی (ئاپارتاید) و شێوەکانی کەمتر ئاشکرای بەفیڕۆدانی مافی نەتەوەکان وەک ئاسیمیلاسیون، فەوتانی فەرهەنگی، سووک کردن و سووکایەتی پێ کردنی ئاشکرا و ڕەسمی، کۆچی زۆرەملێ و ... هتد، هەر هەموویان لە شێوازەکانی ڕەگەزپەرستی دەژمێردرێن. ئەم شێوازانە گرووپە قەومی‌یەکان لە بوونی یەکسانی مافە مەدەنی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەکان لەگەڵ گرووپەکانی دیکەی کۆمەڵگادا بێبەش دەکا. هەڵاواردنە قەومی و نەژادی‌یەکان وەکوو یەکێک لە کێشە سەرەکی‌یەکانی دنیای ئەمڕۆیە کە کەمایەتی‌یەکان و گەلێ جار زۆرایەتیش لێی بە ئازارە. زۆربەی هەوڵەکانی یەکەم چالاکوانانی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ لەسەر مەسەلەی ئاپارتاید لە ئەفریقای باشوور چڕ ببۆوە کە لە ساڵی ١٩٩٤ی زایینی‌دا کۆتایی پێ هات. بەوحاڵەش خەبات بە دژی بێزاری و هەڵاواردنی قەومی و نەژادی درێژەی هەیە. بە تایبەت لە دەیەی ١٩٩٠زایینی‌دا کە هێندێک لە خراپترین گەنگەشە قەومی‌یەکانی جیهان لە باڵکان و لە ناوچەی گۆلە گەورەکانی ئافریقا (لە وڵاتی ڕواندا و بڕۆندی) ڕوویدا، دووبارە مەسەلەی مافی قەومییەتەکان بە شێوەیەکی توندتر هاتە ئاراوە. چوونەسەری چالاکی خەباتگێرانی نەتەوەیی شوناس خواز، ئازادی خوازو گەشەی بەرچاوی بزاڤە نەتەوەخوازاەکان لە ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا گرینگی زیاتری بەم کارە داوە.

تۆرەمە (نژاد):

وشەدانی (فرهنگ) ئینگلیزی کالینز بەو شێوەیە پێناسەی نەژاد دەکا: «گرووپێک لە خەڵکی خاوەن ئەژدادی هاوبەش کە تایبەتمەندی‌گەلێکی لێک جیای ڕواڵەتی‌یان هەبێ وەک ڕەنگ، جۆری پێست، جۆری موو یان بەژن و باڵا». هەر ئەو وشەدانە بەو شێوەیە پێناسەی قەومیش دەکا: «گرووپە مرۆڤێک کە تایبەتمەندی‌یە نەژادی، ئایینی، زمانی و تایبەتمەندی‌گەلێکی دیکەی هاوبەشیان هەبێ». لە قانوونی مافە نێونەتەوەیی‌یەکانی مافەکانی مرۆڤ وشەی نەژاد مانایەکی بەرفرەوانتری هەیە و زیاتر بە جیاوازی لەسەر بنەمای ئایین، قەومییەت، گرووپی کۆمەڵایەتی، زمان و فەرهەنگ دەگوترێ. لە مافە مرۆیی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکاندا زۆرجار نەژاد بۆ ناوزەدکردنی گرووپێک کە ئەژدادی ژینی و بۆماوەیی هاوبەشیشیان نیە، بەکار دەبرێ. وەک نیزامە ناتەواوەکان لە هێند و ژاپۆن دا.

ماددەی‌یەک لە پەیمان‌نامەی (کنوانسیون) نێونەتەوەیی بۆ سڕینەوەی هەڵاواردنی نەژادی (پەسندکراوی ١٩٦٥) پێناسەیەک لە نەژاد ناکا، بەڵام ئاوا پێناسەی هەڵاواردنی نەژادی دەکا: «هەر جۆرە هەڵاواردن، بێبەشی، سنووردارێتی یان هەڤیاز لەسەر بنەمای نەژاد، ڕەنگ، ئەژداد، یان سەرچاوەی نەتەوەیی یان قەومی کە مەبەست یان ئاکامەکەی پووچەڵ یان سنووردداربوونی مافی یەکسانی کەمایەتی‌یەکان لە بەهرەمەندی لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادی‌یە بنەڕەتی‌یە سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و هەموو چوارچێوەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی بێ».

ڕوانینێک بە مێژووی مافی قەومییەتەکان لە سیستەمی نێونەتەوەیی‌دا

مەسەلەی قەومییەتەکان وردە وردە بە درێژایی مێژوو لایەنە جۆراوجۆرەکانی وەک نەتەوەیی، نەژادی، ئایینی لە سەرەتای سەدەکانی نێوەڕاستدا، بەخۆیەوە گرتووە، بەڵام جیا لەم پێشینە دوورودرێژە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا مەسەلەی قەومییەت کەوتۆتە بەر سەرنجی یاسا نێونەتەوەیی‌یەکان. ڕێسا جۆراوجۆرەکانی سەربە گرووپە فرەچەشنە مرۆیی و مافەکانی مرۆڤ تا بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی داڕێژرا و پەسند کرا کە بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە مەسەلەی قەومییەتەکان دەکا. پاش شەڕی یەکەمی جیهانی لە پەیمانە گشتی و تایبەتی‌یەکان بۆ پشتیوانی نێونەتەوەیی مافی قەومەکان ڕێسا و یاساگەلێکی نوێ پەسند و دیاری کران و زۆرێک لە دەوڵەتەکان بڕیاریان دا تا بە نیسبەت کەمایەتی‌یە قەومی، ئایینی و زمانی‌یەکانی نیشتەجێی چوارچێوەی دەسەڵاتەکەیان هەڵس و کەوتێکی یەکسانیان لەگەڵ هاووڵاتی‌یەکانی دیکەی خۆیان هەبێ. لەگەڵ پێک هاتن و دامەزرانی کۆمەڵگای نەتەوەکان، مەسەلەی کەمایەتی‌یەکان لە ئاستی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی‌دا هاتە ئاراوە. تەنانەت لە سەرەتادا بڕیار وابوو کە پەیمانی کۆمەڵگای نەتەوەکان بەشێک بۆ دابین کردنی مافی کەمایەتی‌یەکان تەرخان بکا، بەڵام ئەم گەڵاڵە بەهۆی دژایەتی هێندێک لە دەوڵەتەکان ڕەت کرایەوە. سەرەڕای تەئیدنەکردنی ئەم گەڵاڵەیە لە پەیمانی کۆمەڵگای نەتەوەکاندا، بەڵام هیچ کات مەسەلەی قەومییەتەکان لەبیر نەکراو لە هێندێک لە پەیمانە ئاشتی‌یەکانی وەک پەیمان‌نامەی «سن ژرمن» کە

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**گەلێ جار لە جیهانی ئەمڕۆکەدا شایەتحاڵی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژانە، دوژمنکارانە و وێرانکەری گرووپە جۆراوجۆرەکان یان هەوڵدانەکانی پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤی گرووپی زۆرینە بە دژی کەمایەتی بۆ پاکتاوکردنی قەومی، لەخۆنامۆبوونی ئەخلاقی(الیناسیون)، فەوتانی شوناس و مێژووی قەومێکی تایبەت و ... هتد، بووین**

لە ڕێکەوتی ١٠ی سێپتامبری ١٩١٩ی زایینیدا لە نێوان یەکگرتووانی ئۆتریش یان پەیمانی نۆیی(Nouei) کە لە ڕێکەوتی ٢٧ی نوامبری ١٩١٩ی زایینی لەگەڵ بۆلغارستان بەسترا، ئاماژەگەلێک بە قەومییەتەکان و بارودۆخیان کراوە، بەڵام لەو بڕوارەوە کە ئەم پەیمانانە بە گشتی نە داخوازیی قەومییەت و کەمایەتی‌یەکان و نە ڕەزایەتی دەوڵەتەکانی ڕاکێشا زۆری دەوام نەهێنا. تەنانەت پاش شەڕی دووهەمی جیهانی و پێک هاتنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، سەرەڕای چاوەڕوانی‌یەکی کە لەم ڕێکخراوە تازە دامەزراوەیان لەمەڕ مەسەلەی کەمایەتی و قەومییەتی‌یەکانیان هەبوو، هیچ جۆرە هەنگاوێکی نوێیان لەم بارەوە هەڵ نەهێناوە.

لەمەڕ مەسەلەی قەومییەتەکان لە ساڵی ١٩٢٩ی زایینیدا کۆنفرانسێکی گەورەی نێونەتەوەیی لە شاری پاریس بەسترا و، لەگەڵ هەوڵێکی زۆر کە بۆ دیاری کردنی شێوەی هەڵس و کەوت لەگەڵ غەوارەکان درا، ئاکامێکی ئەرێنی نەبوو، بەڵام پەیمان‌نامەی ڤییەن کە بریتی‌یە لە بابەتگەلێکی لەبار بۆ کەمایەتی و قەومییەتەکان لە ساڵی ١٩٩٣ی زایینی یان پەیمان‌نامەی پشتیوانی لە کەمایەتی‌یە قەومی و فەرهەنگی‌یەکان لە ساڵی ١٩٩٢ی زایینیدا پەسند کرا کە لە ڕێساکانی‌دا پێوەرگەلێکی شیاوی پەسن و لەباری بۆ چینە جۆراوجۆرەکانی کەمایەتی‌یە قەومی، نەژادی و ئایینی‌یەکان دانا.

بنەماکانی مافی قەومییەتەکان:

لە یاسای نێونەتەوەیی‌دا ڕێساگەلێک هەن کە بە ئاشکرا پێوەندی بە مەسەلەی قەومییەتەکانەوە هەیە و پشتیوانیان لێ دەکا. ئەم ڕێسایانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هەموو خاڵک بۆ وێنە ئەندامانی کەمایەتی‌یە قەومی، نەژادی و ئایینی‌یەکان، مافی بنچینەیی یەکسانیان لەگەڵ هاووڵاتی‌یەکانی دیکەی کۆمەڵگادا هەیە و دەبێ بتوانن بەبێ هیچ جۆرە هەڵاواردنێک لەم مافانە بەهرەمەند بن. هێندێک لە مافی ستانداردی تاکەکەسی، بۆ کەمایەتی قەومی و ئایینی بایەخێکی تایبەتی‌یان هەیە. لە وێنەی ئەم مافانە وەک ئازادی‌یە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی‌یەکان، کۆڕ و کۆبوونەوەی ئازاد، ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی پێک هاتنی مافی خوێندن و پەروەردە بە زمانی زگماکی و پرەنسیپە ئاشکرا بووەکانی دیکە لە چوارچێوەی نێونەتەوەیی دایە.

هەرچەند لە ڕاگەیەنراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ وشەی کەمایەتی و قەومییەت نەهاتووە، بەڵام لە بەڕێوەبردنی

**مەسەلەی قەومییەتەکان وردە وردە بە درێژایی مێژوو لایەنە جۆراوجۆرەکانی وەک نەتەوەیی، نەژادی، ئایینی لە سەرەتای سەدەکانی نێوەڕاستدا، بەخۆیەوە گرتووە، بەڵام جیا لەم پێشینە دوورودرێژە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا مەسەلەی قەومییەت کەوتۆتە بەر سەرنجی یاسا نێونەتەوەیی‌یەکان.**

بڕگەی سێ و چواری ماددەی یەکەم و ماددەکانی ٥٥ و ٦٥ی ڕاگەیەنراوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە لەبەرچاوگەتنی مافی مرۆڤ و ئازادی‌یە بنەڕەتی‌یەکان بۆ هەموو تاکەکان بەبێ هەڵاواردن بە نیسبەت نەژاد، ڕەگەز، زمان یان ئایینەوە ڕای گەیاندوە، دەق و بەڵگەگەلێک پەسند کراوە کە لە خوارەوە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین.

١: پەیمان‌نامەی قەدەغەکردن و سزادانی کوشتنی بەکۆمەڵ(پەسندکراوی ١٩٤٨):

یەکێک لە پەیمان‌نامەکانی مافی مرۆڤی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی کە بە گوێرەی ئەوە، وەچەکوژی(نسل کشی) بە مانای هەرکام لەو کردەوانەی خوارەوە کە بە مەبەستی فەوتانی گشت یان بەشێک لە نەتەوە، گرووپی قەومی، نەژادی یان ئایینی بەڕێوە دەچێ، مەحکوومە و بەشێک لەم


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەرکە دەگەڕێتەوە بۆ بەڵێنپارێزی مافی ژیان، کە مافێکی ستانداردی تاکەکەسییە. هەروەها هەوڵدان بۆ پاراستن و پارێزگاری کردن لە بەرانبەر پاکتاوی نەژادیدا، جەخت لەسەر تێکۆشانی گرووپەکان بۆ زەربەلێدان و نەهێشتنیان دەکا کە بۆ وێنە ئاماژە بە چەند نموونەیەک دەکرێ:

ئەلف: کوشتنی ئەندامانی گرووپ.

ب: پێک هێنانی زەربەی جیددی جەستەیی و دەروونی.

ج: بەرەو بارودۆخێک بردنی گرووپەکە کە ببێتە هۆی لەنێوبردنی هەموو یان بەشێکی جەستە.

د: سەپاندنی بارودۆخێک بە مەبەستی پێشگیری لە زەوزووی نێو گرووپەکە.

ع: گواستنەوەی ناعیلاجی منداڵانی گرووپ بۆ گرووپێکی‌تر و مافی پارێزگاری لە بەرامبەر وەچەکوژی دا.

ئەم مافانە بە گشتی نێگەتیڤن بەو واتایە کە دەوڵەت و دام و دەزگاکانی دیکەی ناچار بکا کە مل بۆ سڕینەوەی گرووپەکە نەدەن و دووری لێ بکەن، بەڵام هەروەها ئەم مافانە پێویستی بەوەیە کە بۆ ئەم مەبەستە کەرەسەگەلێکی قانوونی و پشتیوانی دیکەش دابین بکرێن.

٢: جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ(پەسندکراوی ١٩٤٨):

بەپێی جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ «هەر کەسێک دەتوانێ بێ هیچ هەڵاواردنێک بە تایبەتی ڕەگەز، ڕەنگ، جنس، زمان، ئایین، بیروڕای سیاسی، یان هەر بیروڕایەکی دیکەوە، هەروەها بێ وەبەرچاوگیرانی ڕەچەڵەکی نەتەوەیی یان کۆمەڵایەتی، سامان، لەدایک بوون یان هەر بارودۆخێکی دیکەوە، هەموو ئەو ماف و ئازادی‌یانەی هەبێ کە لەو جاڕنامەیەدا هاتوون»(ماددەی دوو).

هەروەها «هەموو لە بەرانبەر قانووندا یەکسانن و مافی ئەوەیان هەیە بێ هیچ هەڵاواردنێک لە لایەن قانوونەوە پشتیان بگیرێ. هەمووان مافی ئەوەیان هەیە لە بەرانبەر هەر هەڵاواردنێکدا کە نێوەرۆکی ئەم جاڕنامەیە پێشێل بکا و، لە دژایەتی لەگەڵ هەر هاندانێکدا کە بە مەبەستی ئەو هەڵاواردنانە بەڕێوە بچێ، وەک یەک لە لایەن قانوونەوە پشتیوانی‌یان لێ بکرێ»(ماددەی حەوت).

٣: ڕێککەوتن‌نامەی نێونەتەوەیی سڕینەوەی هەموو شێوە هەڵاواردنێکی نەژادی (پەسندکراوی ١٩٦٥).

ئەم پەیمانە کە لە ساڵی **١٩٦٩**وە بەڕێوەچوو، کۆبەندترین پەیمانی سەربە مافی کەمایەتی‌یە نەژادی و قەومییەکانە. ئەم پەیمانە بە درێژی باس دەکا کە دەوڵەتەکان بۆ سڕینەوەی هەڵاواردن و توندوتیژی نەژادی و بردنەسەری تێگەیشتن و هاوپێوەندی نەژادی پێویستیان بە ئەنجام دانی چ هەوڵدان و تێکۆشانێکە. کومیتەی سڕینەوەی هەڵاواردنی نەژادی(CERD) ئەرکی چاوەدێری بەسەر ئەم پەیمان‌نامەیەی لەسەر شانە کە لە هەژدە ئەندامی پسپۆڕ پێک هاتووە. دەوڵەتەکان ئەرکی سەرشانیانە تاکوو ڕاپۆرتی پێشکەوتنەکەنیان لە ڕاستای گونجاندنی ئەم پەیمان‌نامەیە بە شێوەی دەورەیی بدەنەوە بەم کومیتەیە. ناچارکردنی

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دانەوەی ئەم ڕاپۆرتە پێوەندی بەوەوە نیە کە داخوا دەوڵەتی ناوبراو تا چەندە باوەڕی بە بوونی هەڵاواردنی نەژادی لە چوارچێوەی دەسەڵاتدارەتی‌یەکەیدا هەیە یان نا. هەروەها دەوڵەت ناچارە تاکوو بە ڕەچاوکردنی ڕێ و شوێنەکانی فێرکاری پێشگیرانە پشتیوانی لەم پەیماننامەیە بکەن، تەنانەت ئەگەر ئەم هەڵاواردنە بە کێشەی هەنووکەیی وڵاتەکەشیان نەزانن. ئەم کومیتەیە هەروەها دەتوانێ لەگەڵ ئەو کەس و گرووپانەی کە پێیان وایە لە چوارچێوەی ئەم پەیماننامەیەدا مافیان پێشێل کراوە، پێوەندی‌یان هەبێ.

**٤: ڕێککەوتن‌نامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسی‌یەکان (پەسندکراوی ١٩٦٦):**

هەر دەوڵەتێکی ئەندامی ئەم پەیمانە بەرعۆدە دەبێ کە هەمبەر بە تاکەکانی دانیشتووی خۆی، بێ لەبەرچاوگرتنی جۆری ڕەچەڵەک، ڕەگەز، زمان، ئایین، بیروڕای سیاسی و هەر جۆرە بیروڕایەکی دیکە، هەروەها بێ وەبەرچاوگرتنی بنەچەی کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، سامان، پێوەندیی خزمایەتی و بارودۆخی‌تر، ڕێز لە مافەکانی گونجاو لەم پەیماننامەیەدا بگرێ و دەستەبەریان بکا (ماددەی ٢). هەروەها ئەم پەیمانە دەوڵەتەکان بەرعۆدە دەکا کە «هەر چەشنە هاندانی گیانی دژایەتیی نەتەوەیی، ڕەگەزی یان ئایینی کە ببێتە هۆی دنەدانی هەڵاواردن، دوژمنایەتی و توندوتیژی، بە گوێرەی قانوون قەدەغەیە» (ماددەی ٢٠). هەروەها بە پێی ئەم پەیمانە هەموو تاکەکان لەبەرامبەر یاسادا یەکسانن و بەبێ هیچ جیاوازی‌یەک مافی پارێزرانی وەک یەکیان لە لایەن یاساوە هەیە (ماددەی ٢٦). لەو وڵاتانەدا کە کەمایەتی ڕەگەزی، ئایینی یان زمانی هەن و کەسانی سەر بەو کەمایەتی‌یانە، نابێ مافی پێک هێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامەکانیان و هەروەها کەڵک وەرگرتن لە کولتوور و دەربڕین و جێ‌بەجێ کردنی ڕێ و شوێنە ئایینی‌یەکان و قسەکردن و نووسین بە زمانی خۆیان لێ زەوت بکرێ (ماددەی ٢٧).

**٥: ئەساسنامەی دادگای جینایی نێونەتەوەیی ڕۆم (١٩٩٨):**

ماددەی شەشی ئەم ئەساسنامەیەی دادگای جینایی نێونەتەوەیی‌یە، دەسەڵاتی ئەم دادگایەی بۆ تاوتوێ کردنی پەروەندەکانی سەربە وەچەکوژی و پاکتاوی گرووپە تایبەتە نەتەوەیی و قەومی‌یەکانی بە فەرمی دەناسێ. لە ماددەی حەوتەکەیدا ئاپارتاید وەک جینایەت بە دژی مرۆڤایەتی پێناسە دەکرێ.

**٦: پەیماننامەکان و بەڵگە نێونەتەوەیی‌یەکان و یاسا نێوخۆیی‌یەکانی سەربە مافی پەروەردەو ڕاهێنان بە زمانی دایک (زگماکی):**

بە پێی ئاگادارکردنەوەی زمان ناسەکان لەسەر بنەمای ئەگەری لەنێوچوونی زۆرێک لە زمانەکان، ڕێکخراوی نەتەوەکان و یۆنسکۆ هەوڵی دارشتنی گەڵاڵەیەکیان بۆ پاراستنی ئەو زمانانەی هەن، داوە، کە دەکرێ بۆ وێنە ئاماژە بە یەکێک لە بابەتەکانی کە ڕۆژی ٢١ی فێوریەیان وەک ڕۆژی جیهانی زمانی دایک ناودێر کردوە، بکەین. بەنگلادش بە هۆی دەسەڵاتدارەتی ناسیۆنالیزمی زمانی بەسەر شۆڕشگێڕەکانی‌دا یەکەم وڵاتێک بوو کە لە نوامبری ساڵی ١٩٩٩ی زایینی‌دا پێشنیاری فەرمی خۆی لەسەر ناودێرکردنی ڕۆژی ٢١ی فێوریە بە ناوی ڕۆژی جیهانی زمانی دایک، پێشکەش بە ڕێکخراوی یۆنسکۆ کرد. گەڵاڵەی پێشکەش کراو لە لایەن دەوڵەتی بەنگلادش و ئەنجومەنی جیهانی لایەنگرانی زمانی دایک، لە سی‌یەمین کۆبوونەوەی گشتی ڕێکخراوی یۆنسکۆدا بە پەسندی نوێنەرانی وڵاتانی ئەندام گەیشت.

کۆمەڵگای نێونەتەوەیی گرینگی و پێویستیی ڕاهێنانی زمانی دایکی قەبووڵ کردووە وەک مافێکی بنەڕەتیی مرۆیی بە ڕەسمی‌یەتی ناسیوە بە شێوەیەک کە لە چەندین پەیمان و جاڕنامەی ئامادەکراو لە لایەن سەرچاوە نێونەتەوەیی‌یەکانەوە وێڕای ڕاشکاوی بە مافی تاکەکان لە ڕاهێنانی زمانی زگماکیاندا، جەخت لەسەر بەڵێنە ئەرێنی و نەرێنی وڵاتەکانیش لە ناسینی ئەم مافانەدا کراوەتەوە.

مەبەست لە بەڵێنیە ئەرێنی‌یەکان، ئەو بەڵێنانەن کە دەوڵەتەکان بە پێی ئەم پەیمان و جاڕنامانە ئەرکی سەرشانیانە تاکوو پشتیوانی پێویست بۆ پێک هێنانی بارودۆخ و ئیمکاناتی ئاسانکاری دەست وێڕاگەیشتنی تاکەکان بەم مافانە بکەن و، مەبەست لە بەڵێنی‌یە نەرێنی‌یەکانیش، بەڵێنی‌گەلێکن کە پێشگیری لە دەست درێژی و زوڵم و غەدری دەوڵەتەکان دەکا.

ئەلف: ڕێککەوتن‌نامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسی‌یەکان (پەسندکراوی **١٩٩٦**ی زایینی، کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەکان):

لە ماددەی **٢٧**ی ئەم پەیماننامەیەدا بڕیار دراوە: لەو وڵاتانەدا کە کەمایەتی ڕەگەزی، ئایینی یان زمانی هەن و کەسانی سەر بەو کەمایەتی‌یانە، نابێ مافی پێک هێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامەکانیان و هەروەها کەڵک وەرگرتن لە کولتوور و دەربڕین و جێ‌بەجێ کردنی ڕێ و شوێنە ئایینی‌یەکان و قسەکردن و نووسین بە زمانی خۆیان لێ زەوت بکرێ.

ب: پەیماننامەی مافەکانی منداڵ (پەسندکراوی **١٩٨٩**، کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەکان):

ماددەگەلێکی جۆراوجۆر بۆ وێنە ماددەی **٣٠**ی پەیماننامەی مافەکانی منداڵ لەم بارەوە ئاوا باس دەکا: ئەو وڵاتانەی کە کەمایەتی‌گەلێکی خۆجێی‌یی، ئایینی، زمانی یان کەسانێک بە بنچینەی خۆجێی‌یی هەیە، منداڵانی سەر بەم جۆرە کەمایەتیانە یان منداڵێک کە خۆجێی‌یە، نابێ لە مافی بەهرەمەندی لە کولتووری خۆی،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەهرەمەندی لە ئایین و کاروبارەکانی یان کەڵک وەرگرتن لە زمانەکەی لەگەڵ ئەندامەکانی دیکەی گرووپەکەی بێبەش بکرێ.

ج: جاڕنامەی مافی تاکەکانی سەربە کەمایەتییە قەومی نەتەوەیی، ئایینی و زمانییەکان(پەسندکراوی ١٩٩٢)، مادده جۆراوجۆرەکانی وەک بڕگەکانی ٣ و ٤ی ماددەی ٤ی ئەم جاڕنامەیە بڕیاری لەسەر دراوە کە:

بڕگەی ٣: نەتەوە پێڕەوی کراوەکان لە کاتی مەیسەربووندا دەبێ ئەو هەوڵە پێویستانەی کە تاکەکانی سەربە کەمایەتییەکان بارودۆخێکی لەبار بۆ فێربوونی زمانی دایک یان وەرگرتنی یاسا و ڕێساکانی زمانی زگماکییان هەیە، پێک بێنێ.

بڕگەی ٤: نەتەوە پێڕەوی کراوەکان لە کاتی گونجاودا ئەو ئاسانکارییە پێویستییانەی بواری خوێندن بە زمانی دایک و هاندانیان لە وەرگرتنی زانیارییە مێژوویییەکان، نەریتەکان، زمان و کلتوورێک کە لە نێو سنووری کەمایەتییەکان دایە، بەکار دەبەن.

د: جاڕنامەی جیهانی مافەکانی زمان (پەسندکراوی ١٩٩٦):

جاڕنامەی جیهانی مافەکانی زمان لە دوو ماددەی چڕوپڕدا ئامادەو نووسراوە کە لەودا گشت وردەکارییەکانی سەربە پشتیوانی لە زمانی کەمایەتییەکان و ئەرکی سەرشانی دەوڵەتەکان لەم بارەوە هاتووە.

ر: ڕاگەیەنراوی زمانی دایک:

ئەم ڕاگەیەندراوەش لە لایەن ڕێکخراوی یۆنسکۆوە ئامادەو پەسند کراوە. بەپێی بڕگە سێیانەکانی ئەم ڕاگەیەندراوە: «تەواوی قوتابیی ئەم قوتابخانانە دەبێ خوێندنی ڕەسمییەکەیان بە زمانی زگماکی دەست پێ بکەن». لەسەر هەموو دەوڵەتەکانیشە کە بۆ بەهێزکردن و ڕاهێنانی زمانی دایک، تەواوی سەرچاوەی ماددەو کەڵ و پەلی پێویست حازرو بڵاو بکەنەوەو بۆ وتنەوەی

**کۆمەڵگای نێونەتەوەیی گرینگی و پێویستیی ڕاهێنانی زمانی دایکی قەبووڵ کردووە وەک مافێکیبنەڕەتیی مرۆیی بە ڕەسمییەتی ناسیوە بە شێوەیەک کە لە چەندین پەیمان و جاڕنامەی ئامادەکراو لە لایەن سەرچاوە نێونەتەوەییەکانەوە وێڕای ڕاشکاوی بە مافی تاکەکان لە ڕاهێنانی زمانی زگماکیاندا، جەخت لەسەر بەڵێنە ئەرێنی و نەرێنی وڵاتەکانیش لە ناسینی ئەم مافانەدا کراوەتەوە.**

زمانی زگماکی دەبێ مامۆستا بەڕادەی پێویست پەروەردەو ئامادە بکرێن، چونکە وتنەوە بە زمانی دایک وەک کەرەسەیەک بۆ یەکسانی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێ.

ز: قانوونەکانی ئێران:

هەرچەند بە کردەوە هیچ هەوڵێکی جێی پەسند بۆ بە فەرمی ناسینی زمانی زگماکی نەتەوەکان لە ئێراندا نەدراوە، بەڵام ڕێزدانان بۆ زمانی دایک و هەقی ڕاهێنان و فێرکارییەکەی لە یاسا و ڕێساکاندا لەو چەمکە سەلمێنراوانەی قانوونەکانی ئێرانێ دەژمێردرێ، بە شێوەیەک کە دوایین بەشی ئەسڵی ١٥ی قانوونی بنەڕەتی کۆماریی ئیسلامی ئێران بە ڕوون و ئاشکرا لەم بارەوە بڕیاری لەسەر داوە. «... کەڵک وەرگرتن لە زمانە ناوچەیی و نەتەوەییەکان لە چاپەمەنی و بڵاوکراوەی گرووپەکان و وتنەوەی ئەدەبیاتەکەیان لە قوتابخانەکان لە پەنا زمانی فارسیدا ئازادە»، هەروەها ئەسڵەکانی ١٩، ٢٢ و ٢٣ی ئەم قانوونە بە ئاماژە بە یەکسانی و هەرجۆرە هەڵ نەهاواردنێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ... هتد، بەجۆرێکی تر ئەم مافە سەلمێنراوەی مرۆڤی پێناسە کردوە. لەلایەکیترەوە دەوڵەتی ئێران لەگەڵ پەیوەست بوون بە چەندین پەیماننامەی نێونەتەوەیی وەک پەیمانی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، پەیمانی نێونەتەوەیی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری و هەروەها ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ کە بە پێی ماددەی ٩ی قانوونی مەدەنی لە حوکمی یاسا پەسندکراوەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی دەژمێردرێن، مافی ڕاهێنانی زمانی دایکی بەبێ هیچ جۆرە مەرجێک بەڕەسمی ناسیوە. کەواتە هیچ گومانێک لەوەدا نیە کە مافی ڕاهێنانی زمانی دایک لە یاساکانی ئێراندا هاتووە.

٧: پێوەرو بەڵگە بەڵێندەرە نێونەتەوەییەکانی دیکەی سەربە مافی کەمایەتییە قەومی، ئایینی و زمانییەکان.

ئەلف: لە ماددەی دووی پەیماننامەی مافەکانی منداڵ ئاماژە بە ناو و نیشانی مافی کەمایەتییە قەومییەتەکان کراوە.

ب: پەیماننامەی دژی هەڵاواردن لە بارهێنان و ڕاهێنان دا، پەسندکراوی ١٩٦٧ی یۆنسکۆ.

ج: بەڵێننامەی ژمارە ١١١ لەمەڕ هەڵاواردن لە دامەزراندن و سەرگەرم بوون بە کارێکەوە، پەسندکراوی ١٩٥٨ی

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار.

د: ڕاگەیەنراوی سڕینەوەی هەر جۆرە نایەکسانی و هەڵاواردنێک بەپێی ئایین، پەسندکراوی **١٩٨١**ی کۆڕی گشتی ڕێکخراوەنێونەتەوەیی‌یەکانی داکۆکی‌کەری مافی کەمایەتی و قەومییەتەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و بەر لە دامەزرانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، سیستەمێکی نێونەتەوەیی بۆ پشتیوانی لە مافی کەمایەتی‌یەکان پێک هات و لەو پەیمان‌نامانەی کە لە نێوان دەوڵەتەکاندا بەسترا، بڕیاردرابوو کە دەوڵەتەکان بە نیسبەت کەمایەتی و قەومییەتەکانەوە هیچ جۆرە جیاوازی‌یەک دانەنێن و مافی کەڵک وەرگرتن لە زمان و ئایینی خۆیان پێ بدەن.

لیستی ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکانی پارێزەری مافەکانی مرۆڤ و کەمایەتی و قەومییەتەکان:

— کۆمیسارایای بەرزی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەکان
— ئەنجومەنی ئاسایش
— کومیتەی قەدەغەکردنی هەڵاواردنی نەژادی
— کومیتەی مافەکانی مرۆڤ
— ڕێک‌کەوتن‌نامەی ئورووپایی مافەکانی مرۆڤ
— کومیتەی خەبات دژی هەڵاواردنی ژنان
— کومیتەی دژی ئەشکەنجە
— لێبووردنی نێونەتەوەیی

ئاکام بەندی:

گرووپە کەمایەتی‌یەکان بە تایبەت قەومییەتەکان لەبەردەم توندوتیژی دان. توندوتیژیش تەنیا بە مانای بوونی تێک هەڵچوون و شەڕو مشت و مڕی فیزیکی و جەستەیی دژی گرووپە کەمایەتی‌یەکانی کۆمەڵگا نیە، بەڵکوو دەکرێ هەر جۆرە سیاستگەلێکی نایەکسانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی، کولتووری، بێحورمەتی و سووکایەتی پێ‌کردنی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا، هەوڵدان لە ڕاستای گۆڕانی شوناسی گرووپی کەمایەتی، تێکدانی پێکهاتەی حەشیمەتی شوێنەکانی ژیانی گرووپ بە شێوەی کۆچی زۆرەملی و نەدانی مۆڵەتی ڕاهێنان بە زمانی دایک و پێشگیری لە بەرێوەچوون و، ئەنجام دانی ڕێ و ڕەسم و ئەرکە کولتووری و ئایینی‌یەکان وەک هۆکارەکانی بوار ڕەخسێنی توندوتیژی‌یە قەومی، نەژادی و ئایینی‌یەکان دانێین. بەهاکانی مافی مرۆڤ خوازیارن لە دەوڵەتەکان کە ئەو جۆرە هەنگاوانە ڕاگرن و ڕێ و شوێن‌گەلێکی گونجاو و پێویست بە دژیان بگرنەپێش. بەداخەوە پاش زیاتر لە سەدەیەک هەوڵەکانی سیستمی نێونەتەوەیی بۆ سڕینەوەو لەنێوبردنی هەرجۆرە هەڵاواردنێکی قەومی—ئایینی لە جیهاندا، هەر ڕۆژە لە کەڵێن و قوژبنی ئەم جیهانە شەپۆلاوی‌یەدا شایەتحاڵی هەڵاواردنە پەلاماردەریەکان و لەبەرچاونەگرتن لە نێوان زۆرایەتی و کەمایەتی داین کە ئەمە لە تایبەتمەندیی حکوومەتەکان و دەسەڵاتدارە ملهوڕو دیکتاتۆڕەکانە کە کەمایەتی‌یەکان توانایی بەهرەمەندی لە ماف و ئازادی‌یە بنەڕەتی و ڕەواییەکانیان نیە. هیوادارین کۆمەڵگای جیهانی ڕۆژێک بگاتە ئەو ئاستە لە گەشەکردن کە هەموو تاکەکانی مرۆڤ بەبێ لەبەرچاوگرتنی بنچ و بنەچە، ڕەچەڵەک و زمان، ئایین و میللیەت، ڕەگەزایەتی و هاووڵاتی‌یەتی، لە پەنا عەداڵەت و ویژدانی وەخەبەرهاتووی مرۆڤایەتی لە ئەوپەڕی پێک هاتن و ئاشتی و تەبایی‌دا پێکەوە بژین و شایەتحاڵی جیهانێکی دوور لە هەر جۆرە هەڵاواردن و نایەکسانی‌یەک بین.

سەرچاوەکان:

ماهنامە حقوقی اجتماعی خط صلح، سال دوم، شمارە هشتم(نویسندە: سعید مرادی).

١: حقوق بین المللی عمومی، دکتر رضا بیگ زادە

٢: بایستەهای حقوق بین المللی عمومی، دکتر رضا موسی زادە

٣: سازمانهای بین المللی، دکتر رضا موسی زادە

٤: دادگاههای کیفری بین المللی، دکتر حسین میرمحمد صدقی

***





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سزای ئێعدام له ئاستی نێوده‌وڵه‌تی و ئێران دا



ن: زانیار باگردانی

به سه‌رجه‌م ئه‌و یاساو ڕێ و شوێنانه ده‌ڵێن که ده‌بێ حکوومه‌ت به گوێره‌ی ئه‌وان مامه‌ڵه له‌گه‌ڵ تاکه که‌س و که‌سایه‌تی‌یه‌کان، ده‌سته و تاقمه جۆراوجۆره‌کانی نێو کۆمه‌ڵ بکات.

به شێوه‌یه‌کی گشتی "مافه‌کان" ئه‌و یاسایانه‌ن که له پێوندی له‌گه‌ڵ موخاتیبه‌کانمان دایه، واته مافه‌کانی مرۆڤ له به‌رامبه‌ر حکوومه‌ت دا، ماف و حه‌ق و حقوقی ئه‌مه ده‌پارێزن. ته‌نیا له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که مرۆڤین و ده‌بێ وه‌کوو یه‌ک مرۆڤی مافدار له‌گه‌ڵمان مامه‌ڵه بکه‌ن. جیاوازیمان ده‌نێواندا نیه هه‌موومان ئینسانین و خاوه‌نی حه‌ق و حقوقی وه‌کوو یه‌کین و ئازادی وه‌کوو یه‌کمان ده‌بێ هه‌بێ.

سه‌ره‌تا ده‌ست پێ کردنی به‌رگری له مافه‌کانی مرۆڤ له رۆژی ١٠ی سێپتامبری سالی ١٩٤٨ له لایه‌ن رێکخراوه‌ی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووکانه‌وه په‌سند کرا.له‌و کاته‌وه تا ئێستا چه‌ندین په‌یمان‌نامه‌ی جۆراوجۆر له لایه‌ن رێکخراوه‌کانی جیهان ده‌کۆنفرانسه‌کاندا گیراون، به‌ڵام مرۆڤیش ده‌بێ دیسیپلینێک له‌و بواره‌وه بۆ ژیانی خۆی دانێ و لێی لانه‌دا.

نووسه‌رێکی فه‌رانسه‌ویی به ناوی "سیمۆن ویل" له کتێبێکی خۆی له ساڵی ١٩٨٦دا ئاماژه به‌وه‌ی ده‌کات که "ئه‌گه‌ر مرۆڤ رابردوو نه‌ناسێ، له ئێستاش تێ ناگاو له ئاکامدا ناتوانێ داهاتووش دروست بکات". به‌ڵام کاتێک کلتووری ئازادی له نێو یاساکانی وڵاتێک دا جێگیر بێ کۆمه‌ڵه‌که‌ش به‌م رێ و شوێنه ئێحترام داده‌نێ و کۆمه‌ڵێکی یاساپارێزیان لێ دروست ده‌بێ.

یه‌کێک له‌و یاسایانه‌ی که مافی مرۆڤ پێشێل ده‌کات، سزای ئێعدامه که له چه‌ند وڵاتی جیهان به کاری دێنن بۆ ترساندن و دوور کردنه‌وه‌ی مرۆڤ له زۆر کاران.

به‌رێوه‌بردنی سزای ئێعدام یان مه‌رگ بۆ که‌سێک، کۆمه‌ڵ به‌ره‌و درنده‌یی و



کتێبخانه‌ی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەحشیگەری و توندوتیژی دەباو لە ئاکامدا کوشتن و برین و توندوتیژی نیشاندان، بە شێوەیەکی ئاسانتر وەردەگیرێ.

زۆرن ئەوانەی بە دژی ئەو ئەسڵە ڕادەوەستن کە سزای مەرگ ڕەت دەکەنەوە. هیچ کەس تەنانەت هیچ دەوڵەتێکیش مافی ئەوەی نیە کە گیان لە کەسانی دیکە بستێنێ. کۆمەڵ ناسەکان، گیروگرفت و جیاوازیی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان بە هۆی سەرهەڵدانی تاوان و جینایەت دەزانن.

گیان ستاندن لە گیاندارێکی‌تر وەک مرۆڤ کارێکی نامرۆڤانەیە دین و ئایینی ئیسلامیش ئەوەی ڕەت دەکاتەوە کە کوشتنی مرۆڤێک گوناحێکی گەورەیە.دەروون ناسەکانیش پێ لەسەر هۆکارە دەروونی‌یەکان دادەگرن و دەڵێن کە مرۆڤ لە بەڕێوەبردنی ئیرادەی خۆیدا ئازادەو دەتوانێ سەبارەت بەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامیان دەدا بڕیار بدا. لە کتێبێکی‌دا دوکتور شەریعەتی دەڵێ: "ئاوم، باوکم دای نا، ناوبانگم یەکێک لە ئەژدادم، ئیتر بەسە ڕێگاکەم بۆخۆم هەڵ دەبژێرم".

لە حاڵەتێکی ئاوادا دەبێ دەست لە جینایەت و تاوان بکێشێتەوە و کارێکی وانەکات کە تووشی تاوان بێت.

قازی و لێ‌زانانی کاروباری مافیش، لەو بڕوایەدان کە زۆربەی ئەو بەڵگەو دەلیلانەی کە بۆ مەحکووم کردنی کەسێک بەکار دێن، ڕاست نین، چونکە مرۆڤ قەت ناتوانێ لە مەحکووم کردنی تاوان بارێک دڵنیا بێ.

ئەگەر دەرکەوت کە ئەو کەسەی ئێعدام کراوە تاوانێکی لەو چەشنەی ئەنجام نەداوە کە ئەو سزایەی پێ‌ڕەوا ببینرێ، بە هیچ جۆر ئیمکانی ڕاست کردنەوەی ئەو هەڵەیە نیە.

لەو بارەوە زۆر نموونەی لەو جۆرە هەیە، بە تایبەتی لە ئێراندا هەبووە کە دوای ئێعدام دەرکەوتووە کە ئێعدام کراو بێ‌تاوان بووە.زۆر جاریش ئەو هۆیانەی کە بۆ پاکانەکردن بۆ سزای مەرگ بەکار دێن، وەبەرچاو ناگیردرێن. کاتێک ئینگلستان سزای مەرگی هەڵوەشاوە ڕاگەیاند، زۆر

**دیارە زۆر فاکتەری دیکەش کە لەو بارەوە ڕۆڵیان گێڕاوە هەن، بۆ نموونە چوونەسەری ڕادەی زانیاری و خوێندەواری خەڵک، هاتنەخواری ئاستی بێکاری کە ئێران پێنج ساڵە دەڵێ شوغل بۆ لاوانی بازاری و ئەو کەسانەی کە دەرسیان تەواو کردوە دادەنێم، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ ئاستی بێکاری دەچێتە سەر، پەرەسەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی و... لەو پێوەندی‌یەدا ڕۆڵیان هەبوو.**

بوون ئەوانەی کە دەیان گوت ڕادەی تاوان و جینایەت دەچێتە سەر، بەڵام پێچەوانەی ئەوەی ڕوویدا. ڕادەی تاوان و جینایەت زۆر هاتە خوارێ. ڕەنگە ئەوەش ئەوە بووبێ، هەڵوەشاندنەوەی سزای مەرگ ڕێزو ئێحترامی هاووڵاتی‌یانی بۆ ژیانی کەسانی دیکە بردبێتە سەر.

دیارە زۆر فاکتەری دیکەش کە لەو بارەوە ڕۆڵیان گێڕاوە هەن، بۆ نموونە چوونەسەری ڕادەی زانیاری و خوێندەواری خەڵک، هاتنەخواری ئاستی بێکاری کە ئێران پێنج ساڵە دەڵێ شوغل بۆ لاوانی بازاری و ئەو کەسانەی کە دەرسیان تەواو کردوە دادەنێم، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ ئاستی بێکاری دەچێتە سەر، پەرەسەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی و... لەو پێوەندی‌یەدا ڕۆڵیان هەبوو.

کاتێک کە شەڕی نێوخۆی نۆڕوێژ بوو، زۆربەی خەڵک لە دژی هەڵوەشاندنەوەی سزای مەرگ لە کاتی شەڕدا بوون. زۆر کەمن ئەو وڵاتانەی کە بەڕێوەبردنی سزای مەرگیان لە هەل ومەرجی شەڕدا، قەدەغە کردوە. هەر لەبەر ئەوەش ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ١٨ی دیسامبری ساڵی ٢٠٠٧دا، بڕیارنامەیەکی پەسەند کرد، بە گوێرەی ئەو، لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا سزای مەرگ هەڵ دەوەشێتەوە. ئەو بڕیارنامەیە داوا لە وڵاتان دەکا کە خۆیان لە بەکاربردن و جێ‌بەجێ کردنی سزای سێدارەو ئێعدام بپارێزن. مەبەست لەو کارەش ئەوەیە کە زەمینەی ئەوە ئامادە بکرێ کە ئیتر بۆ هەمیشە بتوانرێ کۆتایی بە بەکارهێنان و جێ‌بەجێ کردنی سزای مەرگ بهێنرێ.

دەبێ بڵێین کە لە ڕۆژی ٢٠ی دیسامبری ساڵی ٢٠٠٨دا، بڕیارنامەیەکی دیکە لەو چەشنە لە کۆڕی گشتی‌دا پەسەند کرا. ١٠٦ وڵات دەنگیان بەو بڕیارنامەیە دا، ٤٦ وڵات دژایەتیان لەگەڵ کردو ٣٤ وڵاتیش لەو نێوەدا خۆیان بێ لایەن ڕاگەیاند. ئەو بڕیارنامەیە لە باری قانوونی و قەزایی‌یەوە ئەرک ناخاتە سەرشانی دەرڵەتەکان بۆ بەڕێوە بردنیان، بەڵام دەبێتە پاڵپەستۆی سیاسی بۆ مەبەستی جێ‌بەجێ کردنی سزای مەرگ. یەکێک لەو وڵاتانەی کە بە دژی بڕیارنامەی ساڵی ٢٠٠٨ بوو ئێرانە کە ڕادەی ئێعدام کرانی لە ساڵدا زیاتر لە ١٠٠ کەس واتە ئێعدام یەکێک لە سزاکانی دەوڵەتی ئێرانە کە بەم شێوەیە ترس دەخاتە نێو کۆمەڵگا.

سزای مەرگ یەکێک لەو بڕیارانەیە کە پێوندی بە مافی ژیانەوە هەیە. مافێک کە بە بەردی بناخەی هەموو ماف و ئازادی‌یەکانی دیکە دادەنرێ ئەویش بە مافی مرۆڤ ناسراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەیەك لە ژیانی شۆڕشگێڕانەی ڕەحمان مورتەزازادە ناسراو بە مام ڕەحمان

**دیمانە : ئازاد عەباسیان**



سالّی ١٣١٨ی هەتاوی لە ناوچەی گەورکایەتی سەقز، لە بناری کێوە بەرزەکەی وەنەوشە، لە گوندە کوردپەروەرەکەی ئاخکەند چاوی کۆرپەلەیەک بە ئاسمانی شینی کوردستان کرایەوە، هەناسەی منداڵێکی ساوا تێکەڵ بە بۆنی وەنەوشەکانی کێوی وەنەوشە بوو. شەماڵی ئازادی چوو بۆ لای هەڵۆی شاخان و وتی مژدە بدە بە خۆشەویستانی پێشەوامان قازی محەممەدی نەمر و بڵێ گیانێکی دیکە لە ڕێ دایە تاکوو تێکەڵ بە ئێوە شان بە شانتان شاخە و شاخ و گوند بە گوند پشتیوانتان بێت.

شەماڵی ئازادی چوو بۆ لای گوڵی سوور و وتی: بڕۆ بە رۆحە مەزنەکەی شەهیدان بڵێ ساوایەک لەدایک بووەو لەنێو چاوانی نووسراوە کە پێی گرت سوێند بە ڕێبازتان دەخوات و درێژە دەری ڕێگاتان دەبێ.

ئەگەر پرسیان: ئەو ساوایە کێ‌یە؟ بڵێن پێشمەرگەی دوا ڕۆژی کوردستان! ئەگەر وتیان: ناوی چیە؟ بڵێن ڕەحمان.

ڕەحمان مورتەزازادە ناسراو بە مام ڕەحمان، شەهید بوون بە شانازی دەزانێ و بەو هیوایە دەژی کە مزگێنی ئازادی کوردستان بدات بە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان .

مام ڕەحمان نموونەی شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینەیە، ئامانجی مام ڕەحمان یەک وشەیە، ئەویش ئازادی‌یە، ئازادی خاکی کوردستان لە ژێر دەستی داگیرکەردا.

بە ئەرکی سەرشانی خۆم زانی کە لە چەند وشەی ساکار و سادەدا ڕێز لەم شۆڕشگێڕە بلیمەتە بگرم و کورتەیەک لە ژیانی شۆڕشگێڕانەی بخەمە بەر چاوی ئێوەی بەڕێزی خوێنەرانی گۆڤاری لاوان و وانەی خۆڕاگری و ئەوین بە خاک و نیشتمانی لێوە فێر بین.

داوای لێبووردن لە مام ڕەحمان دەکەم کە ناتوانم و لە توانام دا نیە لەوە زیاتر وەسفی قارەمانەتییەکانی بکەم. خۆشتر وایە لە زمان خۆیەوە ببیستین کە مام ڕەحمان لە دەورانی پێشمەرگایەتی و پێش ئەو دەورانە چۆن ژیاوە:

ئەمن ڕەحمان مورتەزازادە کوڕی حسێن لە ساڵی ١٣١٨ی هەتاوی لە بناری کێوی وەنەوشە سەر بە ناوچەی گەورکایەتی

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەقز لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی وەرزێر و جوتیاری گوندی ئاخکەند چاوم بە دنیا هەڵێنا و هەر لەو گوندەدا مامەوە تا ساڵی ١٣٥٤ و بە کاری کشت و کاڵەوە خەریک بووم. پاشان ڕووم کردۆتە شاری سەقز لە وێ نیشتەجێ بووم و دەستم کرد بە کاری لێفە دوورین، چەند جاران لە گەڵ گەنجانی ئەو گوندە بۆ شارەکانی دیکەی ئێران بۆ کار چووم، منیش وەک زۆربەی منداڵانی ئەو سەردەمە لە خوێندن بێبەش بووم، بەڵام شایانی باسە لە دەورانی پێشمەرگایەتی لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا تا پۆلی پێنجی سەرەتاییم خوێندوە یانی سەرەڕای چوونە سەری تەمەن و کاروباری حیزبایەتیش بازەم تا ڕادەیەک خۆم لە بەهرەی خوێندن بێبەش نەکردوە.

لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا گوندەکەمان هێزێکی زۆری پێشمەرگەی کوردستانی لێ نیشتەجێ بوو و وەک پشتی جبهە بۆ هیزەکانی کۆمار لە جبهەی سەقز وابوو، لەو دەورانەوە هەستی کوردایەتی لە دڵمدا چەکەرەی کردو پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان هەستم بە چەسانەوەی گەلی کورد کرد، ڕۆژبەڕۆژ ئەو هەستە لە دڵمدا پەرەی دەسەند، پاش ڕاپەڕینە چەکداریەکەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧یش کە هات و چۆی ناوچەی گەورکایەتی مهابادو ناوچەکانی بانەم دەکرد هەستی کوردایەتی لە دڵمدا زیاتر چەکەرەی کردو هەستم بە بێبەشی و چەسانەوەی نەتەوەکەم کرد، سەرەنجام لە ساڵی ١٣٥٧ لە مانگی ١٠دا بۆ یەکەم جار بە نهێنی پەیوەندیم لە گەڵ تەشکیلاتی حیزب لە شاری سەقز لەگەڵ شەهیدان سدیق فەڕووخیان و بابا حیسامی گرت، ئەوە سەرەتای پەیوەندیم بە حیزبی دێموکراتەوە بوو .

لە نەورۆزی ١٣٥٨دا بە ڕەسمی بووم بە پێشمەرگە و چەکی بەرگری لە نیشتمانەکەم کردە شان و تا ئێستاش کە ساڵی ١٣٩٠ی هەتاویە بەردەوام لە خزمەت کردن بە نەتەوەکەم دام و ئەوەی لە دەستم هاتووە بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمان تەنەخیم نەکردوە.

لە پێناوی ڕزگاری گەلەکەمدا برایەکەم کە ئەندامێکی چالاکی حیزب بوو گیانی بەخت کردوە.

هەست کردن بە چەوسانەوەی نەتەوەکەم، بێبەشی گەلە چەوساوەکەم هانی دام کە ببمە پێشمەرگە، چەکی بەرگری لە خاک و نیشتمان لە شان بکەم تا گەلی کوردیش وەک باقی گەلانی جیهان بە مافەکانی خۆی بگات و لە سایەی ئازادی و سەربەخۆییدا بژی و چارەنووسی خۆی بە دەست خۆیەوە بێ و لەو بەش مەینەتیە ڕزگاری بێ.

**سەرکوت و زەبروزەنگی داگیرکەرانی کوردستان درێژەدان بە ڕێبازی شەهیدانی هاوسەنگەرم، دڵسۆزی بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستان هانیان دام کە لە سەر ڕێگاو ڕێبازی شەهیدان بەردەوام بم و تا سەرکەوتن بە سەر داگیرکەرانی کوردستان دەست لە خەبات و تێکۆشان هەڵ نەگرم**

سەرکوت و زەبروزەنگی داگیرکەرانی کوردستان درێژەدان بە ڕێبازی شەهیدانی هاوسەنگەرم، دڵسۆزی بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستان هانیان دام کە لە سەر ڕێگاو ڕێبازی شەهیدان بەردەوام بم و تا سەرکەوتن بە سەر داگیرکەرانی کوردستان دەست لە خەبات و تێکۆشان هەڵ نەگرم، یان وەک ئەوان بە سەربەرزی سەر دەنێمەوەو ئەو شانازی‌یەم بە نسیب دەبێ کە لە پێناوی ڕزگاری کوردستاندا گیان بەخت بکەم یان بە سەربەرزی بە کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان شاد دەبمەوەو مزگێنی ڕزگاری کوردستانیان بۆ دەبەم و کەس و کاریان لە ئامێز دەگرم. بە جێگای هەموویان کەس و کارو کوڕ و کچیان لە باوەش دەگرم.

بۆ من کە ماوەی زیاتر لە سی ساڵە لە ڕیزیی تێکۆشەرانی دێموکرات دام و لەو ماوەدا لە گەڵ زۆر لە تێکۆشەرانی دێموکرات لە ناوچەکانی سەقز تێکۆشانم هەبووە، زۆر کات لە تیمە تەشکیلاتیەکاندا بووم، زۆر بیرەوەری خۆشم هەیە بە تایبەتی کاتێک کە لە نێو مووچە و مەزرای خەڵک بە شێوەی نهێنی ماومەتەوە، جارێ بۆ باس کردن نابن، بەڵام ناخۆشترین بیرەوەریم ئەوەیە کە لە شەوی نەورۆزی ١٣٦٤ی هەتاوی بە هۆی شەڕی نێوخۆیی‌یەوە بەداخەوە پۆلێکی زۆر لە هاوڕێ و هاوسەنگەرانم شەهید بوون وەک شەهیدان سەدیق فەڕووخیان کە هاوڕێ و خۆشەویستی دەورانی شەخسیشم بوو، شەهید ئەحمەد تەمۆغەیی و حەمە پاڵەوان، ڕەحمان مەرخوزی و عەبدوڵڵای مەلایی و چەند هاوڕێی دیکە کە هەر هەموویان هاوڕێ و هاوسەنگەری نزیکم بوون کە بەداخەوە لە شەڕی برا کوژیدا بوونە قوربانی، کە ئەوە ناخۆشترین ڕۆژ لە دەورانی پێشمەرگایەتیم دا بوو، بەو هیوایەی گەلی کورد ڕۆژی وا ناخۆش بەخۆیەوە نەبینێتەوە. بیرەوەری ناخۆشم زۆرن بە تایبەتی شەهیدبوونی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوڕێکانم و ڕێبەرانی شەهید.

لە ساڵی ١٣٤٦دا ژیان هاوبەشم لە گەڵ مریەم پێک هێنا کە خەڵکی گوندی بەردەزەردی ناوچەی بۆکانە، لەو ژیانە هاوبەشەدا حەوت منداڵمان بووە دوو کوڕ و پێنج کچ کە یەکێک لە کوڕەکانم(خالید) ئێستا لە گەڵ خۆمە و مامۆستایە خاوەن ژن و منداڵە. کچەکانم دوویان لە ئێرانن، سێ دانەشیان لەنێو حیزبدا لە گەڵمانن کە دووانیان(شەهێن و شەهلا) ژیانی هاوبەشیان پیک هێناوە، یەکێک لە کوڕەکانم (تاهیر) لە وڵاتی بریتانیایە، ئەویش بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە گەڵ خۆم پێشمەرگە بوو و وەک کادری دەرمانی لە خزمەت حیزبدا بووە، ئێستا کچێکم(ژیلا) لە ماڵدا لە گەڵ ماوە.

ئەوەی کە تاکوو ئێستا ماومەتەوە بەشێکی زۆری هاندانی خێزانم بووە کە هاندەرێکی بەهێزم بووە لە سەر ئەو ڕێبازە بەردەوام بم و سەر بۆ داگیرکەرانی کوردستان نەوی نەکەم، سەرەڕای ئەوەی کە من خاوەن خێزان بووم، بەڵام هەمیشە لە لایەن هاوسەرەکەمەوە دڵنیا بووم کە ناهێڵێ جێگای من بەتاڵ بێ و منداڵەکان بێ باوکیان پێوە دیار بێ، بۆیە لەو بارەوە خۆم بە قەرزباری خێزانم دەزانم، هیوای تەمەن درێژی و لەش ساخی بۆ بە ئاوات دەخوازم.

مام ڕەحمان لە هەر شوێنێک کە کاری کردوە، نموونەی سەداقەت و دڵ گەرمی بووە بۆ هاوڕێکانی. هەموو ئەرکەکانی بە دڵسۆزی و ئەو پەڕی شانازییەوە بەجێ گەیاندوە.

لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی وەک سەرپەلی پەلێک لە پێشمەرگەکانی ناوچەی سەقز دیاری کراوە، ئەو پەلەی کە وەک سەرپەل تێیدا دیاری کراوە لە پۆلێک لاوی بە هەست و خوێندەوار پێک هاتبوو وەک شەهیدان خالید زەکی، سەعید مرادخانی، خەلیل حاجی حەبیب، شەهید هەڵۆ کە هەر هەموویان خوێندەوار و مامۆستا بوون

**یان وەک ئەوان بە سەربەرزی سەر دەنێمەوە ئەو شانازییەم بە نسیب دەبێ کە لە پێناوی ڕزگاری کوردستاندا گیان بەخت بکەم یان بە سەربەرزی بە کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان شاد دەبمەوە مزگێنی ڕزگاری کوردستانیان بۆ دەبم و کەس و کاریان لە ئامێز دەگرم. بە جێگای هەموویان کەس و کارو کوڕ و کچیان لە باوەش دەگرم.**

لە ناو شاری سەقز، تا ساڵی ١٣٦١ وەک سەرپەل بەردەوام بووە. لە ساڵی ١٣٦١ تا ١٣٦٢ لە کومیتە ناوچەی گەورک وەک یاریدەدەری کادر کاری کردوە لەوە بەدوا وەک کادر لە کومیتە شارستانی سەقز لە گەڵ تیمەکاندا کاری کردوەو تا ساڵی ١٣٧٤ وەک بەرپرسی کومیتە شارستانی سەقز و ئەندامی مەڵبەندی دوو بووە، لە ساڵی ١٣٧٧ وەک مودیر داخیلەی زیندانی ناوەندی حیزب بۆ ماوەی سێ ساڵ ئەرکی پێ ئەسپێردراوە، پاشان وەک کادری کومیتەی ئەمنییەت لە پرسگەکان دا بەردەوام بووە لە خەبات، زۆر کات لە کاتی چوونەوە بۆ ناوچە بە شێوەی تیمی

وەک بەرپرسی ئەو تیمانە کاری کردوە، لە ساڵی ١٣٨٦ و ١٣٨٧ بەرپرسی تیم بووە لە ناوچەی سەقز، لە کونگرەکانی ١١، ١٢دا وەک نوێنەر بەشدار بووە، لە ماوەی پێشمەرگایەتی‌دا چەندین جار خەڵات و ڕیزلێنانی لێ گیراوە، کە هەر هەموویان بە مایەی شانازی دەزانێ.

سڵاو دەنێرم بۆ خۆڕاگری مام ڕەحمان و سەرجەم پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان. ڕێز و پێزانین بۆ تێکۆشانی بێ وچانی مام ڕەحمان و ماچی دڵ و نیگای خۆشەویستی بۆ مام ڕەحمانی مورتەزازادە و هاوسەنگەرانی.

بۆت نووسیم بۆت بنووسم ئەمن چیم
دوندی قەندیل، گۆڕەپانی هەڵگورد نیم
بەرەو بەرزایی دەچم گەرچی وردم
خاکی بەر پێی تێکۆشەرێکی کوردم

***

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەو خونچانەی کە پێش پشکووتن هەڵوەرین



قادر وریا



شەهید هادی عەزیزی

هەواری یادی چرۆ هەڵوەریوەکانی نێو سەنگەری خەباتی خوێناویی نەتەوەکەمان دەبەم بۆ قوروە، زێدی ئەو لاوەی کە دیمەنی‌و قەڵافەتی، بەهرەو توانا و تایبەتمەندی‌یە بەرزەکانی بە تێپەڕینی زەمان، لە لام کەمڕەنگ نابن‌و، هەروا بە خۆشەویستی‌و نەمری دەمێننەوە.

بیانووی من بۆ یادکردنەوەی کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی جوانەمەرگ لەم گۆشەیەدا، بەهرەو مایەی ئەدەبی‌و هونەریی ئەوانە کە بەداخەوە، ئەم بەهرەو مایەشیان وەک ژیان‌و گیانیان لە پێناوی ئازادیی نەتەوەکەیان دا، زۆر زوو بوون بە قوربانی. بەڵام "هادی عەزیزی"، جگە لە بەهرەی تایبەت بە خۆی، شتێکی دیکەشی هەبوو کە ئەوی لای هەمووان خۆشەویستتر کردبوو و وای کردوە ئەوەی لە نزیکەوە ناسیبێتی، قەت ئەم لاوەی لەبیر نەچێتەوە. ئەویش بریتی بوو لە ئەخلاق‌و ڕەفتاری ئینسانی‌و دروست کە تێکەڵاوێک بوو لە هێمنی، نەزاکەت، ڕێز گرتنی بەرامبەر، هەست کردن بە بەرپرسایەتی، دەست پاکی، زمان خاوێنی‌و تامەزرۆیی‌یەکی سەرسووڕهێنەر بۆ فێربوون.

پاشی ٢٠ ساڵ، ئەو ئێوارەیەی ١٩ی سەرماوەزیی ١٣٦٥م هەروا لەبیرە کە "هادی" و کۆمەڵێک نەوجەوانی دیکەیان لە فێرگەی سیاسی ــ نیزامی‌یەوە بۆ بنکەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە "ئەستێرۆکان"، نارد. کە ڕوانیمە ناوەکان‌و زانیاری‌یەکانی دیکەی تایبەت بە هەر کامێکیان، زۆرم بەلاوە خۆش بوو کە یەکێکیان لە شاری "قوروە"وە هاتووە بۆ پێشمەرگایەتی. چونکە پتر لە شارو ناوچەکانی دیکە کەوتبووە نێو قووڵایی خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و، کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بە زەحمەت‌و کەمتر، بۆ کارو تێکۆشانی سیاسی‌و نیزامی‌و هتد ڕوویان تێ‌دەکرد. بنەماڵەکەیان لە ساڵی ١٣٥٩وە کە پێگەی نیزامیی ڕێژیم هاتبووە ئاوایی‌یەکان (تەڕواڵ)، هەر بۆئەوەی خۆ لە چەک هەڵگرتن بۆ ڕێژیم بدزنەوە چوو بووە شاری قوروە، بۆ خۆی ساڵی ١٣٤٨ لە دایک بووە و، لە شار تا پۆلی ٣ی ناوەندی دەرسی خوێندبوو. پووڕزایەکی پێشمەرگەی "هێزی بەیان" بوو و، ئەمە هۆیەک بوو هەم بۆ ئۆگری بە حیزبی دێموکرات، هەم کاتێک لە ٢٣ی ڕەزبەری ١٣٦٥ بڕیاری دا بۆ پێشمەرگایەتی ڕوو بکاتە حیزب، بێتە بۆکان‌و لەوێوە خۆی بگەیەنێتە هێزی بەیان.

هادی عەزیزی ماوەی ساڵێک لە یەکیەتیی لاوان مایەوە. جگە لە بەشداریی چالاکانەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

www.lawan.com

لە کارو باری رۆژانەی بنکەو وەئەستۆگرتنی ئەرکی جۆراوجۆردا، لە کاروباری فەرهەنگیی ئەو یەکساڵەدا، رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. لەنێو ئەندامانی ئەو چوار گرووپە رۆژنامەنووسی‌یەی کە هەر کامێکیان مانگانە رۆژنامەیەکی دیواری‌یان دەردەکرد، هادی، نەک هەر لە هەڵسوورەکان بوو، بەڵکوو لە ئیدەو ئیبتیکارو پێشنیاریش‌دا، لەریزی پێشەوەدا بوو. لە پێشبرکێ‌یەکانی زانیاریدا، لەگەڵ هەر گرووپێک با، شانسی سەرکەوتن زیاتر بەو بوو. لە زۆربەی دەرس‌و تاقیکاری‌یەکاندا یەک لە چەند کەسە زۆر باشەکان بوو. لەو شانە تایبەتی‌یانەی کە بۆ خوێندنەوەی بە کۆمەڵ (هستە مطالعاتی) پێکمان هێنابوون، هادی نموونەی رێک و پێکی‌و هاندەرێکی بەهێز بوو بۆ بەردەوامیی خوێندنەوەی بە کۆمەڵ. بە پرسیارەکانی، بە ئاکامگیری‌یەکانی‌و سەرنجە تایبەتییەکانی ئەم جۆرە کۆرو کۆبوونەوانەی دەوڵەمەند دەکرد. کتێب هاورێ‌یەکی هەمیشەیی بوو، چ لەنێو بنکەی سەرەکی، چ ئەو کاتە بە مەئموورییەت لەگەڵ هاورێ‌یانی دیکەی لە داوێنی چیایەکی ئەو دەڤەرەدا لەکەپرو خێوەتدا دەژیان.

تامو چێژی ئەو کۆرەم لە یاد ناچێ کە لەسەر داوای هادی خۆی، بۆ ناوبراو پێکمان هێنا تا لەسەر جیهان بینیی "ماسی‌یە رەشە بچکۆلەکە" ی سەمەدی بێهرەنگی بدوێ. ئەوکات ١٨ ساڵ تەمەنی هەبوو. چەند خۆش بوو کە دەمان دیت ئەم یەک ساڵ ژیانەی لە ریزی لاوانی دێموکراتداو هەوڵەکانمان لەگەڵ وی، بەرهەمی خۆی هەبووە. هادی نزیک بە سەعاتێک لەسەر ئەم چیرۆکە بەناوبانگەی سەمەدو مەبەست‌و ئاماژەکان، دواو لێک دانەوەی پێشکێش کرد. زۆر بە باشیش لە عۆدەی وڵامی پرسیاری بەشداران هاتەدەر. بەرێوەبردنی سەرکەوتووانەی ئەم کۆرە ئەوەندەی دیکە ئێمەی بە داهاتووی ئەو لاوەو پێشکەوتنی لەبواری فەرهەنگی‌و فکریدا گەش بینترو هیوادار کرد.

بەڵام، هەوای یارو دیارو پێشمەرگایەتی‌و گەشت‌و گەرانی سیاسی‌و نیزامی لە ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستاندا، هادیی لە یەکیەتیی لاوان هەڵکەندو لە پاییزی ١٣٦٦دا بردییەوە بۆ "هێزی زاگرۆس".

سەرەنجام، لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٦٧ لە شەرێکی قارەمانانەی پێشمەرگەکانی هێزی زاگرۆس لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی ژاوەرۆی سنەدا بەداخەوە بریندار بوو و، دوای چەندین سەعات بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ، بە جوانەمەرگی سەری نایەوە.

یادی بەخێر

## پاییزی غەم

وا پاییزەو گەڵای دارەکان زەردو غەم بارن
گوڵە باغەکەشم رەنگی سووری جارانی نەماوە
ئێوارەیە کزەی بای ئەجەل بەرۆکی گرتووم
سەفەری بێ باران چاوەروانمە
هەست و سۆز ئەوینی لێ بریوم
منیش بێ کەیف و چاو لەرێی ئەو سەفەرەم
موژدەی شادیم پێ بدا
بەڵام تازە ئەم پاییزە ناکا دەرمانی دڵی زامدارم
برۆ سپاردمی بە ئێوارەیەکی بێ هەور
بە دارستانێکی بێ گەڵا و دوور لە شادی
تەنیایی من رۆژانی ئومێدی تۆیە
بێ وەفایی تۆ هەنیسک و گریانی تەنیایمە
قاقای پێکەنینی تۆ مردنی جوانە مەرگمە
بێ رەحمی ئەی پاییزی شووم دڵمان هەوێنی
یەک وەرزەو بەس

ئەحمەد قازی

# مەتەڵۆکەی مردنی هیتلێر






وەرگێڕان و ئامادەکردنی:

**مامی ئەدیب**

زۆر لەمێژە بیستوومانە و بۆیان گێڕاوینەوە یان ئەوەتا لە پەڕتووکە مێژوویی-یەکان‌دا خوێندوومانەتەوە کە هیتلێر یەکێک لە دیکتاتۆرەکانی سەدەی بیستەم لە کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا هەر لە ئاڵمان لەگەڵ ئەویندارەکەی خۆی کوشتووەو لاشەکەیان سووتاندوە. زۆریش بە دوور لە ڕاستی دەزانن و لەسەر ئەو باوەڕەن کە تا ئێستا بۆ کەس ڕوون نیە کە هیتلێر چی لێ بەسەر هاتووە، چونکە هیچ ئاسەوارێکیان لێ نەدیوەتەوە. بە هەرحاڵ تا ئێستا زۆری لەسەر نووسراوەو باس کراوە، بەڵام بەم دواییی‌یانە بەڵگەیەکی دیکەی لەسەر پەیدا بووە کە هەمووی ئەو شتانەی کە تا ئێستا لەسەری نووسراون و باس کراون ڕەت دەکاتەوە، با بزانین؟!

شەست و شەش ساڵ پاش کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی، لە حاڵێکدا لە تەواوی ریوایەتە مێژووییەکاندا وتراوە کە ئادۆڵف هیتلێر لە ڕۆژەکانی پاش کۆتایی شەڕ خۆی کوشتووە، بەڵام پەڕتووکێکی تازە کە قەرارە لە بریتانیا دەرچێ و بڵاو بێتەوە باس لەوە دەکا کە هیتلێر خۆی نەکوشتووە، بەڵکوو لە ئاڵمان هەڵاتووەو تا هەڤدە ساڵ دواتریش ژیاوە تا ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٦٢ی زایینی لە ئارژانتین مردوە.

نووسەرانی ئەم پەڕتووکە تازەیە وا ئیدیعا دەکەن کە «بەڵگەگەلێکی ڕاست و دروست و جێی باوەڕیان بۆ ئەم گریمانەیە لەبەردەست دایە«.

بە وتەی ئەم نووسەرە بریتانیایانە، ئادۆڵف هیتلێر بە پێچەوانەی تەواوی ئەو ریوایەتە مێژووییانەی کە تاکوو ئێستا کە گوایە لەگەڵ «ئاوا براون»ی دڵدارە ئەڵمانیەکەی خۆی کوشتووە، پێکەوە لە ئەڵمان هەڵاتوون و خاتوو براونیش تا کاتی مردنی هیتلێر لە ساڵی ١٩٦٢ لە ئارژانتین لەگەڵی ژیاوە.

هەروەک لەم پەڕتووکەدا بە ناوی «گرگ خاکستری: هەڵاتنی ئادۆڵف هیتلێر»دا هاتووە، هیتلێر لەگەڵ ئاوا براون دا بۆتە خاوەنی چەندین کچ و پێکەوە لە ئارژانتین ژیاون. کەواتە ئەگەر ئەم گریمانەیە ڕاست بێ هیتلێر کە لە دایک بووی ساڵی ١٨٨٩ی زایینی‌یە، لە تەمەنی ٧٣ ساڵی‌دا مردوە نەک لە ٥٥ ساڵی‌دا.

«جێرارد ویلیامز» یەکێک لە نووسەرانی ئەم پەڕتووکە لە وت و وێژێک لەگەڵ کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی بریتانیایی ئیسکای‌دا وتوویەتی کە لەگەڵ «سایمۆن دانستان» نووسەر و توێژەری ئینگلیزی لە ئاکامی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەگەلێکی دوورو درێژ و وردبینانەوە ئەم پەڕتووکەیان نووسیوە.

ئەم لێکۆڵەرەوانە وا ئیدیعا دەکەن کە هیتلێر هەر لە نیوەی بەهاری ١٩٤٥دا توانی لە ئاڵمان هەڵێ و بە فرۆکە لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وڵاتێک کە دوازدە ساڵ دەسەڵاتداری بێ هاوتای بوو، بەڵام کردیە وێرانەیەکی گەورە، چووە دەر.

«جێرارد ویلیامز» بە کەناڵی ئیسکای وت: «ئێمە بە تەمای سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژوو نەبووین، بەڵام بوونی بەڵگە و نیشانەگەلێک لە سەرکەوتنی هیتلێر بە هەڵاتن لە ئاڵمان هێندە جێی باوەڕن کە ناکرێ بایەخیان پێ نەدەین».

هەروەها بە وتەی ئاغای ویلیامز، هیچ بەڵگە و نیشانەیەک لەسەر خۆکوژی و مردنی هیتلێر لە ئاڵمان نەبووەو نیشە. ئەم لێکۆڵەرەوە پشت بە شایەتی دانی کەسانێک دەبەستێ کە ژیانی هیتلێر و ڕازی مانەوەی ئەویان لە ئارژانتین لەژێر چاوەدێری‌دا بووەو بەڵگەکانیشیان بەجێی متمانە و باوەڕ وەسف دەکا.

ویلیامز و دانستان دەڵێن ئەو بەڵگانەی کە لە لایەن وڵاتانی جیهانەوە پاش چەندین دەیە خسترانە بەردەستی هەموو لایەک، سەلمێنەری گریمانەکانیان لەمەڕ چارەنووسی هیتلێر دایە.

ویلیامز و دانستان لەو پەڕتووکەیان‌دا سرویسە ئیتلاعاتی و ئەمنییەتی‌یەکانی ئەمریکا تۆمەتبار دەکەن کە نە تەنیا زانیاری‌یان لەسەر هەڵاتنی هیتلێر هەبووە، بەڵکوو یارمەتیشان بە هەڵاتنی کردوە.

بە پێی نووسینی ئەم دوو نووسەرە، ئەمریکا لە بەرامبەر ڕەخسان و ئیمکانی هەڵاتن بۆ هیتلێر، لە دەست ڕاگەیشتنی بە تێکنۆلۆژی نازی‌یەکان بەهرەمەند بووە.

ویلیامز لە وت و وێژی لە گەڵ کەناڵی ئیسکایی‌دا هەروەها گوتی: «ئیستالین، ئایزن‌هاوێر و هوور دەیان زانی کە هیتلێر لە پەناگەی ژێرخانەکەی خۆی‌دا نەمردووە، بەڵام زۆر دژوارە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە بۆچی هەر سێکیان ئەو ڕاستی‌یەیان لەبیر کردو لە ماوەی چەندین دەیەش‌دا ئاوڕێکی پێویست لەم ڕاستی‌یە نەدراوەتەوە«.

تا بەر لەمە، مێژوونووسانی شەڕی دووهەمی جیهانی هەمیشە لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە بە دوای چوونی هێزەکانی ئەرتەشی سوور بۆ پەناگەی ژێرخانەکەی هیتلێر لە ٣٠ی ئاوریلی ١٩٤٥دا، لەگەڵ دڵدارەکەی خۆی کوشتووە هەر لەوێش لاشەکەیان سووتاندوون و ئاسەوارەکانیان لە قەبرگەلێکی بێ ناو و نیشاندا ناشتوون.

**هەروەک لەم پەڕتووکەدا بە ناوی «گرگ خاکستری» هەڵاتنی ئادۆلف هیتلێر"دا هاتووە، هیتلێر لەگەڵ ئاوا براون دا بۆتە خاوەنی چەندین کچ و پێکەوە لە ئارژانتین ژیاون. کەواتە ئەگەر ئەم گریمانەیە ڕاست بێ هیتلێر کە لە دایک بووی ساڵی ١٨٨٩ی زایینی‌یە، لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا مردوە نەک لە ٥٥ ساڵی‌دا.**

لەم نێوەدا ڕووسەکان بەردەوام لافی ئەوەیان لێ‌داوە کە بەشێک لە کەللەسەری هیتلێر لە ئیختیاری ڕووسیە دایە، نووسەرانی پەڕتووکی «گرگ خاکستری: هەڵاتنی ئادۆلف هیتلێر» دەڵێن ئەم بەشە لەو کەللەسەرە لە ڕووسیە هی هیتلێر نیە، بەڵکوو بەشێک لە کەللەسەری ژنێکی گەنجە. ئەم ئیددیعایەی ویلیامز و جێرارد لەسەر کەللەسەری سەربە هیتلێر، دووپات بوونەوەی هەر ئەو گریمانەیەیە کە دوو ساڵ پێش لە بڵاوکراوەی بریتانیایی «ئێبزرور»دا بڵاو بۆوە.

دیارە ماوەیەکە بڵاوبوونەوەی پەڕتووک گەلێک لەسەر هەڵاتنی ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی ئاڵمانی نازی بۆ ئارژانتین لە کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا بە پێنووسی نووسەرگەلێکی بەناوبانگ برەوی پەیدا کردوە.

یەکێک لە بەناوبانگترین ئەندامانی نازی کە توانی لە ئاڵمان هەڵێ و چەندین ساڵ لە ئارژانتین بە ناسنامەی ساختەکاری‌یەوە بە ئاسوودەیی بژی، «ئادۆلف ئایشمەن»ە کە سەرەنجام موسادی ئیسرائیل دۆزیانەوەو دزیان و بۆ دادگایی کردن بردیانە ئیسرائیل، ئەو شوێنەی کە دواتر بە ئێعدام مەحکووم کرا و یەکەم کەس و دوایین کەسە کە تاکوو ئێستا لە ئیسرائیل ئێعدام کراوە.




www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆمەڵگای مەدەنی



سۆران شێرزاد

بەشی یەکەم

کۆمەڵگای مەدەنی (Civil Society) ئەندێشەیەکی مۆدێرنە واتە دەکرێ لەم ڕوانگەیەوە وەک ئایدیۆیالۆژیایەکی دنیا مۆدێرن خوێندنەوەی بۆ بکرێت. هێگل دەڵێ: "کۆمەڵگای مەدەنی بەرهەمی مۆدێرنیزم و تەنیا لە نێو گوتارێکی وەک مۆدێرنیزم دا لێی دەکۆڵێتەوە". لە ڕووی مێژووییەوە کۆمەڵگای مەدەنی بە واتای جۆراوجۆر خوێندوەی بۆ کراوە، هەروەک ئایدیاکانیتر یان وەک ئایدیایەکی تێئۆریک بە شێوەی جۆراوجۆر پێناسە کراوە کە دەکرێ لە پێنج مانای لێک جیادا بەڕوونی دەست نیشانی بکەین.

یەکەم: بە واتای دەوڵەت لە بیری ئەرەستوویدا لە بەرامبەر خێزان و لە بیری خاوەنی پەیمانی کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر وەزعی سروشتیدا.

دووهەم: بە واتا کۆمەڵی شارستانی لە بەرامبەر کۆمەڵی سەرەتایی لە بیری کەسانێکی وەک ئادام فرگۆسن.

سێهەم: بە واتای شێوەی سەرەتایی پێک هاتنی دەوڵەت لە بیری هێگل دا.

چوارم: بە واتای قەڵەمڕەویی پێوەندییە ماددیی و ئابووریەکان و پێوەندییە چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکان لە بەرامبەر دەوڵەت وەک پێگەی ئەوان لە بیری مارکس دا.

پێنجەم: ئاڵترناتیڤی چینی فەرمانڕەوا لە بیری گرامشی دا.

موحسێن کەدیوەر بە سێ واتای لێک جیاواز لێکی داوەتەوە:

١) ڕووناکبیری. ٢) ئایدیۆلۆژیانە. ٣) شێوازمەند.

لە بەشی یەکەمدا دەکرێ بە مانای وەدیی هاتنی هەل و مەرجی تایبەتی و واقعی وێڕای بەهای تایبەتی لە بەشێکی دنیادا.

دووەم دەیانەوێ ڕێ و شوێنک وەک ئایدیۆلۆژی وەدەست بخەن و بیکەنە چەمکێکی ئایدیۆلۆژیک بۆ ئەوەی ئەم باوەڕە لە ناخی مرۆڤەکاندا دروست بکەن کە وەدیی هاتنی هەموو حەزو ئاواتەکان و گەیشتن بە بەختەوەری لە گرەوی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی دایە. ئەم ڕوانگەیە لە سەردەمی زاڵ بوونی ئایدیۆلۆژییەکان بە سەر جیهان یان دەکرێ بە کاتی دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژییەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

بشوبهێندرێ کە ئەو کات دابەشکاری جیهان کرابوو. ئەم ڕوانگەیە واتایەکی ئایدیۆلۆژیک بەم چەمکە دەبەخشێ کە لە ڕواڵەتدا ئەم چەمکە ئامانجی ئەلتەرناتیڤی هیچ ئایدیۆلۆژییەکی نییە. ڕوانگەی سێهەمیش کە پێویست بە قسەی زیاتر ناکات. جان ڕاک و مونتسکیۆ لەسەر ئەم چەمکە دەڵێن کۆمەڵگای مەدەنی دەسکەوتی دنیای مۆدێرنە، دنیایەک کە عەقڵانییەت نەک پێویستە بەڵکوو واقعییەتە. واتە ئەم وتەیەی ئەو دوو بیرمەندە دەسپێکی بابەتەکەمان زیاتر دەسەلمێنێ.

هەل و مەرجی پێویست بۆ پێک هێنانی کۆمەڵگای مەدەنی

١) پێویستی پێک هاتنی(خولقاندنی) ڕێکخراوە ناحکومییەکان.

٢) پێوندیی دێموکراتیک و پاراستنی یاسایی هەبێ.

٣) دەوڵەت نەتوانێ ڕێگر بێت لە دروست کردنی ئەم ڕێکخراوانە.

یەکەم ئەوەی کە بۆ ئەوەی باس لە کۆمەڵگای مەدەنی بکرێت، ناکرێ باسێک لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان نەکرێت. پێوەندی نێوان ڕێکخراوە ناحکومییەکان(NGO) و کۆمەڵگای مەدەنی وای لێهاتووە گەڵێ جار بە واتای وەک یەک لێک دەدرێنەوە، ئەم لێک دانەوە گرینگی پێوەندی ئەم دوانە زیاتر دەردەخا، بەڵام بۆ دروست بوونی ئەم ڕێکخراوانە پێویستە خەڵک لە کۆمەڵگادا هەست بە زەروورەتی بوونی ئەوان بکات واتا زەروورەتەکە دامەزرانیان مسۆگەر دەکات. بوونی دێموکراسی بۆ دامەزرانی ئەو ڕێکخراوانە پێویستییەکی حەیاتییە واتە لەنێو سیستەمێکی دێموکراتیکدا ئەو ڕێکخراوانە دەتوانن گەشە بکەن و لەوەها سیستەمێکدا کە دێموکراسی بوونی هەیە و یاسا سەروەرە، دەوڵەت ناتوانێ ڕێ لە دروست بوونی ئەم ڕێکخراوانە بگرێت. بەڵام ئەگەر لە وڵاتێکدا دێموکراسی بە

**بوونی دێموکراسی بۆ دامەزرانی ئەو ڕێکخراوانە پێویستییەکی حەیاتییە واتە لەنێو سیستەمێکی دێموکراتیکدا ئەو ڕێکخراوانە دەتوانن گەشە بکەن و لەوەها سیستەمێکدا کە دێموکراسی بوونی هەیە و یاسا سەروەرە، دەوڵەت ناتوانێ ڕێ لە دروست بوونی ئەم ڕێکخراوانە بگرێت.**

تەواوی نەچەسپابێ، کۆمەڵی مەدەنی دەبێ خاوەن وزەو هێنزێک بێ کە دەرفەتێک بۆ دووبارە بوونەوەی دیکتاتۆری نەمێنێتەوە. لەو وڵاتانەی کە ئابووری ئازاد نیە و لە خزمەت دەوڵەت دایە، هەردەم کۆمەڵگای مەدەنی لەژێر مەترسی دایە، چونکە لە ڕێگای کۆنترۆڵی ئابووریی تاکەکانەوە سەربەخۆیی تاکەکان و ئازادی تاک دەکەوێتە ژێر پرسیار واتە، ئابووریی ئازادو گەشەسەندنی ئابوریی ئازاد بۆ کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆڵێکی گرینگیان هەیە. تەنانەت کۆمپانیا گەورەکانیش لە ڕێگای هێزی ئابووری خۆیانەوە دەتوانن ئاسایشی تاک بخەنە ژێر مەترسییەوە یانی لەو ڕێگایەوە ئازادی تاک زیاتر بخەنە ژێر مەترسییەوە، واتە کۆمەڵگای مەدەنی تەنیا ئەرکی لێپرسینەوە لە دەوڵەت یان هێزی خەڵک بۆ لێپرسینەوە لە دەسەڵات نیە، بەڵکوو دەتوانێ دەسەڵاتی ئابووریش کۆنترۆڵ بکات.

ڕێکخراوە ناحکومییەکان(NGO):

هەروەک لە واتای ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە دەردەکەوێ سەربەخۆیی ئەو ڕێکخراوانە فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی خاوەن ڕۆڵ بن لە کۆمەڵگاداو بە بەشێک لە کۆمەڵگای مەدەنی دابندرێن. لە ساڵی **١٩١٩** تا **١٩٢١** لە نێو حیزبەکەی لنین سەبارەت بە بوونی سەربەخۆیی سەندیکاکان باسێک دێتە گۆڕێ کە بۆچوونی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە بەو مانایە کە سەربەخۆ بن یان سەر بە حیزب بن؟ لنین دەنگ بە سەربەخۆیی سەندیکاکان دەدا. ئەگەر سەربە حیزبەکان بن، ڕێکخراوی حیزبین، ئەگەر سەربە حکوومەت بن، ڕێکخراوی حکومین. هەر بەو جۆرەی لە حکوومەتە ئیسلامی و ئایدیۆلوژیکەکاندا دەبینرێ یان ئەوانەی خولیای دەسەڵاتی دیکتاتۆری و تۆتالیتارین، تەنانەت چالاکییەکانیشیان بەرتەسک و لە قاڵب دراو و لە پێشدا بۆ دیاری کراون و وەک ئامرازی دەستی حیزب و حکوومەت وان. حاڵەتی سێهەم ئەوەیە کە سەربە کۆمەڵگای مەدەنی بن ئەویش لە حاڵەتێک دایە کە سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن.

***

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# جۆجیتسۆ



ئا: دیاری میراوایی

ئەگەر شێوە خەباتی نەرم و نیان و دوور لە توندوتیژی و كاریگەرییەكانی بە شێوەیەكی گشتی چاوی پێدا بخشێندرێ، ئەو ڕەخنانە كە شێوەی مێتافیزیكی لەسەریەتی بە تەواوی لادەچێت، لە ناخی بەرەنگاری دوور لە توندوتیژی شێوەیەک بە ناوی جۆجیتسۆ هەیە. ئەم چەمكە لە یەكێ لە هونەرە ڕەزمییەكانی كۆنی ژاپۆن كە بنەماكەی لەسەر ئاگایی سەبارەت بە شێوەی تێكدانی گارد لە مروڤ دانراوە. بە كورتی بە بێ بەكارهێنانی توندوتیژی لە بەرامبەر توندوتیژیدا لەگەڵ گوشار بۆ سەر بەرامبەر دەتوانین لە پێی بخەین. لە كاتێكدا نەرم و نیانی نواندن لە بەرامبەر توندوتیژیدا دەبێتە هۆی وشیاركردنەوەی ناوبراو و پێداچوونەوەی ئەو شێوازەی كەڵكی لێ وەردەگرێ. كەڵک وەرگرتن لەم شێوەیە، هەستی هاودەردی پۆلیس یان هێزی نیزامی كە توندوتیژی بە كار دێنێ، دروست دەبێت. بەكارهێنانی هەرچی زیاتری توندوتیژی لە بەرامبەر ئەو كەسانەی لە توندوتیژی خۆ دەبۆیرن ڕواڵەتیان قێزەونتر دەكات. بەوشێوەیە خەڵكی ئاسایی و شارومەندان لە هێزە توندئاژۆكان جیا دەبنەوە و دێنە ڕیزی بەرگریكاران "جین شارپ". هەروەها لایەنگرانی خەباتی دوور لە توندوتیژی هەرچی زیاتر نەزمی خۆیان دەپارێزن. باوەڕ بە خۆبوونیان زیاتر دەبێت، ئەوان خۆ لە توندوتیژی دەبوێرن، بە پێچەوانە بەرامبەرەكەیان توندوتیژی زیاتر بە كاردەهێنن و دەبێتە پاڵنەرێک بۆ كردەوەی نا بەجێیان، بەرگریكارانیش لاواز دەبن.

تەنانەت ئەگەر كەشی خەبات ببێتە هۆی سەركوتی بێ ڕەحمانە، ڕیزی خەباتكاران هەروا لە بیری دیتنەوەی ڕێگایەكی ئاشتیانە دایە. هەرچی توندوتیژی زیاتر بێت توانای هێزەكانی لە بەرامبەر خەباتكاراندا لاوازتر دەبێت. گاندی ئەم وەزعە بە كەسێک دەشوبهێنی كە بە تەواوی هێزییەوە دەی هەوێ زەربە لە ئاو بدات، ئاكامی ئەم ڕەفتارە دەرچوونی شان و پیلی بكەرە. ماكیاڤیلی لەو بارەوە دەڵێت: "كاتێک دەسەڵات بە توندوتیژیەوە بەرەوڕووی خەڵک دەبێتەوەو هەرچی توندوتیژی زیاتر بنوێنی، پێگەی دەسەڵاتەكەی لەرزۆكتر كردوە". توانای بەرەنگاربوونەوەی دوور لە توندوتیژییە كە كێشە و گیروگرفت لە دەروونی نەیاردا دروست دەكات و پێگەیەكی بەهێزی لە نێو شێوەكانی‌تری خەبات بۆ



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆی چەسپاندووە. ئاکامی بەرنگاری ناتوندوتیژانە ڕووبەڕووی دەسەڵاتداران دەبێتەوەو مەیدانی شەڕەکە دەباتە نێو ویژدانی بکەری کارەکە و لەگەڵ دەروونی خۆی تووشی کێشە دەبێتەوە. "ریچار گرێک" یەکێ لەو کەسانەی کە راڤەی لەسەر شێوە خەباتی گاندی کردەوە، ئەو شێوازەی ناو دەنێ جۆجیتسۆی ئەخلاقی، جین شارپ جۆجیتسۆی سیاسی پێ دەڵێ. ئەو هەموو ڕاڤەکردنانە نیشانەی ئاکامی پراکتیکی بەکار هێنانی دڕندەیی بە دژی ئەو گرووپایی کە پەنا دەبەنە بەر توندوتیژی و دروست بوونی هەستی هاوبەش لە هێرش بەران بە جێگەی شکاندی ئیرادەی بەرەنگاربووان. گرێک لە کتێبەکەی کە لەسەر خەباتی گاندی لە سالی ١٩٣٥دا نووسیوێتی، تاریفی جۆجیتسۆ دەکات و دەڵێت ئەو توندوتیژییانەی کە لە لایەنی نەیارەوە کەڵکی لێوەردەگیرێ دەبێتە هۆی هەرچی زیاتر لاوازکردنی کۆڵەکەکانی دەسەلات. ڕق و تووڕەیی کە ماوەیەکی زۆر درێژە دەکێشێ، دەبێتە هۆی پاسیڤ بوون و هێزی مرۆڤ بە زووترین کات لە نێو دەبات. وزەی هیرشبەران وەردەسووڕێتەوەو بە زەرەری خۆیان تەواو دەبێت. بەردەوام بوونی بەرەنگاربووانی توندوتیژی کاریگەری لەسەر کەسایەتی هیرش‌بەر دەکات و کەسایەتی هێرش‌بەر لە بەریەک هەڵ دەوەشێنێت. ئەگەر لەو کاتەدا خەڵکیشی لێ بێ هێرشبەر قورسایی نامێنێت، باوەڕ بەخۆبوونی لەناو دەبات و بێ هیوایی زیاتر ڕووی تێ دەکات و بۆی دەردەکەوێت کە ئازایەتی بەرامبەری کە لە توندوتیژی دووری دەکات زۆر زیاترە لە بەکارهێنانی هێزی فیزیکی. ئەگەر لە شێوازی دوور لە توندوتیژی بەردەوامی و پشت بەخۆ بستن هەبێت و کێشەی تێ نەکەوێت، چالاکانی ئەو بوارە بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی بە ئاکامی دڵخوازی خۆیان بگەن، لەوەها هەڵومەرجێکدا هەموویان تووشی

**ماکیاڤیلی لەو بارەوە دەڵێت: «کاتێک دەسەڵات بە توندوتیژی‌یەوە بەرەوڕووی خەڵک دەبێتەوەو هەرچی توندوتیژی زیاتر بنوێنی، پێگەی دەسەڵاتەکەی لەرزۆکتر کردوە». توانای بەرەنگاربوونەوەی دوور لە توندوتیژی‌یە کە کێشە و گیروگرفت لە دەروونی نەیاردا دروست دەکات و پێگەیەکی بەهێزی لە نێو شێوەکانی تری خەبات بۆ خۆی چەسپاندووە**

●●

سەرسووڕمان دەبن و هەروەها تووڕەیی، ترس، نیگەرانی و ڕۆح زلی هێرش‌بەران لە ناو دەچێت. کاریگەری‌یان کەم دەبێتەوەو بە پێچەوانەوە بەو جۆرە کە گرێک ئاماژەی پێ دەدا، بەرەنگاربووان قورسایی و هێزیان زیاتر دەبێت. ئەو کەسەی کە لە شێوازی دوور لە توندوتیژی کەڵک وەردەگری، چالاکی‌یەکانی خۆی لەسەر بنەمای ئەخلاقی دەست پێ کردووە، هەڵس و کەوتی ئەو کەسەی خووی بە توندوتیژی‌یەوە گرتووە هەڵس و کەوتێکی نوێ‌یە، پێش بینی ناکرێت و بێ وێنەیە. دووهەم ئەوەی کە دانامێنێ چونکە دەزانێت بە چ شێوەیەک بە سەر وەعزکەدا زال بێت. سێهەم، لەسەرەخۆیی و خۆبواردن لە توندوتیژی وزەی خۆی دەپارێزیت. ئامادەیی ئەو بۆ ناخۆشی و مردن لە پێناو ئامانج دا هۆکارێکی راستەقینەیە بۆ باوەری ناوبراو خۆبواردان لە توندوتیژی لە لایەن قوربانی‌یەکانی توندوتیژی نیشانەی رێزی ئەوانە بۆ کەسایەتی و باوەڕیان بە راستگۆیی هێرش‌بەرانە، ئەو ڕێزەی کە لە لایەن بەرگریکاران لە شێوازی دوور لە توندوتیژی دەردەبرێ، بە شێنەیی هێرش‌بەران شەرم دەیان گرێ و ڕێزی بینەرانی ئەو دیمەنە بۆ بەرگریکاران زیاتر دەکات. ئەو ئاڵ و گۆڕانەی کە بە کەڵک وەرگرتن لە جۆجیتسۆ بەرهەم دێت، بە تەنیایی و بەبێ بوونی شێوازیتر وەک شێوازی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووریی و دەروونناسی کاریگەری نابێت. ئەگەر نافەرمانی و هێزی ئیرادەو هەڵوێستی بەرگریکاران بە رادەی پێویست و بە شێوەیەکی بەر فراوان بێت، بزووتنەوەی دوور لە توندوتیژی سەرکوت ناکرێت.

سەرچاوە:

مبارزه عاری از خشونت، ماهاتما گاندی و مارتین لوتر کینگ. نویسنده: مری کینگ.

ترجمه به فارسی: شهرام نقش تبریزی

***

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




## بەشی یەکەم:ناساندنی نالی

شاعێری بەناوبانگی کورد مەلا خدر ناسراو بە نالی، کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی عەلی بەگی میکائیلی‌یە. لە گوندی خاک و خۆڵ لە دەشتی شارەزوور لە دایک بووە. بە پێی داب و نەریتی کوردەواری و ڕێبازی ئەو سەردەمە تاڵە لە حوجرەی فەقێ‌یان دەستی بە خوێندنی قورئانی پیرۆز کردووە وردەوردە کتێبی فارسی خوێندوونەوەو چووە بۆ فەقێ‌یەتی و لە ڕێگای وەرگرتنی ئەدەب و زانستە ئایینیەکان قوتابخانەی زۆر شارو گوندی کوردستان گەڕاوەو دوا پلەی خوێندنی وەرگرتووەو لەو ڕێگایەشەوە ئیجازەی فەقێ‌یەتی وەرگرتووە.

ئەو شوێنانەی کە زۆری تێدا گەڕاوەو ماوەتەوە شارەکانی وەک سنە و مەهاباد و زەردداوی قەرەداغ و هەڵەبجە و سلێمانی بوونە. لەسەر ساڵی لە دایک بوون و ساڵی کۆچ کردنی زۆر شت نووسراوە، بەڵام لە هەموویان گرینگتر ئەو ساڵانەن کە نووسەرانی وەک ئەمین زەکی بەگ و دوکتۆر مارف خەزنەدار و مامۆستا عەلائەدنی سەججادی باسی لێوە دەکەن.

بە پێی نووسراوەکانی ئەمین زەکی بەگ نالی لە ساڵی ١٢١٥ تاکوو ١٢٧٣ی کۆچی بەرامبەر بە ١٨٠٠ تاکوو ١٨٥٦ی زایینیدا ژیاوەو بەم پێیە ٥٦ ساڵی تەمەن بووە. هەروەها لە نووسینەکانی دکتۆر خەزنەداریش هەر ئاماژە بەم ساڵانە کراوە، بەڵام بە پێی نووسراوەکانی مامۆستا عەلائەدین سەججادی لە ساڵی ١٧٩٧ی زایینیدا هاتۆتە دنیایە و لە ساڵی ١٨٥٥دا کۆچی کردووە. بەم پێیە دەبێ ٥٨ ساڵی تەمەن بووبێ.

نالی جیا لە کوردستان زۆر شارو وڵاتی کردووە وەک مەککە، مەدینە، دەمیشق و ئەستەمبوڵ، بە پێی زۆر سەرچاوە دوایین شوێنێک کە نالی لێ دیتراوە ئەستەمبوڵ بووە.

## بەشی دووەم: نالی و ئەدەب:

نالی یەکەم کەس بوو شێعری بە دیالێکتی کرمانجی خواروو وت و عەرووزی عەڕەبی بە دەستکاری‌یەوە هێنایە ئەم دیالێکتە، هەروەها لە کارەکەشی‌دا گەیشتە چڵە پۆپەیەک کە کەس پاش خۆی پێی نەگەیشتبوو. شێعر بەلای نالی‌یەوە مانای دیارو ئاشکرای هەیە، هەروەها مانای نهێنی و شاراوەشی هەیە. ئەمە کە دەبێ بە خەیاڵی شێعر تۆمار دەکرێ و ئەو خەیاڵە دەبێ مەجازی تێدا بێ، واتە وشەیەک لە جێی ڕاستەقینەی خۆی بەکار نەهێنرێ، بەڵام دەبێ پێوەندی‌یەک بە مانای بنچینەیی بیان بەستێتەوە. ئەوە نهێنی شێعرە، ئەو جەوهەرەی شێعر لە شتیتر جیا دەکاتەوە. بۆیە شێعر لە لای نالی شتێکی نهێنی‌یە، لە دروونی خۆیەوە دەست پێ دەکا، ئەو شتەی دەیەوێ باسی لێوە بکا لە پێشانا لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نێو مێشکیدا دروست دەبێ، ئیتر جەوهەری دەرەوە لە سروشت و بیر و خەیاڵ کۆ دەکاتەوە، بۆ ئەوەی شتەکە ئاشکرا بکا، زۆر جاریش ناوی شتەکە ناهێنێ، ئەمە جەوهەر و بنچینە و نوکتەی پێ دەڵێن.

شێعری نالی مانایە، واتە زانینی هەموو وشەکانی شێعری مەرج نیە، شێعرەکە بە تەواوی ڕوون بکاتەوە، شێعری وا لە ئەدەبی کوردی و بێگانەدا هەیە، بە زانینی وشەکان هەموو لایەکی ڕوون و ئاشکرا دەبێ، بەڵام لای نالی وانیە. بۆیە زانینی مانای وشەی نالی هەنگاوی یەکەمە بۆ تێگەیشتنی. خۆشی لەم لایەنەوە دەڵێ :

*دەورانییە وەك هێلەکی سەودا*
*سەری گێژم*
*بۆیە بە دەقیقی مەسەلە هەرچی*
*دەبێژم*

سەری گێژم وەک هێڵەکی بەدەستەوە خولاوە، چۆن هەمیشە بەدەست ژنی ئارد بێژەوە ئەخولێتەوە، ئەمیش هەمیشە هەروا ئەخولێتەوە بە دەوری خۆیاو ئەو بیرانەی کە بە مێشکیدا دێن و پرپووچیان لەیەک جوێ دەکاتەوە. بۆیە هەرچی بڵێم و هەر شێعرێ بنووسم، لە بێ گەردی و وردی‌دا نموونەیە، وەک چۆن ئاردێ درابێ لە هێڵەک لەو پەڕی خاوێنی و و وردی دایە و هیچ سۆس و پڵ و پۆشی پێوە نیە.

ئەم شێوەیە لە دانانی شێعر "سەبکی هێندی" پێ دەڵێن، هەر وەکوو "سەبکی خۆراسانی" و "سبکی عێراقی"ش هەیە. بۆیە نالی یەکەم و دوایین کەسە ئەم شێوەی هێناوەتە نێو شێعری کلاسیکی کوردییەوە.

نالی بەبێ سەرەتا و پێشەکی شێعری کامڵ و تەواوی هێنایە ناو زمانی کوردی، شێعرەکانی نالی ناوەڕۆکی جیهانیان تێدایە و ئەگەر کێش و قافیە و بەلاغەتەکەشی لێ بشکێنی هەر مانای شێعرە، چونکە ئەمە داهێنانە. شێعرەکانی نالی قورسن، مرۆڤ

**نالی یەکەم کەس بوو شێعری بە دیالێکتی کرمانجی خوارووو وت و عەرووزی عەڕەبی بە دەستکاری‌یەوە هێنایە ئەم دیالێکتە، هەروەها لە کارەکەشی‌دا گەیشتە چڵە پۆپەیەك کە کەس پاش خۆی پێی نەگەیشتبوو. شێعر بەلای نالی‌یەوە مانای دیارو ئاشکرای هەیە، هەروەها مانای نهێنی و شاراوەشی هەیە**

●●

حەیرانی شێعری نالی دەبێ، چونکە ڕیایی تێدا نیە، یانی بە کەس هەڵ نالێ، سەعدی و حافزیش شێعری وایان وتووە.

**بەشی سێیەم: نالی و دڵداری**

کوردی و مەریوانی لە پێشەکی دیوانەکەی نالی دا باسی "حەبیبە"یان کردوە کە نالی تووشی داوی خۆشەویستی بووەو کارێکی زۆری کردوتە سەر بزواندنی هەستی شاعیرانە و خەیاڵی قووڵی. هەرچەند دوایە خواستوویەتی و بووە بە هاوسەری ژیانی و لە گەڵ ئەوەشدا پێوەندی خۆشەویستیان وەک دوو دڵدار هەر بەردەوام بووە.

مامۆستا عەلائەدین سەججادیش باسی ئەمەی کردووەو لەمەش زیاتر ئەڵێ: نالی لە تەکیەی قەرەداغیش دۆستێکی‌تری هەبوو بە ناوی "ئایشێ". ئەوەش باس دەکا کە ئایشێ هەموو جار خۆی بەوەوە هەڵ ئەکێشا کە دڵخوازی نالی بووە. ئەم ئایشێ‌یە تا ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەهەم مابوو. تەنانەت شێخ نووری بابە عەلی خۆی ئایشەی دیوە.

مامۆستا شێخ نووری شێخ بابە عەلی ساڵی "١٨٩٠ تا ١٩٥٥ی زایینی" کە زانا و شێعر دۆست بوو و زۆربەی تەمەنی لە تەکیەی قەرەداغ بە سەر بردووە، مامۆستا عەلائەدین سەججادیش خۆی لێی بیستووە، ئەم ڕیوایەتە ڕێی تێدەچێ کە ڕاست بێ. بەڵام تاکوو ئێستاش غەزەڵ یان پەخشانێک لە نالی پەیدا نەبووە کە ناوی ئایشێی تێدابێ، لە دیوانەکەش‌دا باسێک لە ئایشێ نەکراوە.

من لەم دێرە شێعرەوە دەست پێ دەکەم:

*جەنانی وەك جینان کردم بە ماوا*
*"حەبیبە"ی ماڵی ئاوا، ماڵی ئاوا*
*پێم دەڵێن (مەحبووبە) خێڵ و*
*قیچە، مەیلی شەڕ دەکا*
*خێڵ وقیچە، یان تەرازووی*
*نازی نەختێ سەردەکا*

وەکی باسم کرد نالی حەبیبەی خواستووەو لە گەڵی ژیاوە، بەڵام لە ڕۆژانی دووری و چوونی بۆ حەج و بۆ ئەستەمبووڵ لە گەڵی نەبووەو دەبێ لە کوردستان بە جێی هێشت بێ، یان دەروێش نیە وەک مامۆستا سەججادیدی لە مێژووەکەی‌دا ئەفەرموێ. "حەبیبە" پێش سەفەرەکەی نالی کۆچی دوایی کردووە. واش وێ دەچێ تەنیا دوو ساڵی لە گەڵ ژیابێ.

مامۆستا سەججادی لە بارەی مان و نەمانی "حەبیبە"وە دەڵێ:

"زۆریش نەهاتۆتە سلێمانی واتە، نالی هەر لەبەر ئەوە بووە تەماشای کردوە حەبیبە نەماوە دۆستەکان و ئەربابی زەوقی خۆی کە لە گەڵیان ڕاێبواردوە نەماوە، سەرەڕای ئەمەش جەوری تورکان (عوسمانی‌یەکان) هەر زیادی کردووە. ئیتر دڵ خۆشی‌یەکی شک نەبردووە تا ڕوو بکاتە سولەیمانی،

www.lawan.com
کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org







بەڵکوو لەو پارچە شێعرەشدا بە ئاشکرا باسی دەکا:

*هەتا تۆم ئاشنا بوویت ئاشنا بووم*
*ئەمێستا مووبەموو ئەغیارە بێ تۆ*
*لە کن من با وجوودی ناس*
*و ئەجناس*
*کەسی تێدا نیە ئەم شارە بێ تۆ*
*هەموو رۆژێ لە تاو هیجرانی*
*ئەم ساڵ*
*تەمەننای مردنی پێرارە بێ تۆ* .....
.

ئادگاری کۆمەڵایەتی نالی زۆر ژیرانە و بە شێوەیەکی هونەریانە پیشان دراوە. پیاو دەبێ ئەندازەی نالی زیرەک بێ تا ئەو وێنانە بدۆزێتەوە. ئەو وێنانە دیار نین، شاراوەن، هەمووی رەمزو ئیشارەتن، مرۆڤ دەبێ تیشکی بیری قووڵی بەدوایاندا بگەڕ؛ و بیان دۆزێتەوە.

**بەشی چوارەم: نالی و مەبەستی شێعری:**

هەر شاعیرێک مەبەستێکی لە شێعرەکانیدا بەدیی دەکرێ، "نالی"ش لە شێعرەکانیدا شەش شتی لەخۆیدا باس دەکا کە بە ڕاشکاوی دیارە وەک:

١: **دڵداری:** کە بەشی هەرە زۆری شێعرەکانی لەخۆ گرتووە.

٢: **وەسف:** بە تایبەتی وەسفی بەهارو دیمەنی سروشت و وەسفی حوجرە شەق و شڕەکەی.

دنیا لە ڕوانگەی نالی‌یەوە، بەهارە، بەزم و ڕەزمە و زەمزەمەی بولبولە، بۆیە قەلەڕەشکەی خەراپ لە دەوری گوڵ دوور دەخاتەوە.

٣: **بیری وڵات کردنەوەی:**

لەو قەسیدەیەی کە بۆ سالمی ناردووە بە ڕاشکاوانە بەدی دەکرێ و پێی وایە کە مەڵبەندو نیشتمانی ڕاستەقینەی مرۆڤ ئەو شوێنەیە کە سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵی تێدا تێپەڕ کردوە.

٤: **نالی هونەروەرانە کوردایەتی کردوە،** کوردایەتییەکەی لە خوو و ڕەوشت و هەڵس و کەوتی ناخی کۆمەڵی کوردەوارییەوە هەڵقوڵاوە و خەڵکی شار و دێیە. لەمەشرا دەردەکەوێ کە خۆی ڕۆڵەی شار و دێیە.

٥: **لاواندنەوەو پیاهەڵدانی پاش مردن:** ئەوەش لە غەزەلەکەی لەمەڕ وەفاتی سلێمان پاشای بابان، لە گەڵ ئەو قەسیدەی کە وەک باسی لێوە دەکرێ بە بۆنەی مردنی باوکی "حەبیبە"وە وتوویەتی. لەو غەزەلەشی لەمەڕ وەفاتی سلێمان پاشای بابان دەردەکەوێ کە نالی پێوەندیی‌یەکی تایبەتی لەگەڵ سلێمان پاشای بابان و ئەحمەد پاشای کوڕی دا هەبووە.

٦: **مەدح و پیاهەڵدان:** ئەویش تەنیا بۆ مەدحی نووری ڕودرباری هاوڕێی کە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەچێتە حەج و مەدحی سوپای بابان و مەدحی وڵات و مەدحی پێغەمبەر و مەدحی مەککە و مەدینان لە خۆ دەگرێ.

نالی قەسیدەیەکی هەیە کە لە هەمبەر خەون بینینێکەوە بە مەستوورە(ماەشرف خانی اردلان) خێزانی خوسرەوخانی ناکام وتویەتی کە هەڵلای زۆر لێ ساز بووە. ئەویش گۆیا دەبێ نالی هێرشی کردبێتە سەر مەستوورەخان، کە بەداخەوە هیچی لە ڕاستی‌یەوە نێزیک نین.

**بەشی پێنجەم: نالی و ئیسلام:**

نالی سەر بە قوتابخانەیەکی شێعری وایە کە پاش هاتنی ئیسلام، لەنێو نەتەوە موسڵمانە هێندو ئێرانی و، هێندو ئورووپایی و، تورکە مەغولەکاندا دروست بووە. ئەمە ئادگاری تایبەتی خۆی هەیە.

تەریقەت لە چاو مەملەکەتی ئیسلامی‌یەکانی ڕۆژهەڵات لە دوو لایەنی چاک و خراپ کاریگەری هەبووە.

**ئەلف:** لایەنە باشەکەی ئەوە بووە لە ڕێگای بیروباوەڕی تەریقەتەوە بە گشتی لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی لە دەوروبەری عەباس‌یەکان‌دا تاقمێک لە شاعیرە هەڵکەوتووەکان بە تایبەتی شاعیرانی فارس زمان وەک جەلالەدینی ڕۆمی "شمسی تبریزی" و عەتتار و حافز و سەعدی شیرازی و زۆری دیکە غەزەل و قەسیدەو مەسنەوی وایان هێنایە ناوەوە کە بەڕاستی لە چوارچێوە دەرچووە کە ئەدەبی تەریقەت بێ هەر بۆیە "ئەدەبی عیرفانی" پێ دەڵێن. مەلای جەزیری هەندێ لەو بیروڕا و سووڕەتانە بە تایبەتی هی جەلالەدینی ڕۆمی هێناوەتە نێو غەزەلی کوردی‌یەوە.

**ب:** لایەنە خەراپەکەی ئەو ماڵ وێرانی‌یەیە کە تووشی کورد بووە. های و هووی و زەرگ وەشاندن و هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی ڕەش و ڕووتی نەخوێندەوارو ئاراستە کردنیان بەرەو تەمبەڵی و تەوەزلی و دووبەرەکی و ئاژاوە نانەوە بۆ چاکەی شێخ و مشایخ و گەورەکان، مەگەر کورد هەر ئەو بەشەی پێ بڕابێ. بەم واتایە نالی

**: مەبەست لە شێعری نالی نیشانەی شارەرزایی و ئاگاداری شاعیرە لە هەر یەکە لەو مەیدانانەی کە بە هۆیانەوە توانراوە پێوەندی‌یەك لە نێوان شێعر و ئایین، شێعر و میتۆلۆژی و شێعر و مەیدانەکانی زانستی کۆن بێنێتە ئاراوە. بە ڕای من عالەمی نالی بێ پایانە و هەر دوایی نایە.**

دوو تێک شکانی کوردمان پێ نیشان دەدات، یەکەم: پێش ئیسلام و ئایینی زەردەشتی و دووەمیان دوای ئیسلام واتە سەردەمی میری و دەسەڵات دارەتی، بۆیە نالی باشترین بەڵگەیە بۆ تێک شکانی.

دووەم: مەبەست لە شێعری نالی نیشانەی شارەرزایی و ئاگاداری شاعیرە لە هەر یەکە لەو مەیدانانەی کە بە هۆیانەوە توانراوە پێوەندی‌یەک لە نێوان شێعر و ئایین، شێعر و میتۆلۆژی و شێعر و مەیدانەکانی زانستی کۆن بێنێتە ئاراوە. بە ڕای من عالەمی نالی بێ پایانە و هەر دوایی نایە.

نالی لە سەرەتای چەرخی نۆزدەهەمدا ژیاوە کە سێ زمان لە کوردستان دا باو بووە( فارسی، تورکی و عەرەبی). زمانی فارسی و تورکی لە بەر ئەوە کە لە وڵاتانی ئێران و عوسمانی بە سەر کوردستان ڕاگەیشتووە، حوکمڕانیان کردوە. بەڵام زمانی عەرەبی چونکە زمانی ئایینی ئیسلام بووەو لە کوردستانیش زۆربەی لە سەر ئایینی ئیسلام بووەو ڕەواجی هەیە.

نالی خۆشی باس لەوە دەکا کە چەند زمانی زانیوە هەروەک لەو بەیتەی‌دا بۆمان دەردەکەوێ کە دەڵێ:

فارس و کوردە و عەرەبم هەرسێم بە دەفتەر گرتووە

"نالی" ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە

دیوانی هەیە. لە کۆتای‌یدا چەند نموونە لە شێعرەکانی دێنینەوە:

تەبعی شکەر باری من،
کوردی ئەگەر ئینشا دەکا
ئیمتیحانی خۆیە مەقسودی،
لە ( عمدا) وا دەکا(١)
یا لە مەیدانی فەساحەتدا
بە میسلی شەهسەوار
بێ تەئەممول بەو هەموو
نەوعە زوبانی ڕادەکا(٢)
کەس بە ئەلفازم نەڵێ
خۆ کوردی‌یە خۆ کردی‌یە
هەر کەسێ نادان نەبێ
خۆ تالبی مەعنا دەکا(٣)
بێتە حوجرەم،
پارچە پارچەی موسوەدەم بکڕێ بە ڕۆح
هەر کەسێ کوتاڵ و پارچەی بێ
بە دڵ سەودا دەکا(٤)
شێعری خەڵقی کەی دەگاتە شێعری من
بۆ نازکی؟!
کەی لە دیققەتدا پەتك دەعوا
لە گەڵ هەودا دەکا؟!(٥)

لاپەڕەی ١٠٦ی دیوانی نالی

با بزانین ناڵی لەم شێعرانەدا چۆن دواوە:

١: زەوقی شیرینی من کە بەلای ئەودا ئەچێ بە کوردی شێعر بڵێ، لەبەر ئەوە نیە

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە کوردی‌یەکە ئاسانە و دەسەڵاتی بەسەر عەرەبی و فارسی‌دا ناشکێ، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە ئەیەوێ خۆی تاقی بکاتەوە بزانێ شتێکی تازەی لە دەست دێ لەمەو پێش کەس نەی کردبێ کە شێعر وتنە لە سەر عەروزی عەرەبی بە زمانی کوردی یان نە؟

٢: بە مانای یان مەبەستی خۆ تاقی کردنەوە نیە، تەبیعەتی شێعریەتی، ئەوەندە سوارە بێ گوێدانە بەوە کە مەیدان مەیدانی فارسی‌یە یا عەرەبی یا کوردی، ئەو هەر هەموویاندا خۆی ڕائەهێنێ.

٣: با کەس توانجم تێ نەگرێ بڵێ شێعرەکانی کوردین و هەر شاعیرێک بگرێ ئەتوانێ شێعری کوردی بڵێ. بەڵێ ڕاستە زۆر کۆڵکە شاعیر هەن ئەتوانن شێعر بە کوردی ڕێک بخەن، بەڵام خۆ شێعر هەر هاوسەنگی دووسەرەکی و یەکیەتی دوا پیتەکان نی‌یە.

٤: ئەوەی بە دوای پارچە بەنرخدا ئەگەڕێ بابێتە حوجرەکەی من، پارچە پارچەی ڕەش نووسەکانم بکڕێ و لە بریدا گیانی خۆی دانێ بەمە هێشتا هەر ئەو قازانج ئەکا.

٥: شێعری خەڵکی هەرگیز لە ناسکی‌دا ناگاتە ئاستی شێعری من، شێعری من لە چاو شێعری خەڵکی‌دا وەک تاڵی ئاوریشم وایە لە چاو پەتکدا، دیارە پەتکیش قەت ناتوانێ لە باریکی و ناسکی‌دا بەربەرەکانێ لە گەڵ تاڵی ئاوریشم بکا.

لاپەڕەی ١٦٨ی دیوانی نالی

**ابروان توطبییان دل افگارانند**
**هر دو پیوسته از آن برسر بیماراننند(١)**
**گنج رخسار تو دیدن نبود زهره مرا**
**که ز زلف تو برو خفته سیه ماراتند(٢)**
**ما هزاران، زغمت خسته و ناکام، ولی**
**کامیاب از گل روی تو خس و خاراتند(٣)**
**بر سر کوی خود از گریه مکن منع مرا**
**زانکه گلهای چمن منتظر بارانند(٤)**
**نرگسان تو که خواب همه عالم بردند**
**خفتگانند، ولی رهزن بیدارانند(٥)**
**" نالیا" ار چه سگانش همه شب نالانند**
**که نه آن شیفتگان نیز جگر خوارانند(٦)**

مانای شێعرە فارسی‌یەکە:

١: برۆکانت پزیشکی دڵدارە دڵ بریندارەکانن، بۆیە هەمیشە لەسەر سەری نەخۆشەکان ڕاوەستاون.

٢: من هەرگیز ناوێرم سەیری گەنجینەی ڕوومەتی تۆ بکەم، چونکە ڕەش مارەکانی زوڵفت بەسەر ئەو گەنجینەوە نووستوون و ئەیان پارێزن.

٣: ئێمەی بولبوولی ستران بێژ کە ڕۆژ تا ئێوارە بە باڵای تۆدا ئەخوێنین، لە تاو دەردو خەفەتی دووریت گرفتار بووین و هەر ئەم چڵ و ئەو چڵ ئەکەین و لە پێگەیشتنت نائومێد بووین کەچی درک و داڵ هەمیشە بەباڵای گوڵی ڕووتەوەن.

٤: ڕێم لێ مەگرە بەسەر ڕێ و شوێنتا بگریم و فرمێسک بڕێژم، گوڵزاری باخچەکەت چاوەڕوانی بارانە پێی بگەشێتەوە. بۆیە منیش بارانی فرمێسکی خۆمی بە سەردا ئەڕێژم.

٥: چاوە مەستە خەواڵووەکانت، خەویان لە چاوی عالم بریوەو بوون بە ڕێگر و تاڵانکەری ماڵی ئەو دڵدارانەت کە لە تاو دەردی دووریت خەو لە چاویان حەرام بووە.

٦: نالی‌یا! بەدکارەکانی بەر دەرگای ماڵی یار هەرچەند شەو تا بەیانی هەرایانە، هەراکەیان لەوەوەنیە کە دڵیان پێوەیەتی، تەنیا ئەوەیان ئەوێ دڵی دڵدارەکانی بریندار بکەن و جەرگیان بخۆن و نەهێڵن بە دیداری شاد بین.

سەرچاوەکان :
١: دیوانی نالی: "لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەرس و قانع عەبدولکەریم ."
٢: نالی لە دەفتەری نەمری‌دا "دوکتور مارف خەزنەدار".
٣: لە ڕێگای ئەدەب لە پێناوی نالی‌دا "محەممەدی مەلا کەریم".
٤: نالی، "ڕێبوار سیوەیلی".



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سێ کورتە چیرۆک

١) له پارکدا
بۆ شکاندنی وەڕزی و
بەسەربردنی کاتی تەنیایی
ڕووم کردە باخی گشتی شار
چ دەبینم!
پۆلێك گەنجی بێکار
سەریان ناوە بەسەر یەکدا
گوتم؛
ئۆخەی
وا گەنجەکانمان کتێب دەخوێننەوە،
کەچی مەخابن چیم دی!!
بە هەموویان جگەرەیەکی حەشیشیان پێیە و
بە نۆرە مژی لێ دەدەن
پۆلێکیش لەو لاوە وێستاوەو
پێیان پێدەکەنن
گوتم؛
ڕۆڵە شیرینەکانم
گەنج و لاوە بە هەستەکانم
ئێوە کوردن، ڕۆڵەی مەردن
کەی ئەمە لە ئێوە دەوەشێتەوە؟
ئەمە داوی دوژمنانە
بۆ ئێوەیان ناوەتەوە
کەواتە شەق دەن لەم کارە دزێوە
تەرکی کەن ئەم ئاکار و کردارە نالەبارە
بگرنە بەر ڕێگەی قازی و ئاوارە
ڕێگەی قازی و ئاوارە.

.........................

٢) لە نەخۆشخانەدا
لەسەر تەختی نەخۆشخانەکە
کیژێك ڕاکشاوە
پەتوویەکی بەسەر خۆیدا کێشاوە
لە چەنەگەوە تاکوو ملی
لە ژێر پەتووەکە دایە
پرسیم؛
ئەوە چی لێ قەوماوە؟
کە دەڕوانم لە فایلی پشت سەری نووسراوە
نازەنینی چواردە ساڵە
با دارکاری و خاڵە
لە سەر کێشەی «نامووس پارێزی»

گشت جەستەی کوتراوەو بێ حاڵە
گوتم؛
ئاخ و سەد داخ و مخابن!
بۆ نازانن نامووسی مە کوردستانە؟!
شەرەفی مە نیشتمانە
پارێزگاری لێ کردنی
ئەرکی سەر شانی هەموومانە

.........................

٣) لە شەقامدا
لە شەقامێکی گشتی شار
چاوم کەوت بە کیژێکی مێرمنداڵی هەژار
هاتە لام و پرسیاری کرد:
ئەرێ مامە!
هۆ خاڵە!
تۆش لەماڵێ
وەك مرۆڤێکی شەڕانی و
کەللەشەق
کیژە چواردە ساڵانەکەت
دەدەیە بەر مست و پێلەقە و
شەق!
چونکی ڕازی نابێ
بە ژنی بدەی بۆ خۆت، یان
گەورە بە بچووکی پێ بکەی بۆ
کوڕە چل پەنجا ساڵانەکەت؟!!
گوتم؛
ڕۆڵە!
کەسی خاڵی!
ئەو دەورە ڕۆیی و مێژوو ناگەڕێتەوە بۆ دواوە.

ن: حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# چریکە

çrîke



و: سەید جەلال ساڵحی

**کەسایەتی:**

١) ژیانتان لەگەڵ ژیانی کەسدا بەراورد مەکەن، چونکە نازانن لە نێوان ئەواندا چ دەگوزەرێ.
٢) بیروبۆچوونی نەرێنیتان نەبێ، لەباتی وەی، وزەکەتان بۆ کاروباری ئەرێنی خەرج بکەن.
٣) بەدەر لە توانایی خۆتان هیچ کارێک ئەنجام مەدەن.
٤) زۆریش خۆتان بە جیددی مەگرن.
٥) لە کاتی بەخەبەربوون دا، زۆر مەچنە نێو خەیاڵاتی پروپووچەوە.
٦) بەخیلی یانی بەفیڕۆدانی کات، تۆ هەرشتێک کە دەبێ بت بێ، هەتە.
٧) ڕابردوو لەبیر کەن، هەڵەکانی ڕابردووی هاوسەرەکەت وەبیری مەیەنەوە، چونکە ئەم کارە هێوری و ئارامی ئێستات لەنێو دەبا.
٨) ژیان زۆر لەوە کورتترە کە ڕق لە خەڵکی بێتەوە، بۆیە قینت لە کەس نەبێ.
٩) لەگەڵ ڕابردووەکەت ببەرە دۆست، تاکوو ئێستاشت لێ تێک نەدا.
١٠) کەس بەرپرسی خۆشحاڵ کردنت نیە، مەگەر خۆت.
١١) ژیان وەک قوتابخانەیەک وایە کە دەبێ شتی لێ فێر بی، گیروگرفتەکان بەشێک لە پرۆگرامی وانەکانن و وەک وانەی جەبر دەچن.
١٢) تا بۆتان دەکرێ پێبکەنن و زەردەخەنە لێ بدەن، چونکە پێکەنین دەرمانی هەموو دەردێکە.
١٣) پێویست ناکا لەهەموو شتێکدا هەر بیبەنەوە، گەلێ جار دۆڕایەتیش دەبێ.

**کۆمەڵگا:**

١٤) ناوە ناوە زەنگ بۆ خزم و کەس و کارەکەت لێ دە.
١٥) هەموو ڕۆژێک شتێکی باش پێشکەش بە کەسانێک بکە.
١٦) هەڵەی هەر کەسێک بە هەر هۆیەک کە بووە، لێی ببوورن.
١٧) کاتێک دانێ بۆ کەسانی سەروو ٧٠ ساڵ و ژێر ٦ ساڵ.
١٨) هەوڵ بدەن لانی کەم هەموو ڕۆژێک بە دەم سێ کەسەوە پێبکەنن.
١٩) لەوەی کە خەڵک چۆن بە نیسبەت تۆوە بیر دەکەنەوە، پێوەندی بە تۆوە نیە.
٢٠) لە کاتی نەخۆشیدا، کارەکەت بە هاوارتەوە نایە، بەڵکوو دۆستەکانتن کە بە یارمەتیتەوە دێن، کەواتە لەگەڵیان لە پێوەندیدا بە.

**ژیان:**

٢١) کاری موسبەت و چاک و باش ئەنجام بدەن.
٢٢) لە هەر شتێکی بێ کەڵک، ناشیرین یان ناخۆش دووری بکەن.
٢٣) عیشق و ئەوین دەرمانی هەموو شتێکە.
٢٤) هەر بارودۆخێکی چ باش و خراپ، تێدەپەڕێ.
٢٥) گرینگ نیە کە چ هەستێکت هەیە، دەبێ هەستی، جل و بەرگەکانت بکەیتە بەر و لە کۆمەڵگادا ئامادە بی.
٢٦) دڵنیا بن کە باشترینیش دێ.
٢٧) هەر کە بەیانی لە خەو هەڵ دەستن، دەبێ شوکرانە بژێری بوونەکەتان بن.
٢٨) بەشی زۆری ناخ و دەروونتان شادە، کەواتە خۆشحاڵ بن.

سەرچاوە: ئەنتەرنێت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# کەونە Z

ئا: هەژیر عەبدوڵلا پوور




## شارستانی ئابدانان

ئابدانان یەکێک لە شارستانەکانی پارێزگای ئیلامە. ناوەندی ئەم شارستانە شاری ئابدانانە کە دەکەوێتە باشووری داوێنی "کبیر کوە" و دۆڵی باسەفای رووباری ئابدانان لە باکووری گۆڕی "سەیید سەلاحەدین محەممەد"، بە واتایەکی‌تر دەکەوێتە نێوان دوو کێوی "دینار کوە و کبیر کوە". ئەم شارستانە لە باشووری خۆرهەڵاتی پارێزگای ئیلامدا هەڵ کەوتووە لە گەڵ دێهلوران و دەرەشار و هەروەها ئەندیمشک لە پارێزگای خووزستان و پولدوختەر لە پارێزگای لورستان دراوسێیە. ئەم دەڤەرە لە ناوچەیەکی کوێستانیدا هەڵ کەوتووە کە ئەو شوێنانەی دەکەونە داوێنی بەرزاییەکانی کەڤر یان "کبیر کوە"وە ئاو و هەوایەکی سارد و فێنکی هەیەو هەوارگەی رەوەند و کۆچەرانە و بەشەکانی دیکەشی گەرمێنە. ئەم شارستانە لە باری نیزامی، کشت و کاڵ و ئاژەڵدارییەوە گرینگی تایبەتی هەیە. هەروەها لە کاتی شەڕی ماڵ وێرانکەری ئێران و ئێراقدا زەرەو زیانێکی زۆر بە دانیشتوان و خودی شارەکە کەوت کە ئێستاشی لە گەڵ بێ قەرەبووی بەشی زۆری ئەو زەرەو زیانانە نەکراوەتەوە، جگە لەوە حەشیمەتێکی زۆری شارەکە نەدار و هەژارن و بە دەست گرفتی بێ ماڵی و بێ جێ و رێیەوە دەناڵێنن.

خەڵکی ئەم شارە زۆر تامەزرۆی خوێندن و خوێندنەوەن و لە پارێزگەی ئیلامدا بەم تایبەتمەندییە باشەوە، ناوبانگیان دەرکردووە. نزیک بە سەتا نەوەدی خەڵکی ئەم شارە و دەوروبەری کوردن و زیاتر بە شێوەزاری فەیلی یان کوردی




www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیلامی قسە دەکەن. ئەم شارە لەبەر گرینگی و هەڵکەوتەی تایبەتی لە نیوەی دووەمی ساڵی **١٣٧٤**ی هەتاوی کرایە فەرمانداری.

**هەڵکەوتی جوغرافیایی**

ئەم شارە لە **١٦٤** کیلۆمیتری شارستانی ئیلام هەڵ کەوتووەو لە باری هەڵکەوتی جوغرافیاییەوە دەکەوێتە نێوان خولگەی جوغرافیایی **٤٧** و **٢٨** خولەک لە باری درێژیدا و خولگەی جوغرافیایی **٣٢** پلە و **٥٦** خولەک لە باری پانیداو **٨٨٠** میتر لە ئاستی دەریاوە بەرزە. شارستانی ئابدانان، دەکەوێتە سەر رێگەی ئیلام ــ گوڵ گوڵ و **٣٨** کیلۆمیتر لە دەرەشاریشەوە دوورە. سنووری ئەم شارستانە لە باکوورەوە بە دەرەشار، لە خۆرهەڵاتەوە بە ئەندیمشک و لە خۆراواو باشوورەوە بە سنووری دێهلۆرانەوە لکاوە. ئاو و هەوای ئابدانان فێنکە و رادەی بارینی باران بە شێوەی نێونجی **٣٠٠** میلیمیترە.

**دابەشکاری لە ئاستی وڵاتدا**

هەروەها ئەم شارستانە لە سێ شارۆچکە یان بەخشی (ناوەندی، سەراب باغ و کەلات) و شەش میرەدێ یان "دهستان"ی (ماسبی، جابرئەنسار، چەم کەبوود، سەراب باغ، ئاوئەنار و موورمووری) پێک هاتووە.

حەشیمەت:

بە پێی سەرژمێری ناوەندی ئاماری ئێران، حەشیمەتی شارستانی ئابدانان لە ساڵی ١٣٨٥دا **٤٧٣٧٠** کەس بووە.

**ئابووری**:

ژێرخانی ئابووری ئابدانان لە سەر سێ بناغەی ئاژەڵداری، کشت و کاڵ و پیشە دەستییەکان دامەزراوە. ژیانی هۆزایەتی یان عەشایەری لەم ناوچەیەدا لە دیمەنە سەرنج ڕاکێش و شیاوی دیتنەکانی ئەم شارستانە دەژمێردرێ. ئەم ناوچەیە سەرچاوەی بەسوودی سروشتی زۆری وەک نەوت و گووگرد و زاخ و گراوی تێدایە کە دەسەڵاتداران تا ئێستا بەڕوونی باسیان لە رادە و چۆنییەتی سامانی گرینگی نەوتی ئەم دەڤەرە نەکردووەو هەروا بە ناڕوونی هێشتوویاننەتەوەو ئێستاشی لە گەڵ بێ لە کان و سەرچاوە سروشتییەکانی دیکەی ئەو ناوچەیە زانیارییەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە. هەروەها ئەو دەڤەرە بە هۆی بوونی ئاوی زۆر و لێڕەوار و لەوەڕگەی فرەوە، خاوەنی زەوی بە پیت و بەرەکەتە بۆ کشت و کاڵ و ئاژەڵداری.

گەرچی بەهۆی ناڕێکی و کەند و لەندی زۆر، بەرینایی زەوییە کشت و کاڵییەکان زۆر کەمە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا زۆرترین بەهرە لە کەمترین ئیمکانات وەردەگیرێ. کاری کشت و کاڵ بە **٢** شێوەی دێم و بەراو لەم هەرێمەدا دەکرێ، کە ئاوی زەوییە بەراوەکان لە رووبارەکانی وەک کەرخە و ئابدانانەوە دابین دەبێ و زیاتریش گەنم، جۆ و برنج دەچێنرێ. ئاژەڵداری پیشەی سەرەکیی خەڵکەکەیە و زۆربەیان بە راگرتن و بەخێوکردنی پاتاڵ و مەڕ و ماڵات، نە تەنیا لە بەروبوومی ئەو جۆرە ئاژەڵانە، بۆ مەسرەفی نێوخۆیی کەڵک وەردەگرن، بەڵکوو لە فرۆشی مەڕ و ماڵات، گۆشت، خوری و ڕۆن وەک هەناردە بۆ بردنە سەری ئاستی بژیوی خۆشیان کەڵک وەردەگرن.

**شوێنە دیەنییەکان و پێشینەی مێژوویی**:

لە رابردوودا، گەورە پیاوان و زۆربەی خەڵکی ئەو ناوچەیە، بەم شارەیان گوتووە "سرەو" یان سەراب کە بە مانای سەرچاوە یان کانی بووەو ئەمەش لەبەر بوونی کانیاو و ئاوی زۆر بووە لەو مەڵبەندەدا، کە ئاوی خواردنەوەی شارەکە و هەروەها بەشی زۆری ئاوی مووچە و مەزرای ئەو ناوچەیە لەم رووبارەو سەرچاوەیەوە دابین دەبوو. سەرچاوەی سەرەکی رووبارەکە لە کەڤر یان "کبیر کوە"وە سەرچاوە دەگرێ و ئەم رووبارە بە دێورج یان "گلاڵ ئەوە نۆ" بەناوبانگە و لە داوێنی کەڤرەوە سەرچاوە دەگرێ. "ئەوە نۆ" لە زمانی خەڵکی ئەو ناوچەیەدا بە مانای "ئابدانان"ە، کە "ئەودانان"یشی پێ دەوترێ.

ئەم ناوچەیە خاوەنی مێژوو و پێشینەیەکی دێرینەیە و شوێنەواری بە نرخی مێژوویی لە زۆربەی شوێنە جیاجیاکانی ئەو دەڤەرەدا دەبینرێ. بوونی ئاسەواری مێژوویی و شوێنەوارناسی زۆر لەو ناوچەیەدا، خۆی نیشانەی پێشینەی مێژوویی ئەو دەڤەرەیە. بۆ وێنە ئاسەواری






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەک گوورگێورۆ یان "گورگبران" و قەڵای "کرۆدیت" مێژوو و پێشینەیەکی کۆنیان هەیە و هەندێک شوێنەوارناس مێژووەکەیان دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان. بە کورتی ناوەندە دیەنی و زیارەتگاکانی ئابدانان بریتین لە، ئاسەواری مێژوویی قەڵای هەزارانی یان "هزارۆنی"، ئاسەواری مێژوویی "پشت قەڵا"ی ئابدانان کە خەڵک زیاتر بە قەڵا ناوی دەبەن، گۆلی دوانەی سیاگەوی ئابدانان هەڵ کەوتوو لە ٨ کیلۆمیتری "سەراب باغ"ی ئابدانان یان "سرەو" کە سەرچاوەی ئاوی ڕووباری ئابدانانە و هەروەها سەیرانگەشە، ئەشکەوتی سروشتی مژارە هەڵ کەوتوو لە نزیک ئاوایی مژارەو سەراب باغ، دیمەنە سروشتییەکانی سەرابی ئابدانان، دیمەنە سروشتی-یەکانی کێوی هەناران یان بە زاراوەی خەڵکی ئەو ناوچەیە "لیتە ئەنار" و "کبیر کوە" و زیارەتگای سەیید سەلاحەددین محەممەد کە بە شێوازی مێعماری تایبەت بە سەردەمی سەلجووقی ساز کراوە. هەروەها لەم ناوچەیەدا راوگە و ئەشکەوتی سروشتی جۆراوجۆر هەیە.

هەر وەک باسمان کرد، شارستانی ئابدانان، خاوەنی ئاسەوارگەلی مێژوویی و گەشتیاری بێوێنەی جۆراوجۆرە، کە لێرەدا هەوڵ دەدەین بەشێک لەم شوێنەوارە دەگمەنانە بە ئێوە خوێنەری خۆشەویست بناسێنین:

### قەڵای هەزارانی

لە نزیک جاددەی ئابدانان — موورمووری و لە سەرەتای ئاوایی هەزارانی و لە بەشی باکووری جاددەکە، پاشماوەی قەڵایەکی مێژوویی لە سەر تەپۆڵکەیەکی سروشتی دەبینرێ، کە بە ناوی دێیەکەوە واتە قەڵای هەزارانی ناوی دەرکردووە.






بەرزی ئەو تەپۆڵکەیە نزیکەی ١٠ میترە کە ئاسەواری بەجێماو لە سەری وا دەنوێنێ کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا قەڵایەکی پتەوی بە بەرد و گێچ لێ ساز کراوە کە بە داخەوە ئەمڕۆکە بە تەواوی تێکڕماوەو تا ئێستا هەوڵێکی جیددی بۆ نووژەن کردنەوەی نەدراوە.

### پشت قەڵا

لە ٥ کیلۆمیتری باشووری شارستانی ئابدانان و لە نێو ئاوایی پشت قەڵا، لە سەر بەرزایی تەپۆڵکەیەک کە ڕووباری ئابدانانیش لە خوارییەوە تێدەپەڕێ، ئاسەواری بینای قەڵایەک وەبەرچاو دەکەوێ. کەرەستەی بەکارهاتوو لە قەڵاکە خڕکە بەرد، گێچ و سارووجە. قەڵای ناوبراو لە بەشگەلی جۆراوجۆری وەک بورجی دیدەوانی و نیگابانی، شانشین و پلیکانی هەڵواسراو و شوێنی نیشتەجێبوون و ... پێک هاتووە.

بینای قەڵاکە لە ژێر چاوەدێری ئیدارەی گشتی میراتی کولتووری و گەشتیاری پارێزگای ئیلام دایە کە لە ساڵی ١٣٨٠ی هەتاوی لەبەر گرینگی‌یەکەی و هەروەها موتاڵای شوێنەوارناسی و پاراستن و نووژەن کردنەوەی لە لیستی ئاسەواری نیشتمانیدا تۆمار کراوە.

### کەڤر یان کەبیر کوە

کەڤر یان کەبیر کوە ڕشتە کێوێکی زۆر درێژە لە پارێزگای ئیلامدا کە بەشێکی دەکەوێتە ناوچەی ئابدانان و لە ٢٠ کیلۆمیتری ئیلامەوە دەست پێ دەکا و لە نزیک ئەندیمشک لە پارێزگای خووزستان دەبڕێتەوەو درێژی‌یەکەی ١٦٠ کیلۆمیترە. بڵیندترین چیای ئەو ڕشتە کێوە "کان سەیفی" لە نزیک ئاوایی چنارباشی و لە دەڤەری وەرزینە کە لە زۆرترین ڕۆژەکانی ساڵدا بە بەفر داپۆشراوە و کەڤریشی پێ دەڵێن. ڕشتەکێوی کەبیر کوە کە لەو دەڤەرەدا بە کڤر بەناوبانگە، یەکێک لە گەورەترین و بەناوبانگترین کێوەکانی زاگرۆسە. کەڤر بە لێڕەوار داپۆشراوەو

www.lawan.com
کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە باری کشت و کاڵ و ئاژەڵدارییەوە گرینگی تایبەتی خۆی هەیە و ناوچەیەکی پڕ باران و سەرسەوزەو بەرزییەکەی ٢٧٩٠ میترە. لەم ڕشتەکێوە کە کوێستانێکی بەربڵاوی لەخۆ گرتووە، ڕووبارێکی زۆر سەرچاوە دەگرێ کە زۆربەیان دەڕژێنە نێو خاکی ئێراقەوە و بەشێکیشیان دەڕژێنە نێو ڕووبارەکانی سەیمەرەو کەرخەوە.

**گۆلی دوانەی سیەگەو**

گۆلی دوانەی سیەگەو یان دەریاچەی دوو قولووی سیەگەوی ئابدانان یەکێک لە دەگمەنترین دیاردە سروشتییەکانی کوردستانە و هەمیشە سەرنجی گەشتیارانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. دەوروبەرەکەی بە هۆی دەشت و کێوانێکەوە دەورە دراوە کە تا ڕادەیەک بەرزن و دیمەنگەلی بەهاری و پاییزی سەرنج ڕاکێشی هەیە. بۆ گەیشتن بەم گۆلانە، دەبێ لە ناو شاری ئابدانانەوە، ٨ کیلۆمیتر جاددەی قیرەتاو ببڕی و ٥٥ میتریش بە پێی پیادە بڕۆی تا دەگەیە گۆلەکان.

گۆلی دوانەی سیەگەو یەکێک لە دیمەنە دەست لێنەدراوە سروشتی و دەگمەنەکانی کوردستانە کە سەرچاوەکەی لە قووڵایی زەوییەوە سەرچاوە دەگرێ و لە دوو کانییەوە هەڵ دەقوڵێ کە قووڵایی هەر کام لەوان ٢٠ میترە.

ئەو ٢ گۆلە جوانە بە هۆی کاناڵێکی سروشتی بە پانایی ٨ میتر و قووڵایی ٤ میتر و درێژی ٧٠ میترەوە پێکەوە بەستراونەتەوە. ئاوی ناو ٢ گۆلەکە زۆر زوڵاڵ و ڕوونە، بە جۆرێک کە دەکرێ تا قووڵایی ٣ میتری کە وەک ئاکواریۆمێکی پڕ لە ماسی دەچێ، ببینرێ. ئاوێ کە لە گۆلی دووەمەوە دەردەچێ، بە شێوەی ڕووبارێکی پڕ ئاو دەچێتە ناو زەوییەکانی دەوروبەرەوە.

ئەم گۆلە سەرسووڕهێنەر و سەرنجڕاکێشانە بە تەمەنێکی هەزاران ساڵەوە، بە هۆی داخوران یان فەرسایش، بەردەوام بەرتەسک دەبنەوەو بەم جۆرە ڕووپێوی دەریاچەکان کەم بۆتەوە.

گۆلەکان لە باری پێکهاتەی شیمیاییەوە، لە جۆری گۆلی ئاوی شیرینن، چونکە بە بەردەوامی ئاوی لەبەر دەڕوا، ئاوێکی پاقژ و ڕوونی هەیە.

ئاوی ڕوون، قامیشەڵان، ماسی ڕەنگاوڕەنگ و پێکهاتنی شەبەنگی نووری جۆراوجۆر لە کات ژمێرەکانی نێوەڕاستی ڕۆژدا، جوانییەکی بێوێنەی بەم دیاردە بەخشیوە. ئەم گۆلانە لە وەرزی بەهار و کۆتایی زستاندا، دەبنە سەیرانگەی خەڵکی پارێزگای ئیلام و شارستانی ئابدانان، بەڵام ئاو و هەوای ناوچەکە بە جۆرێکە کە ئەم گۆلانە لە گشت وەرزەکاندا، گەشتیاران بۆ لای خۆیان کەمەندکێش دەکەن.

لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی ئەم دیاردە دەگمەنە، بوونی ئەو کانیانەیە کە لە ناو گۆلەکانەوە هەڵ دەقوڵن، بەڵام جیا لە جوانییەکانی ئەم دیاردەیە، کارناسانی جوغرافیایی و زەوی ناسی لەو بڕوایەدان کە لە ئێستادا دیاردەی داخوران، هەڕەشە لەم گۆلانە دەکا و هەر بەم هۆیەوە ڕووبەری گۆلەکان بەرتەسک بوونەتەوە.

هەرچۆنێک بێ، شارستانی ئابدانان بە ئاسەوارگەلێکی وەک پشت قەڵا، "کبیر کوە"، لێرەواری "دینار کوە"، گۆلی دوانەی سیەگەو، سەراوی جوانی ئابدانان و ... دەکرێ بە تەرخان کردنی سەرمایە و بەرنامەڕێژی دروست و لە کورت خایەندا و بە تایبەت بە ئاسانکاری لە دەست پێڕاگەیشتن بە "کبیر کوە"، ئەو ناوچەیە بکرێتە شوێنێکی گرینگی گەشتیاری و بەم جۆرە کار و پیشەیەکی زۆریش بۆ خەڵکی ناوچەکە دابین بکرێ.

***






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەناوبانگترین وێنەی جیهانی فیزیک



ئامادەکردن و وەرگێڕان: خاڵی هانیە

پێنجەمین کۆنفرانسی سۆلوای (solvay) کە لە ئۆکتۆبری ١٩٢٧ی زایینی بەرامبەر بە ڕەزبەری ١٣٠٦ی هەتاوی لە بڕۆکسێل پێتەختی بێلژیک بەسترا، خانەخوێی گەورەترین فیزیک زانەکانی ئەو کات بوو و ئەو وێنە بە کۆمەڵەش کە گرتوویانە نازناوی بەناوبانگترین وێنەی جیهانی فیزیای پێ دراوە. دامەزراوەی نێونەتەوەیی فیزیا و کیمیای سۆلوای لە ساڵی ١٩١٢ی زایینی لە بڕۆکسێل و دوای بەڕێوەچوونی یەکەم کۆنفرانسی نێونەتەوەیی سۆلوای لە ساڵی ١٩١١ی زایینیدا دامەزرا. ئەم دامەزراوەیە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا گەلێک بەناوبانگ بوو و ئەو کۆنفرانسە نێونەتەوەیییانەش کە هەر بە چەند ساڵ جارێک بەڕێوە دەچوو، شایەت حاڵی گەلێکی دەستکەوت زۆر مەزنە. بەناوبانگترینی ئەم کۆنفرانسانە، پێنجەمین کۆنفرانسی سۆلوایە کە لە ڕەزبەری ١٣٠٦ی هەتاوی لەسەر باسی ئێلێکترۆن و پرۆتۆنەکان بەڕێوەچوو. لە ٢٩ کەس فیزیازانی دانیشتوو لەو کۆنفرانسەدا ١٧ کەسیان براوەی خەڵاتی نۆبێلن. بابەتی کۆنفرانسەکە باس و تاوتوێ کردن و لێدوان لەمەڕ تیۆری کوانتۆم بوو کە تازە هاتبووە ئاراوە.

ئەوەش ئەو وێنە بەناوبانگەیە کە باسەکەمان لەسەر کرد. دیارە بە خاتری گرینگی وێنەکە پێم خۆش بوو ئێوەی خوێنەری گۆڤارەکەشمان لێی بێبەش نەبن، ئەوەش ناوی بەشدارانی وێنەکە:

ڕیزی یەکەم لە ڕاستەوە بۆ چەپ (دانیشتووەکان):

ئوون ڕیچاردسۆن (براوەی خەڵاتی نۆبێلی فیزیا ١٩٢٨)، چارلز ویلسۆن (براوەی خەڵاتی نۆبێلی فیزیا ١٩٢٧)، چارلز گۆیە، پێل لانگەوین، ئالبێرت ئەنیشتەین (براوەی خەڵاتی نۆبێلی فیزیا ١٩٢١)، هێنریک لورێنتز (براوەی خەڵاتی نۆبێلی فیزیا ١٩٠٢)، ماری کوری (براوەی خەڵاتی نۆبێلی فیزیا ١٩٠٣ و براوەی خەڵاتی نۆبێلی کیمیا ١٩١١)، مەکس پلانک (براوەی خەڵاتی نۆبێلی فیزیا ١٩١٨)، ئاروینگ لەنگ مویر (براوەی خەڵاتی نۆبێلی کیمیا ١٩٣٢).

ڕیزی دووهەم لە ڕاستەوە بۆ چەپ (نیوەڕاستیەکان):

نیلز بووهێر (براوەی خەڵاتی نۆبێلی فیزیا ١٩٢٢)، مەکس بوورن (براوەی خەڵاتی نۆبێلی فیزیا ١٩٥٤)، لوویس دی برۆگلی (براوەی خەڵاتی نۆبێلی فیزیا ١٩٢٩)، ئارتۆر کامپیتۆن (براوەی خەڵاتی نۆبێلی فیزیا ١٩٢٧)، پۆل دیراک (براوەی خەڵاتی نۆبێلی فیزیا ١٩٣٣)، هێنریک کرامێرز، ویلیام براگ (براوەی خەڵاتی نۆبێلی فیزیا ١٩١٥)، مارتین نادسێن، پیتێر دبیە (براوەی خەڵاتی نۆبێلی کیمیا ١٩٣٦).

ڕیزی سێهەم لە ڕاستەوە بۆ چەپ (بە پێوەکان):

لێئۆن بریلۆئین، ڕاڵف فاوڵێر، وێرنێر هایزنبێرگ (براوەی خەڵاتی نۆبێلی فیزیا ١٩٣٢)، وێڵفگانگ پاولی (براوەی خەڵاتی نۆبێلی فیزیا ١٩٤٥)، ژوولز ئەمیل وێرشافێلت، ئاروین شرۆدینگێر (براوەی خەڵاتی نۆبێلی فیزیا ١٩٣٣)، تیئۆفیل دی داندێر، ئێدوارد هێرزن، پۆل ئەهرێنفێست، ئەمیل هێنریوێت، ئاگۆست پیکارد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی «ویکی پدیا»



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئایدز



ئا: ڕەحمان مەحموودی

## مێژووی ئایدز:

ئەیدز بۆ یەکەم جار لە هاوینی ١٩٨١ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ویلایەتی لۆس ئانجلێس دۆزرایەوە.

لە ساڵی ١٩٨٣دا ویرووسی "HIV" بۆ یەکەم جار لە نەخوشێکی تووش بوو بە ئاوسانی لیمفەگرێگان جیا کرایەوە.

لە ساڵی ١٩٨٤دا زانرا ویرووسی "HIV" هۆکاری نەخوشی ئیدزە.

لە ساڵی ١٩٨٥ پشکنینی ئەلیزا(ELISA) دۆزرایەوە کە بە هۆیەوە توانرا کەسانی هەڵگری ویرووسەکە دەست نیشان بکرێن.

لە ساڵی ١٩٨٦دا ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی پرۆگرامی تایبەتی بەرەنگار بوونەوەی ئەیدزی دانا.

لە ساڵی ١٩٨٨ لە کۆبوونەوەی باڵای وەزیرانی تەندروستی جیهان کە لە ١٩٨٨/١٢/١ لە لەندەن گیرا، بە ڕۆژی جیهانی ئەیدز ناونرا.

لە ساڵی ١٩٩٦ "UNAIDS" پرۆگرامی یەکگرتووی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەیدز پێک هات کە چەند ڕێکخراوێک لە خۆ دەگریت وەکوو WHO، UNPF، UNICEF و UNDP.

### ئەیدز چیە؟

نەخۆشی‌یەکی درێژخایەنی مەترسیدارە کە بە هۆی ڤایرۆسی HIVوە تووشی مرۆڤ دەبێ. بە دوو قۆناخ هەوکردنی ویروسەکە دادەنرێت کە لەوەدا نەخۆشەکە کۆمەڵێک نیشانەی تایبەت و لێک جیای لێ دەردەکەوێ یان بە هۆی هەوکردنەکەوە ژمارەی خرۆکەسپی‌یەکانی CD٤ دەگاتە ئاستی کەمتر لە ٢٠٠ خانە لە یەک میلی لیتری سێ جای خوێن بەبێ هەبوون یان نەبوونی نیشانەکان. وشەی ئەیدز کورت کراوەی وشەی ئینگلیزی AIDSە کە لە پیتە سەرەتاکانی هەر چوار وشە پێک هاتووە. واتە کۆمەڵێک نیشانەی وەدەست هاتوو بە هۆی لاوازی سیستمی بەرگری لەش. AIDS = Acquired Immune Deficiency Syndrome

١: نیشانە باوەکانی نەخۆشی ئەیدز:

ئا: بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەش بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک بەبێ هۆکارێکی زانراوی‌تر.

ب: زگ چوونی درێژخاین بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک بەبێ هۆکارێکی زانراوی تر.

س: کەم بوونی کێشی لەش زیاتر لە ١٠٪ کێشی ئاسایی و زۆر ئارەقەکردن بە شەو.

د: گەورەبوونی گرێ لیمفەکانی لەش.

دیارە ئەو نیشانانە دەست نیشانکەر نین بەڵکوو کاتێک هیچ هۆیەکی دیکە نەبوو بۆ ئەو نیشانانە، ئەو جار بە نیشانەی پەیوەندار بە ئەیدز دادەنرێ.

٢: نیشانە تایبەتی‌یەکان یا جیاکەرەوەکانی نەخۆشی ئەیدز:

ئا: هەبوونی هەوکردنە هەلپەرستەکانی وەک هەوکردنی هەڵپەرستی کەڕووی کۆئەندامی هەناسە، سوورێنچک و ... و، هەوکردنی سیپەلاک و تۆکسۆپلازمای مێشک(toxoplasmosis)).

ب: وەرەم یان گرێی هەڵپەرستی وەک کاپۆسیس سارکۆمای لیمفەکان..

١: مەبەست لەو میکرۆبانەیە کە لە باری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەندروستی ئاساییدا توانای دروست کردنی نەخۆشیان نیە، بەڵام هەر کاتێک بەرگری لەش بەهەر هۆکارێک بەرەو دابەزین چوو، ئەوە ئەو میکرۆبانە کەسەکە تووشی نەخۆشی دەکەن.

**هۆکاری نەخوشیی ئایدز:**

ڤایروسێکی زۆر چووکەیە کە بەبێ میکرۆسکۆپی ئەلیکترۆنی ناتوانرێ ببیندرێ کە پێی دەگوترێ HIV. دوای چوونە نێو لەش، بەرگری لەش کەم دەکاتەوەو لە کاری دەخا.

**مەترسی ئەیدز لەچی دایە؟**

١: زۆربەی هەرە زۆری توش‌بووان لاوان واتە هیزی کارو توانای کۆمەڵن.

٢: تا ئێستاش چارەسەری بن بڕکەرو یەکجارەکی بۆ نەدۆزراوەتەوە.

٣: تا ئێستاش واکسێنی دژی ئەو ویرووسە نیە بۆ خۆ پاراستن.

٤: ساڵانە ژیان لە دوو ملوێن کەس دەستێنی و زیاترلە سێ ملوێن کەس تووش دەکا.

٥: جگە لە لایەنی تەندروستی و زیانی گەورەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و دەروونی ژینگەیی بەجێ دێڵێ لەنێو کۆمەڵگادا.

باری ئێستای بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی ئەیدز لە جیهان‌دا.

هەوکردنی ویروسی"HIV" و نەخۆشیی ئەیدز، پەتایەکی جیهانی‌یە و حاڵەتی تووش بوون لە هەموو وڵاتانی جیهان‌دا تۆمار کراوە.

ئێستا ژمارەی توش بووان دەگاتە زیاتر لە ٤٢ میلیۆن کەس لە جیهان‌دا کە دوو لەسەر سێی ئەم تووش بووانە لە وڵاتانی ئافریقاین. زیاتر لە سەدا پەنجای توش‌بووان لە ڕەگەزی مێینەن. زیاتر لە دوو ملوێن و نیو منداڵ هەڵگری ویرووسەکەن. بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووکان بۆ کاروباری ئەیدز(UNATDS) ڕۆژانە حەوت هەزار کەس ئالودە بەو ویرووسە دەبن.

ساڵانە ژمارەی توش بووان نزیکەی سێ ملوێن کەسە.

ساڵانە ژمارەی مردووان دەگاتە زیاتر لە دوو ملوێن کەس.

**ڕێگاکانی گواستنەوەی ویرووسەکە:**

١) کاری سێکسی نادڵنیا(مەبەست لە کاری ناشەرعی و دوور لە ژیانی هاوسەری و بەبێ بەکارهێنانی کاندۆم) لە گەڵ کەسی توش‌بوو بە ویرووسەکە.

٢) دەرزی و سۆرەنگی پیس بوو بە ویرووسەکە.

٣) خوێن و پێک هاتەکانی ئەگەر پیس بووبێ بە ویروسەکە.

٤) لە دایکەوە بۆ کورپە، ئەگەر دایکەکە هەڵگری ویروسی HIV بێ.

ویروسی HIV بەو ڕێگایانەی خوارەوە ناگوازرێنەوە.

١: پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئاسایی وەک دەست لێ دانەوە، لە باوەش گرتن، ماچ کردن، هەڵس و کەوتی ڕۆژانە لەگەڵ نەخۆش، خواردن و خواردنەوە لەگەڵ کەسی توش بوو.

٢: بەشداربوون لە بەکارهێنانی شوێنە گشتییەکانی وەک دەست شوڕ، ئاودەست، حەمام، مەلەوانگە و تەلەیفوونی گشتی.

٣: لە ڕێگەی مێش و مەگەز.

٤: لە ڕێگەی هەناسە و پشمینەوە.

٥: لە ڕێگەی دەم وەک خواردن و خواردنەوە.

٦: بەکارهێنانی جل و بەرگی بەکارهاتوو.

**خۆ پاراستن:**

گرینگترین ڕێگە بۆ خۆپاراستن بریتییە لە وشیاری. مەبەست لە وشیاری واتە دەستکەوتنی زانیاری لەسەر ویرووسەکە و چۆنیەتی گواستنەوە، خۆپاراستن و پاراستنی کۆمەڵ، چونیەتی هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ کەسی توشبوو بە ڤایرۆسەکە. بەهێزترین چەکی ڕووبەڕووبونەوەی ئەیدز وشیاریە لەبارەی نەخۆشیەکە.

**چارەسەری نەخۆشیی ئەیدز:**

بەداخەوە دەرمانی چارەسەر بنبڕکەر نیە بۆ نەخۆشیی ئەیدز، بەڵام کۆمەڵێک دەرمانی کاریگەر هەن کە بە بەکارهێنانیان دەتوانن لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەی ویرووسەکە لە لەشی کەسی تووشبوو کەم بکەنەوەو بەرگری لەشی بەهێز بکەن، بەوەش نەخۆشەکە دەتوانێ ماوەیەکی زیاتر و درێژترو بە تەندروستی‌یەکی باشتر ژیان بەسەر ببا.

**سەرنج:**

هەروەک خوێنەرانی بەڕێزی گۆڤاری لاوان کەم و زۆر لە ڕۆژنامە، گۆڤار، کتێب، ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن، ماڵپەڕ و کۆڕ و کۆبوونەوەکان سەبارەت بەو نەخۆشی‌یە کوشندیە نووسیویانە و دواون، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵ بێ چارەسەرێکی سەرەکی بۆ نەدۆزراوتەوە، بۆیە پێشنیارم بۆ خوێنەران بە تایبەتی چینی لاو، ئەوەیە دوور بکەونەوە لەو ڕێگایانەی کە مروڤ تووشی ئەو بەڵایە دەکەن و باشترین چارەسەریش هەر ئەوەیە. هەروەها زیاتر گوێ بۆ ئەو بابەتانە ڕاگرتن کە لەو بارەیەوە نووسراون و دەگوترین لە TV یەکانەوە.

سەرچاوە:

جوزوەیەک لە نووسینی د. خالس قادر ئەحمەد




www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژن لە چاو کۆمەڵگای پیاوسالار، ئامێری مندال دروست کردن و پڕکردنەوەی بۆشایی ژیان



سیامەند شێخەپوور

لە کۆمەڵگای پیاو سالارو کۆمەڵگای ئیسلامی و بە تایبەت کۆمەڵگای ئیمەدا، ئەو کێشە کۆمەڵایەتی‌یانە زۆرن کە دەبنە هۆی گرفت بۆ زۆر کەس. بێگومان کەم کەس هەن کە گوێیان لەو وشەیە نەبووبێت. ئەویش بریتی‌یە لە سەودای کچ بە کچ یان هەمان "ژن بە ژنە" کە لە نێو کوردەواری‌دا لە مێژووی دوای هاتنی ئیسلامەوە سەری هەڵ داوەو دەیاردەیەکی گەلێک بەرچاو بووەو زۆریش کەڵکیان لێ وەرگرتووە. هەر ئەو شتە ناحەزو قێزەون و دواکەوتووە بۆتە هۆی زۆر کێشەی گەورە بۆ کولتووری کۆمەڵگەی کوردەواری. ئەو جۆرە بە زۆر بە شوودانەی کچان نە تەنیا ڕەگەزی مێینە بگرە تەنانەت ڕەگەزی نێرینە واتە کوڕیش پێیەوە لە ئازار و ئەزیەت‌دا لە گەڵ کەسێک کە نەی دیوەو نەی ناسیوە ژیانی هاوبەشی پێک هێناوە کە ئەویش زیاتر لە قازانجی بنەماڵە و خێڵ و عەشیرە دابووە. بەداخەوە هەر بەبێ هیچ جۆرە مەرجێکی پێش وەخت و تێگەیشتن لە بابەتەکە لە نێوان دوو لایەندا ئەو کچەی لەگەڵ ئەو کوڕەدا پێش ئەوەی یەکتر ببینن یان قسەش لەگەڵ یەکدا بکەن، ئەوە لە لایەن بنەماڵەیەوە قسەی لەسەر کراوە یان بە ڕەزامەندی کەسێکی نزیک کە پێشتر هەموو زەمینەیەکی بۆ ئامادە کردووە.

کورتەیەک لە سەر ڕوودانی ژن بە ژنە:

سەودای کچ بە کچ بەم جۆرەیە: کە زۆرتر لە نێوان خزم بۆ خزم وەک کچە مام، خاڵ، پوور بۆ کوڕە مام، خاڵ، پوور یان بە پێچەوانەوە. یان بە جۆرێکی دیکەش دەتوانین بڵێین کە لە نێوان خێل بۆ خێل یان عەشیرە بۆ عەشیرەت دایە. جۆرێکی دیکە لە ژن بە ژنە کە ئەوەیان هەر لە گەڵ هیچ کولتوورو داب و نەریت و یاسایەک ناگونجێت، گەورە بە چووکەیە کە ئەوەیان هەر بۆ هەر دوولا ناڕوونە و داهاتوویەکی باش و ژیانێکی پڕ لە زەلالەت و تاڵی بۆ ئەو کەسانە بە دواوە دەبێت. ئەوەش بەم جۆرەیە کاتێک کە یەکێک لە گەورەکانی بنەماڵە بە ڕێکەوت ڕێگای کەوتۆتە ماڵێکی کچدار، هەر کە چاوی بە کچە دەکەوێت، بەبێ لەبەر چاوگرتنی مافی ئەو چوار کەسەی بەرامبەر کە تەنانەت هیچ لایەکیان بگرە ئاگاداریش نین ئەوە خۆیان دەی بڕن و دەی دروون و ژیانی چوار کەسان دەخەنە زەلالەتی‌یەوە. لێرەدا زۆر لە کچەکان یان کوڕەکان هەر نازانن ژیان کردن لەگەڵ یەکتردا یان باشترە وا بڵێین کە ژیانی هاوسەرگیری چی‌یە، لەلایەن باوکی یان براکانیەوە قسەیان بۆ کراوە. دوایە ئەو چوارە واتە ئەو دوو کوڕە یان دوو کچە هەست بەوە دەکەن زۆریان لا سەیر دەبێت، کە هەتا ئەو کاتە فکریان لەو شتە نەکردۆتەوە، بۆیە ئەوکات کە هەست بەو کارە ناحەزە دەکەن هەر چوار دەڵێن ئێمە قەت بەو کارە ڕازی نابین، چونکە ئەوە ئێمەین ژیان لەگەڵ یەکتردا دەکەین چۆن دەتوانن شتی وا بکەن. چۆن ویژدانتان ئەوە قەبووڵ دەکات کە چوار کەس لەیەک ڕۆژدا بکەنە قوربانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داب و نەریت. پاشان دەڵێن تازە حەیبە
من باوکتانم قسەم لە گەڵ ئەو ماڵە کردوە
زۆر ماڵی باشن بەبێ ئەوەی کە بیر لە
داهاتووی ئەو کارە بکەنەوە هەر لەسەر
قسەی خۆی سوور دەبێت و دەڵێ کەس
بۆی نیە قسە لە قسەی مندا بکات، پیاو
قسە دەکەن خۆ قوماری مندالان نیە. زۆر
بەداخەوە وابیر دەکاتەوە کە ئەو قسەی
کردوە ئیتر ئایەتی قورئانە و هەرگیز نابێت
بگۆڕێت. هەر بیر لە دوژمنایەتی دوایی
ناکاتەوەو زۆر بەداخەوە لە ماوەیەکی زۆر
کەمدا ئەو قسەیەی خۆی دەباتە سەر.
ئەو کورو کچانەیان بەبێ ڕەزامەندی
هیچیان لە یەکیان مارە دەکەن و ژیانیان
دەخەن دلەڕاوکێ و مەترسی‌یەکی زۆرەوە.
هەمووشمان باش دەزانین کە ژن بە ژنە
وەک دیاردەیەکی ڕیشەدار و خاوەن
مێژوویەکی دووروردرێژە لە کولتووری
کوردەواری‌دا تا ئێستاش بوونی هەیە کە
لەم حاڵەتەدا بەس تەنیا کچان و ژنان
دەگرێتەوە بەبێ لەبەر چاوگرتنی هیچ
ڕێزێک بۆ ئەوان وەکوو ڕەگەزی ژن.
بێگومان ئەو کارەش کە لەلایەن پیاوانی
خاوەن دەسەلاتی عەشیرەیی یان یاسای
خێزانەوە ئەنجام دەدرێت و هیچ پرس و
ڕایەکیش بە ژنان و کچان ناکرێت و پێیان
خۆش بێت یان ناخۆش، دەبێت بڕیاری
پیاوی خێزان و دەسەلات قەبووڵ بکەن
و بەردەوامیش ئەو جۆرە کارە ناحەزانە
کاردانەوەی زۆر خراپیان لێ دەکەوێتەوە
یان زۆر جار کارەساتی دڵتەزێنی لێ
ڕوودەدات، چونکە زۆر مەحاڵە چوار کەس
وەک یەکتر بیریان هەبێت یان دوو ژن
لە یەک کاتدا هەمان بیرو بۆچوونیان
هەبێت، لەم حاڵەتەشدا کێشە دەکەوێتە
نێوان خیزانەکەوە کە ئاکامەکەی لێک
جیابوونەوەو تەلاقە. بەداخەوە زۆربەی ئەو
کەسانەی کە دەبنە قوربانی ئەو داب و
نەریتە بە زۆری لە تەمەنی لاوی دان.

## وانەی ژیان:

شێخێک گوتی:
وەڵامی چوار کەسان دایان چڵەکاندم.

ئەلف: پیاو خراپێک لە پەنامەوە ڕەت بوو و منیش سووچی عاباکەم کۆکردەوە تا ویی نەکەوێ. کەچی گوتی:

یا شێخ خوا دەزانێ کە دوارۆژ حاڵمان چۆن دەبێ!

....................................................................

ب: سەرخۆشێکم دیی بە لاترە لاتر دەڕۆی بەڕێ دا. پێم گوت:
ــــ باش بەرۆ بەڕێ دا با نەکەوی.
گوتی:
ــــ تۆ بەو هەموو ئیددیعایەتەوە ڕاست دەڕۆی بەڕێ دا؟!

......................................................................

ج: منداڵێکم دیی کە چرایەکی بە دەستەوەیە.
گوتم:
ــــ ئەم ڕووناکاییەت لە کوێ هێنا؟
منداڵەکە فوویەکی لە چراکە کرد و کوژاندیەوەو گوتی:
ــــ تۆ کە شێخی ئەم ناوەی، بڵێ کە ئەم ڕووناکایی‌یە چی لێ هات؟!

......................................................................

د: ژنێکی زۆر جوان کە لە گەڵ مێردەکەی بە شەڕ هات بوون هاتە لام و شکایەتی لێ کرد.
گوتم:
ــــ سەرەتا خۆت داپۆشە و دوایە قسەم لەگەڵ بکە.
گوتی:
ــــ من هێندە لەنێو خۆم دام کە ئاگام لە خۆشم نیە، تۆ چۆن هێندە چوویتە نێو ئەوین و خۆشەویستی خواوە کە ترست لە چاو لێ کردنێک هەیە؟!

و: خاڵی مەهسا

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# یەکیەتی لاوانی دیموکراتی رۆژهەلاتی کوردستان فیستیڤالێکی هونەری شانۆی بۆ مندالان پێک هێنا

رێکەوتی ٢٧١١/٦/٢٦ی کوردی کات ژمیر ٣/٥ی دوانیوەرۆ بەشی ئاموزشی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەلاتی کوردستان فێستیڤالێکی شانۆکاری بۆ مندالانی کەمپەکانی ئازادی، زەویەسپی و ئامیریە لە سالۆنی گشتیی بۆنەو رێ و رەسمەکانی حیزب سازکرد و بەبەشداریی بێ وێنەی خەلک فەزای بەرنامەکە گەرم وگورتر ببوو. جێگای ئاماژەیە کە ئەم بەرنامەیە بە سەرپەرشتی کاک هێرش ئەحمەدی مامۆستای هونەری شانۆکاری و جێگری بەشی ئاموزشی یەکیەتی لاوان بەرێوەچوو.

بەرنامەکە چەندین بەشی جۆراجۆریشانۆی کوردی و هەندێک بابەتی وەک کێبەرکێ و پرسیارو وەلامی لە خۆی گرتبوو کە برگەکانی بەرنامەکە بەم جۆرە دارێژرا بوون.

**١) شانۆی موزیکالٚ زانا**
**٢) کێبەرکێی ماست خواردن.**
**٣) شانۆی گورگ و رێوی.**
**٤) کێبەرکێی پرسیارو وەلام.**
**٥) شانۆی شێر و کۆتر.**
**٦) کێبەرکێی تێپەربوون لەبەر دەست.**
**٧) شانۆی دزو بنەمالەی کەریم.**
**٨) شانۆی پێشکەشکارو هونەرمەندەکان.**
**٩) شانۆی موزیکالٚ و هونەرمەندانی .......**

لە بەشی کۆتایی دا دەست خۆشانە لە مامۆستای داهێنەرو هەموو بەشدارانی فێستیڤالەکە کراو کۆمەلێکی بەرچاو لە بەشداران خەلات کران. شایانی باسە کە ئەم بەرنامەیە ٢کات ژمێری خایاند



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

## کورتەیەک لە سەر شانۆ

بێ شک کە شانۆ لەناو گەل و نەتەوەکانی دونیادا خاوەن شوێن و پێگەیەکی تایبەتە و گرنگی شانۆش لەنێو ئەو نەتەوانەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوەو بەم جۆرە پێناسەی بۆ دەکرێت کە شانۆ لە نێو هەر نەتەوەیەک سیمای فەرهەنگی، مێژوویی، هونەری و دەرد و خەم و شادی و خۆشی ئەو گەلە پێشان دەدات. کەواتە دەتوانین بڵێین کە شانۆ سیمای راستی گەلە. ئێمەش وەک نەتەوەی کورد خاوەن بیرۆکەیەکی زۆر لە مێژینە و دوورو درێژین لە داهێنان و هونەر و بەڕێوەچوون و پێشاندانی بەرهەمی شانۆکاری. هەڵبەت جێگەی خۆیەتی کە لێرەدا ئەوەش باس بکەین کە زۆر گەل و نەتەوە ئەمڕۆ لاسایی نەتەوەی کورد دەکەنەوەو بەرهەم و کەلەپوور و هەندێک بۆنەو مەراسمی گەلی کورد بە هی خۆیان دەزانن. نەتەوەی کورد یەکەم نەتەوەی ناوچەکە دێتە ئەژمار و خاوەنی مێژوویەکی شارستانیەتی کۆنە، دەتوانین بڵێین کە یەکەم قۆناخی شارستانیەت و گەشەکردنی هزری و بیرو پەروەردەیی لە ناوچەکە لەنێو گەلی کورددا سەری هەڵ داوە. لە دوای هەمووی ئەوانەش نەتەوەی کورد توانیویەتی ببێت بە یەکەم نەتەوەی کۆنی ناوچەکە کە خاوەنی یەکەم دەوڵەتی سەربەخۆو تا رادەیەکی زۆریش توانیویەتی ئیمپراتۆرپایەکی بەهێز دابمەزرێنێ کە چەندین گەل و نەتەوەی ناوچەکەشی لە ژێر چوارچێوەی هەژموونی دەسەڵاتی خۆیدا جێگیر بکات. ئەگەر نەتەوەی کورد خاوەنی دیرۆکەیەکی کۆنە، بەڵام بە درێژایی مێژوو لە نێوان دەسەڵاتەکاندا دەستاودەست و سەودای پێ کراوەو تەنانەت لە هەموو لایەکیشەوە هەر دژایەتی کراوەو فەرهەنگ و هونەرو کلتوورو کەلەپوور و ڕەسەنایەتی و شانۆشی لێ زەوت کراوە یان لێیان بە تاڵان بردوە.

ئازاد:محەممەدزادە




## بەشداری کردنی هەیئەتێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ڕۆژی هونەر لە شاری کۆیە.

هەموو ساڵێک لە شاری کۆیە یادی هونەرمەندی گەورەی کۆیە تاهیر تۆفیق دەکرێتەوەو ئەم ڕۆژەش لە شاری کۆیە بە ڕۆژی هونەر ناسراوە. ئەم ساڵ لەم چوارچێوەیەدا فێستیڤاڵێکی شایستە ڕێکخرا کە دوو ڕۆژ بەردەوام بوو(٢٠ تا٢٠١١/١٠/٢١) و تێیدا چەندین هونەرمەندو تیپی بەرچاوی هەر چوار پارچەی کوردستان تێیدا بەشدار بوون و چەند باس و لێکۆڵینەوەو گۆرانی پێشکەش کران. ئەوەی شایانی باسە کە ئەندامانی یەکیەتی لاوانیش هاوکار لەگەڵ تیپی باواجی کۆیەدا نەخشی بەرچاویان هەبوو لەم ساڵیادەدا.

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سەردانی گەنجانی وڵات پارێزی باشووری کوردستان و گۆڤاری هاودەم




ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی **٢٠١١/٩/٢٣** بەرامبەر بە **١**ی ڕەزبەری **٢٧١١**ی کوردی، ڕێکخراوی گەنجانی وڵات پارێزی باشووری کوردستان و گۆڤاری هاودەم سەردانی بنکەی کومیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کرد. لە لایەن مەنسوور سەممار سکرتێری گشتی و سمکۆ عوسمانی ئەندامی کومیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتی لاوان و سەیدجەلال ساڵحی سەرنووسەری گۆڤاری لاوان و کاک سیروان مووساپوور و وریا ساڵح زادە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەوە پێشوازی لە هەیئەتی میوان کرا کە پێک هاتبوون لە بەڕێزان: عەتا محەممەد عەبدوڵلا و عەبدول جەمیل نووری ئەندامانی کارای ڕێکخراوی وڵات پارێزی باشووری کورستان و ئازاد محەممەد حەمە مەولوود ستاقی کارای گۆڤاری هاودەمەوە کرا.

لەم دیدارو چاوپێکەوتنە دۆستانەیەدا سەرەتا باس لەسەر کارو تێکۆشانی هەردوو ڕێکخراو کراو پێناسەیەکی کورتیش لەسەر گۆڤاری لاوان و هاودەم کرا و وەزعیەتی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئاستەنگەکانی باس کرا. لە کۆتایی ئەم چاوپێکەوتنە کە زیاتر لە سێ کات ژمێری خایاند، هەردوو لا پێداگریان لەسەر چاوپێکەوتن و کاری هاوبەش لەگەڵ یەکتر کردەوە.

---



لە چوارچێوەی چالاکی‌یەکانی بەشی وەرزشی ئاموزشی یەکیەتی لاوان بەشداری کردنی تیمی فوتساڵی یەکیەتی لاوان لە پێشبڕکێ‌یەکی فوتساڵ بوو کە لە سنووری شاری کۆیە پێک هاتبوو.

ئەوەی شایانی باسە کە لەم پێشبڕکێ‌یەدا زیاتر لە **٣٦** تیم لە هەموو ئاستە جیاوازەکاندا بەشدار بوون کە یاریەکان بەشێوەی تەک حەزفی بەڕێوە چوون تاکوو کۆتایی دەورەکە. تیمی یەکیەتی لاوان کە نوێنەرایەتی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەکرد، توانی بەشێوەیەکی بەرچاو خۆی نیشان بدات و تاکوو قۆناغی چوار تیمی بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە چووە پێشەوە، بەڵام لەبەر بەهێزی تیمەکان تەنیا توانی پلەی چوارەم بۆخۆی مسۆگەر بکات.

شایانی باسە کە ئەم دەورەیە لە مانگی خەزەڵوەردا دەستی پێ کردو لە مانگی سەرماوەزدا کۆتایی پێ هات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# بەشداری یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆڕی کۆمەڵەی ئاوەدان کردنەوەی کۆیە



ئێوارەی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٠ی سەرماوەزی ١٣٩٠ی هەتاوی (١١ی دیسامبەری ٢٠١١) لە لایەن (کۆمەڵەی ئاوەدان کردنەوە ـــ کۆیە)، کۆڕێک لە ژێر ناونیشانی "پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی ئێستای کۆیە، کێشە و ئاسۆکانی چارەسەر کردن" بۆ بەڕێز د. ناسر سیمایی مامۆستای دەرون ناسی لە زانکۆی کۆیە ئامادە کرا.

لەم کۆڕەدا د. ناسر سیمایی تیشکی خستە سەر دۆخ و پێکەوە ژیانی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی کۆیە لە سەر بناغەی بە ئاشتی و تەبایی پێکەوە ژیانیان و دروست بوونی خزمایەتی لە نێوانیان دا. لە گەڵ ئەوەی لە کۆڕەکەدا ژمارەیەک کەسایەتی و لایەنی سیاسی، یەک لەوانەش یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادە بوون، دیارە شلێر مەحموودی و مریەم عەبدولی وەک یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشدار بوون. بەڵام بەشێکی بەرچاوی پێکهاتەکانی کۆیە بەرچاو نەدەکەوتن کە بووە مایەی نیگەرانی کۆڕگێڕ.

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# بە شداری هەیئەتێکی یەکیەتی لاوان لە پێشانگای سۆزی دایک لە شاری کۆیە

پاش نیوەڕۆی رۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٣٩٠،٩،٢٠ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٠١١،١٢،١١ی زایینی، کات ژمێر دوو و نیو لە هۆڵی نەجیبە خان لە شاری کۆیە پێشانگایەک لە لایەن یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان لە سەر پێگە و کەسایەتیی دایک کرابۆوە. لەم پێشانگایەدا سۆزی دایکی کورد لە وێنەی جۆراوجۆردا نمایش کرابوو. هەروەها لە نمایش کردنی وێنەی دایک، زمان و نەژادی جۆراوجۆری ئەورووپی و ئەفریقایی لەخۆدەگرت. لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی رۆژهەلاتی کوردستانەوە وەفدێک کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان: سیامەند شێخەپوور، ڕێبوار مەعرووف زادە، جەماڵ ئەکبەری و عومەر ئەسپندار لەو پێشانگایەدا بەشداریان کرد.



سەرجەم ئەندامان و لایەنگران و دڵسۆزانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاگادار دەکەینەوە کە شەشەم کۆنگرەی یەکیەتیەکەمان لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا دەبەسترێ. لە پەیوەندی لەگەڵ کۆنگرەی لاوان دەتوانن بە ناردنی پێشنیار و زانیاری بە کەڵك لەسەر لاوان یا هەر بابەتێك کە پەیوەندی بە لاوان و یەکیەتیەکەمانەوە هەبێ، کۆنگرەکەمانی پێ دەوڵەمەندتر بکەن. لە بابەت هاوکاری و بەدەنگەوە هاتنمانەوە ڕێزو خۆشەویستی ئێمە قەبوول بفەرموون. دەتوانن لە ڕێگەی ئەم ئادرەسانەی خوارەوە پێشنیارو زانیاریەکانتان بنێرن.

mansur_samar@yahoo.com

kongra٦@yahoo.com

لەگەڵ ڕێزی:

کومیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی ٦ی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان








www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی هاوبەشی

# یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
# و
# یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان

# بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان

جەماوەری نیشتمانپەروەری کوردستان!

پێشمەرگە خۆشەویستەکانی کوردستان!

لەلایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان، گەرمترین و شۆڕشگێڕانەترین پیرۆزباییەکانی خۆمان بەبۆنەی ئەم ڕۆژە پیرۆزەوە پێشکەشی ئێوەو هەموو ئەویندارانی ڕێبازی پڕ لە سەروەری و ڕزگاری و ئازادی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین.

لە بارەی فەلسفەو «جەوهەری وجودی» پێک هاتنی هێزی پێشمەرگەوە دەتوانین بڵێین کە ئەم نێوە پڕ نێوەڕۆکە لەسەر بنەما و ئەساسی هزرێکی نەتەوەیی و پێویستییەکی مێژوویی هاتۆتە ئاراوەو ئەگەرچی بەستێنی سەرهەڵدانی ئەم نێوە و سەرەتای دروست بوونی ئەم هێزە، ناوچەیەکی بەرتەسکی جۆغڕافیایی دەگرێتەوە کە لە ژێر حوکمڕانی یەکەم کۆماری کوردی»واتە کۆماری کوردستان « دایە، بەڵام لەسەر ئەساسی ئەم هزرە نەتەوەییە کە بناغە داڕێژ و داهێنەری ئەم نێوەو دامەزرانی ئەم هێزە بووە، هێزێک بەنێوی هێزی پێشمەرگە لە سەراسەری کوردستان پێک دێ کە لە نێو گۆڕەپانی پڕاگماتیسمی شۆڕشگێڕی دا و لەبست بەبستی خاکی پیرۆزی نیشتمانی دابەش کراو و لە پێناو پاراستنی ڕەوای گەلەکەمان دا، بەدەیان و بگرە سەدان داستانی سەروەری و قارەمانەتی لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان دا تۆمار دەکا.

لە پڕۆسەی خەباتی نەتەوەیی کورد دا کە چەندین دەیەی تێپەراندووەو لەکاروانی نەپساوەی خەباتی پێشمەرگایەتی دا، دوو توێژی لاوان و ژنانی کورد سەڕەرای هەموو ئاستەنگەکانی کلتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی سەر ڕێگایان، بەردەوام وەک خوێنی زیندوو و دینامیزمی ئەم خەباتە ڕۆڵیان گێڕاوەو لە مەیدانی پڕاکتیک و کردەوەش دا ئەم دوو توێژە هەموو کات وزەو هێزی نوێیان بەهێزی پێشمەرگەو خەباتی پێشمەرگانە بەخشیوەو بە دڵنیاییەوە لە داهاتووی خەباتی ماف خوازانەی گەلەکەمان داو تا وەدی هاتنی ئامانجەکانی بزووتنەوەی میللی ـ دێموکڕاتیکی کورد و تەنانەت دوای پڕۆسەی ڕزگاریش، هیچ هێزێک ناتوانێ کاریگەری لاوان و ژنان و ڕۆڵی ئەم دوو توێژەی گرینگی کۆمەڵگا لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و ئێران دا کەم ڕەنگ بکاتەوە.

وەکوو هەردوو ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان داواکاریمان لە خەڵکی خۆڕاگری ڕۆژهەڵات ئەوەیە کە ئەم ڕۆژە پیرۆزە وەک ساڵانی ڕابردوو بکەن بەهەوێنی پەرەپێدانی خەباتی شوناس خوازی و ماف خوازی لە کوردستان.

سڵاو لە ٢٦ی سەماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان

سڵاو لە پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




# LAWAN

The Organ Democratic Youth Uonion of the Kurdistan

No: 44 December 2011

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org